# ڕووداو RÛDAW

ژمارە (468) دووشەممە 2017/8/7 - 16ی خەرمانان 2717 (750) دینار


## دوو ساڵ بوو چەقۆیەکیان لە جەستەیدا جێهێشتبوو

**ڕووداو – کەرکووک**

دانیار کە گەنجێکی تەمەن 18 ساڵی خەڵکی کەرکووکە، لە ئایاری 2015 دەدرێتە بەر چەقۆ و دواتر دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی ئازادیی کەرکووک و لەوێ چارەسەری برینەکانی دەکەن، بەڵام دەمە چەقۆیەک کە درێژییەکەی نۆ سانتیمەتر بووە، لە پشتیدا بەجێدەهێڵن و برینەکەی بۆ دەدوورنەوە.

دانیار لەوکاتەوە بەدەست ئازاری پشتییەوە دەیناڵاند. چەند جارێک سەردانی پزیشکەکەی دەکات و ئەشیعەی بۆ دەگرن. خۆی دەڵێت "لە ئەشیعەکەدا شوێنی چەقۆکە بە روونی دەبینرا، بەڵام پزیشکەکە دەیگوت ئەوە ماسولکەتە کە بڕاوە و شێوەی چەقۆ دەدات".

دوو مانگ دوای ئەو ڕووداوە، بەڕێی قاچاخ خۆی دەگەیەنێتە ئەڵمانیا و لەوێ کە ئازارەکەی پشتی تینی بۆ دێنێ، سەردانی پزیشک دەکات.

دانیار دەڵێت "پزیشکەکە داوای ئەشیعەی سنگی لێکردم، دوای نیو کاژێر بانگی کردم و گوتی شتێکی نامۆ لەناو جەستەتدایە".

کاتێک ئەشیعەکە دەبینێ، تووشی شۆک دەبێ، دانیار دەڵێت: "کە ئەشیعەکەم بینی سەرم سوڕما، دەرکەوت چەقۆیەک لە جەستەمدایە کە دوو ساڵ و دوو مانگ بەر لە ئێستا لێمدرابوو".

ڕۆژی 2017/7/31 نەشتەرگەری بۆ دانیار دەکرێ و دوای سێ کاژێر پزیشکەکان چەقۆیەک لە پشتی دەردەهێنن.

2»

## تێچووی ڕۆژانەی ئاوی خواردنەوە لە کوردستان 800 ملیۆن دینارە

4

**پیتەر گالبرێت:**

## دواخستنی گشتپرسی کارێکی گەمژانەیە

14



**عەبدولستار مەجید:**

## ئێمە لەگەڵ "نەخێر بۆ گشتپرسی" نین

5

## بەنگلادیشی و عەرەبی سوننە چارەنووسی خۆیان داوەتە دەست قاچاخچیی کورد




7»

# قاچاخچیی کورد ئەندامانی داعش ئاودیوی تورکیا دەکەن

بەڕێوەبەری ئاسایشی مێرگەسۆر

**نەفەری وامان گرتووە چەکداری داعش بووە**



## گۆڕان پێش کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی گەرەنتی دەوێ

3»

**ڕاپۆرتە هەواڵ** 2

### جەندرمە ناهێڵن لازم بگەڕێتەوە کوردستان



**ئابووری** 8

### 40%ی کارگەکانی کوردستان بەگەڕدەخرێنەوە

**کۆمەڵایەتی** 13

### نەیانهێشت بچێتە ئەورووپا، خۆی خنکاند



**تەندروستی** 15

### حیجاب لە سلێمانی 27 ژنی ڕەوانەی نەخۆشخانە کردووە



راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (468) - دووشەممە 2017/8/7





## 200 خێزان دەگەڕێنەوە گولاڵە

**ڕووداو- سەعدیە**

200 خێزانی ئاوارە گەڕانەوە شارۆچکەی سەعدیە، خێزانەکان کورد، عەرەب و تورکمانن و هەر ماڵە ئاوارەیەک بۆ (ڕووداو) قسەی کردووە داوای خزمەتگوزاری، قەرەبووکردنەوە و پاراستنی ئاسایشی سەعدیە دەکات. لایەنە حکومییەکان رایانگەیاند، گەڕانەوەی بەلێشاوی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی خۆیان بەردەوامە و هەموو جۆرە ئاسانکارییەک دەکەن بۆ ئەوەی تەواوی خێزانە ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵیان و کەیسەکە بۆ یەکجارەکی کۆتایی پێبێت. موسەننا ئەلتەمیمی، پارێزگاری دیالە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند "کاروانێکی دیکەی سەنتەری شارۆچکەی سەعدیە گەڕانەوە و تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەمیان لێ ماوە. لە چەند ڕۆژانی داهاتوودا هەموویان دەگەڕێنەوە".

## پزیشکانی ئەڵمانیا بە نەشتەرگەری دەریانهێنا

# دوو ساڵ بوو چەقۆیەکی گەورە لەناو جەستەیدا بوو

لە ئەشیعەکەدا شوێنی چەقۆکە دەبینرا، بەڵام پزیشکەکە دەیگوت ئەوە ماسولکەیە و شێوەی چەقۆ دەدات

دانیار



**ڕووداو- کەرکووک**

کاتێک دانیار دەدرێتە بەر چەقۆ و دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی ئازادیی کەرکووک، بۆ ماوەی نیو کاژێر بە بیانووی نەبوونی پەڕاوی پۆلیس دەهێڵدرێتەوە، پاشان چارەسەری برینەکەی بۆ دەکەن و تیشکی بۆ دەگرن و دەڵێن هیچ کێشەی نییە و برینەکەی دەدوورنەوە، بەڵام دواتر دەردەکەوێ کە چەقۆیەک لە پشتیدا بەجێماوە.

دانیاری تەمەن 18 ساڵ، وەک خۆی باسی دەکات لە مانگی ئایاری 2015 تووشی ئەو ڕووداوە بووە. دانیار بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی ئازاری پشتمەوە دەمناڵاند، پزیشکەکان دەیانگوت چارەسەرت بۆ ناکەین تاوەکو پەڕاوی پۆلیس نەهێنی، دواتر هەرچۆنێک بێت برینەکەیان بۆ دووریمەوە، دواتر ئەشیعەیان بۆ گرتم، لە ئەشیعەکەدا شوێنی چەقۆکە بە ڕوونی دەبینرا، بەڵام پزیشکەکە دەیگوت ئەوە ماسولکەتە کە بڕاوە و شێوەی چەقۆ دەدات".

دانیار دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە و دواتر پزیشک ئیزنی دا بچێتەوە ماڵەوە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ هەست بە ئازاری زیاتر دەکات. دانیار دەڵێت: "دوو مانگ بوو بە دەست ئازاری برینەکەمەوە دەمناڵاند، چەند جارێک سەردانی نەخۆشخانەم کرد، دەیانگوت ئازارەکەت بەهۆی بەرکەوتنی چەقۆکەوەیە، شتێکی ئاساییە"



دوو مانگ دوای ئەو ڕووداوە، دانیار بە گەشتێک دەچێتە ئیستانبوڵ، لەوێوە وەکو گەنجانی دیکەی ئەم وڵاتە بە ڕێگەی نایاسایی خۆی دەگەیێنێتە ئەڵمانیا و لە شاری کۆڵن دەگیرسێتەوە.

دانیار دەڵێت: "بەردەوام ئازاری پشتم هەبووە، تاوەکو لە مانگی تەمووزی ئەمساڵدا کار گەیشتە ئەوەی تەنگەنەفەس دەبووم، ئازار و تەنگەنەفەسی زۆری بۆ هێنام، سەردانی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری کۆڵنم کرد، پزیشکی نەخۆشخانەکە داوای ئەشیعەی سنگی لێکردم، دوای نیو کاژێر پزیشکەکە بانگی کردم و گوتی شتێکی نامۆ لەناو جەستەتدایە".

کاتێک دانیار ئەشیعەکە دەبینێ، تووشی شۆک دەبێ، دانیار دەڵێت: "کە ئەشیعەکەم بینی سەرم سوڕما، دەرکەوت چەقۆیەک لە جەستەمدایە کە دوو ساڵ و دوو مانگ بەر لە ئێستا لێمدرابوو".

پزیشکەکانی دانیار بۆ دڵنیابوونەوە لە تەنە نامۆکەی نێو جەستەی، بە ئامێریکی پێشکەوتووتر وێنەی دەگرن، دواتر بڕیاری نەشتەرگەری بۆ دەدەن.

ڕۆژی 2017/7/31 نەشتەرگەری بۆ دانیار دەکرێ و دوای سێ کاژێر پزیشکەکان دەمە چەقۆیەک لە جەستەی دەردەهێنن کە درێژییەکەی نۆ سانتیمەتر بوو.

## 40 ڕۆژ لە دەستی داعش ڕزگارکراوە

# جەندرمەی تورک ناهێڵن منداڵێکی کوردی ئێزدی بگەڕێتەوە کوردستان

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

دوای هەوڵێکی زۆر، 40 ڕۆژ لەمەوبەر لازم لە ڕێگەی قاچاخچییەکەوە بە 8000 دۆلار لە چەکدارانی داعش کڕدرایەوە، بەڵام بەر لەوەی بگاتەوە هەرێمی کوردستان، لە شرنەخ لەلایەن سوپای تورکیاوە دەستگیر دەکرێ و بە باوکی دەڵێن ئەوە کوڕی تۆ نییە.

لازم قاسم لەگەڵ دایک و باوکی و پێنج خوشک و برای، لە ڕۆژی سێی ئابی 2014 لە گوندی کۆچۆ کەوتنە دەست چەکدارانی داعش. هەر زوو باوکیان لێیان جیاکرایەوە و برانە دەرەوەی گوند و دەستڕێژی گوللەیان لێکرا، باوکی لازم کە بە سەختی بریندار ببوو، دواتر توانی خۆی ڕزگار بکات و بگاتە چیای شنگال.

قاسم عەبدۆ دەڵێت هیچ ئومێدی نەمابوو جارێکی دیکە خێزانەکەی بە زیندوویی ببینێتەوە، بەڵام دوای چوار مانگ دوو کوڕەکانی ڕزگار کران. ئەوان زانیارییان هەبوو کە لازم و دایکی و خوشکەکانی لە تەلعەفەرن.

بەپێی زانیارییەکانی قاسم، تاوەکوو شەش مانگ لەمەوبەریش لازم لە تەلعەفەر بوو، پاشان ڕەوانەی سووریا کرابوو. باوکی لازم دەڵێت: "کچێکی گوندەکەمان سێ مانگ پێش ئێستا ڕزگار کرا. ئەو گوتی لازم و دایکی لە سووریا بوون. منیش دەستم بە پەیوەندی کرد لەگەڵ ئەوانەی کاری ڕزگارکردنی کوردی ئێزدی دەکەن، دواتر وێنەی لازمیان بۆ ناردم، پێشانی ئەو کچەم دا کە ڕزگاربووبوو، گوتی بەڵێ ئەوە خۆیەتی".

قاچاخچییەکان لە سووریا داوای هەشت هەزار دۆلار لە قاسم دەکەن لە بەرامبەر ڕزگارکردنی کوڕەکەی. باوکی لازم دوای هەوڵێکی زۆر توانی پێنج هەزار دۆلار کۆبکاتەوە، قاسم دەڵێت "بە قاچاخچیم گوت تەنیا پێنج هەزار دۆلارم هەیە، گوتی کێشە نییە ئەو پێنج هەزار دۆلارە بنێرە، دوای ڕزگارکردنی لازم سێ هەزار دۆلارمان بۆ پەیدا بکە".

قاچاخچییەکان کوڕەکەی قاسم لە دەستی داعش ڕزگار دەکەن و دەیهێننە تورکیا، قاسمیش دەچێتە تورکیا بۆ بینینی کوڕەکەی. قاسم باسی ئەو چرکەساتە دەکات کە کوڕەکەی بینیوە و دەڵێت: "کە بینیم توند توند لە باوەشم کرد، هەردووکمان زۆر گریاین. زمانی کوردی بە باشی بیر نەمابوو، چونکە کە داعش ڕفاندی تەمەنی تەنیا سێ ساڵ بوو، لە تەلعەفەر لە ماڵێکی تورکمان بووە، بە تورکمانی قسەی دەکرد". بەڵام خۆشییەکەی قاسم هەر هەتا سەر سنوور بەردەوام بوو، کاتێک ویستیان بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، لەلایەن سوپای تورکیاوە لە ئۆتۆمبێل دەهێندرێنە خوارەوە و لێی دەپرسن ئەوە چی تۆیە، ئەویش دەڵێ کوڕمە، بەڵام سەربازەکان باوەڕ پێناکەن و دەڵێن دەبێ پشکنینتان بۆ بکرێ. قاسم دەڵێت: "هاوارم کرد، جەندرمەیەکی تورک لێیدام و کوڕەکەیان لێسەندم و بردیان".

قاسم لەگەڵ جەندرمەکان دەچنە نەخۆشخانەیەکی شاری شرنەخ و لەوێ پشکنین بۆ خۆی و کوڕەکەی دەکرێ، بەڵام قاسم دەڵێت تاوەکو ئێستا دوو جار چووەتە شرنەخ و هێشتا ئەنجامی پشکنینەکانی دەرنەچوون.

قاسم هیچ شتێک لەبارەی هاوژینەکەی و دوو کچەکەی نازانێ، بەڵام دەڵێت برینی لازم لە هەموویان بەسوێترە، چونکە دڵنیایە لەوەی زیندووە، بەڵام ناهێڵن پێی شادبێتەوە. ئەو داوا لە دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات هەرچی زووە خەمێک لە کوڕەکەی بخۆن".



لازم لەگەڵ براکەی لە شرنەخ

# 50 کەسی سڤیل لە شنگال کوژراون و بکوژەکانیان دیار نین



گرووپی مافیا لە ئێران و تورکیا و سووریاوە هاتوونەتە شنگال

بەڕێوەبەری ناحیەی سنونێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

کوشتنی گەنجێک و بریندارکردنی یەکێکی دیکە لە خانەسۆر کاردانەوەی عەشایری بەدوای خۆیدا هێنا، خزمێکی ئەو دوو گەنجە دەڵێت دەزانین بریندارەکەی ئێمە لە نەخۆشخانەی حەسەکەیە و ڕەوشی خراپە، بەرپرسی ئاسایشی ڕۆژئاوای دیجلەش دەڵێ هەتا ئێستا دیار نییە کێ ئەو کارەی کردووە.

بەپێی بەدواداچوونی ڕووداو، لە دوای ڕزگارکردنی شنگالەوە تا ئێستا 50 کەسی سڤیل لە شنگال و دەوروبەری لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کوژران.

کاژێر شەشی ئێوارەی 2017/8/3 لە کۆمەڵگای خانەسۆری سەر بە ناحیەی سنونێ کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سەر بە پەکەکەدایە، تەقە لە ئۆتۆمبێلی دوو کەسی دانیشتووی زوممار کرا، کەسێک بەناوی فارس نەواف گیانی لەدەستدا کەسێکی دیکەش بەناوی خزر عەزیز بریندار بوو.

شێخ محەمەد عەلی، خزمی نزیکی ئەو دوو کەسە گوتی "هەردووکیان بۆ کڕینی دانەوێڵە چووبوونە خانەسۆر، لەوێ چەند کەسێک تەقەیان لێدەکەن. ویستبوویان ئۆتۆمبێلەکەیان ببەن، چونکە پارەیەکی باشی دەکرد، بەڵام هێزەکانی یەبەشە زوو گەیشتبوونە شوێنی ڕووداوەکە، بۆیە نەیانتوانیبوو ئۆتۆمبێلەکە ببەن، بریندارەکەشیان گواستەوە بۆ حەسەکە.

ئەو دوو کەسە سەر بە هۆزی گەرگەرین، ئێستا پیاوانی ئەو عەشیرەتە بەدوای بکوژانی فارسدا دەگەڕێن و دەیانەوێ تۆڵەی بکەنەوە. شێخ محەممەد دەڵێت: "ئێمە دەزانین پەکەکە ئەو کارەی نەکردووە، بەڵام چاوەڕێین ئەو کەسانەمان بۆ بدۆزنەوە کە تەقەیان لەو دوو کەسە کردووە".

ئێستا لە شنگال نزیکەی 10 هێزی جۆراوجۆر هەن، بەشێکیان سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانن کە نزیکەی 65% ی خاکی شنگالیان لەدەستە، بەشێکی دیکەیان سەر بە پەکەکەن کە نزیکەی 15%ی خاکی شنگالیان لەدەستە و، هەروەها 20%ی خاکی شنگالیش لەژێر کۆنترۆڵی حەشدی شەعبیدایە.

نایف سەیدۆ، بەڕێوەبەری ناحیەی سنونێ ئاماری کوژراوەکانی ئاشکرا کرد و گوتی: "تا ئێستا نزیکەی 50 کەسی سڤیل کوژراون کە ژن و منداڵیشیان تێدایە، هەتا ئێستا تەنیا بکوژی یەک کەس ئاشکرا بووە، ئەویش هەڵاتووە بۆ نێو پەکەکە".

سەیدۆ زیاتر باسی ڕەوشی ناوچەکە دەکات و دەڵێت: "من بەڕێوەبەری ناحیەی سنونێم، خانەسۆریش سەر بە سنونێیە، بەڵام ناوێرم بچمە خانەسۆر، ڕەوشی ئەمنیی شنگال زۆر خراپە، گرووپی مافیا لە تورکیا و ئێران و سووریاوە هاتوونەتە سنووری شنگال". سەیدۆ پێیوایە ئەوەی ئەو ڕەوشە نائارامەی بۆ ناوچەکە دروستکردووە بوونی ئەو هەموو هێزەیە لە شنگال. سەیدۆ دەڵێت: "هەتا شنگال ئەو هەموو هێزەی تێدابێ ئەوە حاڵی دەبێ".

ئاشتی کۆچەر، بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕۆژئاوای دیجلە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هۆکاری سەرەکی ئەم کارانە هێزەکانی سەر بە پەکەکەن، زۆربەی ئەو کەسانەی هەتا ئێستا کوژراون لەو شوێنانە بوون کە لەژێر دەسەڵاتی پەکەکەدان. لەبەر ئەوە هێزەکانی پەکەکە بەرپرسیارن لەو ڕەوشەی هەتا ئێستا هەیە لە شنگال".

بەڵام ڕاکان شنگالی، بەڕێوەبەری ئاسایشی ناحیەی سنونێ کە سەر بە پەکەکەیە، ڕەتیکردەوە ئەوان دەستیان لەو کارانەدا هەبێ و گوتی "ئێمە هاتووین خەڵکی شنگال بپارێزین نەک بیانکوژین، بەڵام هەندێک کەس کاری خراپ دەکەن بۆ لەکەدارکردنی ئێمە".

## قایمقامی سەیدسادق

# کەس لەسەر دزی بە بازاڕدا نەگێڕدراوە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- سەیدسادق**

"دوو کەس لە شارۆچکەی سەیدسادق لەسەر ئەوەی پاتریی ئۆتۆمبێلیان دزیوە، دەخرێنە پشتی پیکابەوە و بەناو شاردا دەیانگێڕن".

ئەم چیرۆکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا وەک ئاگری ناو پووش بڵاوبووەوە، لەکاتێکدا هەندێک دەڵێن ڕووداوەکەیان بەچاوی خۆیان بینیوە، بەرپرسانی شارەکە سەرلەبەری چیرۆکەکە ڕەتدەکەنەوە.

وەک دەگوترێ، ئەو دوو کەسە کە تۆمەتبارن بە دزینی 40 پاتریی ئۆتۆمبێل، کاژێر هەشتی بەیانیی ڕۆژی 2017/8/2 بە پیکابێکی پۆلیس بردراون بۆ دادگا، پیکابەکە بەنێو بازاڕی سەیدسادقدا براوە و پۆلیسەکان هاواریان کردووە: خەڵکینە ئەمانە دزی پاترییەکانن.

ئیدارەی قەزاکە ئەم چیرۆکە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام عەدنان قادر کە مامۆستایە و دەڵێت شایەتحاڵی ڕووداوەکە بووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "بەچاوی خۆم بینیم ئەو دوو کەسە کەلەپچە کرابوون و لە پشتی پیکابێکی پۆلیسدا دانرابوون، چوار پۆلیس لەنێو پیکابەدا بوون، پۆلیسەکان هاواریان دەکرد خەڵکینە ببینن، ئەمانە بوون کە پاتریی ئۆتۆمبێلیان دەدزی، نازانم مەبەستی ئەو پۆلیسانە چی بوو، ئایا شکاندنی کەرامەتی ئەو کەسانە بوو، یان بۆ عیبرەت وەرگرتن بوو بۆ ئەوەی کەس جورئەت نەکات دزی بکات".

ئەو مامۆستایە دەڵێت: "ئەوانە هەر شتێکیان کردبێ، ئەوە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، نەدەبوو پۆلیس ئەوەی کردبایە، دەبێت بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس ئەوە ڕوونبکاتەوە کە بەبڕیاری ئەوان ئەوە نەکراوە و پۆلیسەکان لە خۆیانەوە ئەو کارەیان کردووە".

دیاری تۆفیق، قایمقامی قەزای سەیدسادق باسی ئەو دوو تۆمەتبارەی کرد و گوتی: "پێش دەستگیرکردنی ئەو دوو کەسە، 40 داوا لەسەر دزینی پاتریی ئۆتۆمبێل تۆمار کراوە، بەڵام خۆشبەختانە نەیانهێشت ئەو دیاردەیە زیاتر تەشەنە بکات و دزەکانیان دۆزییەوە و دەستگیریان کردن".

گوتیشی: "ئەو دزانە لە بازگەی سەراو دەستگیرکراون کە ژمارەیەک پاترییان پێبووە و ویستوویانە بیبەن بیفرۆشن".

بەڵام ڕەتیکردەوە کە ئەو تۆمەتبارانە بەنێو خەڵکدا گێڕدرابن و گوتی "ئەو قسەیە ئەسڵ و ئەساسی نییە، هەر کەسێک قسەی وا بکات بێویژدانی بەرامبەر دانیشتووانی سەیدسادق دەکات".

گوتیشی: "ئەگەر ئەوەی دەگوترێ ڕاست بێ، دەبێ ئەنجامدەرانی باجەکەی بدەن، ئەگەرنا دەست لەکاردەکێشمەوە".

هەر لەوبارەوە عەقیدی پۆلیس حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای سەیدسادق گوتی: "دوو کەس لەسەر دزینی پاتری ئۆتۆمبێل گیرابوون، خەڵکیان تەواو هەراسانکردبوو، کەس لەماڵی خۆی دڵنیا نەبوو".

سەبارەت بەوەی دەگوترێ تۆمەتبارەکان بە نێو بازاڕدا گێڕدراون، حەکیم عەزیز گوتی "ڕاستە ئەوانە بە ئۆتۆمبێلی پۆلیس گواستراونەتەوە، بەڵام ئەو قسەیەی لەبارەیانەوە دەگوترێ کە بەنێو خەڵکدا گێڕدرابن دوورە لە ڕاستییەوە".

ئومێد حەمە عەلی، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت ئەویش لە خەڵکی بیستووە کە ئەو دوو کەسە بەنێو خەڵکدا گێڕدراون، بەڵام گوتی ئەوە سەلماندنی دەوێ و دەبێ وێنە و ڤیدیۆ هەبێ کە بیسەلمێنێ ئەو پۆلیسانە ئەو کارەیان کردووە. گوتیشی "ئەگەر ئەوە ڕاستبێ ئێمە بەدواداچوونی بۆ دەکەین، چونکە ئەوە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە".

"ئەو دزانە لە بازگەی سەراو دەستگیرکراون"

# گۆڕان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان لیستێک مەرجی هەیە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر



پارتی و یەکێتی هەوڵەکانیان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان لەگەڵ گۆڕان چڕدەکەنەوە، سەرکردەیەکی یەکێتیش ئاماژە بە سیناریۆیەک بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان بەبێ گۆڕان دەکات.

ڕۆژی 2017/7/27 لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بڕیار درا تاوەکو 10ی ئاب پەرلەمانی کوردستان کارا بکرێتەوە. ڕۆژی 2017/7/30 یش، ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە سەرپەرشتیی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ماوەی دوو هەفتەی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان دیاری کرد.

ئاسۆ مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، کۆبوونەوەی لەگەڵ پارتی هەڵپەساردووە، بۆیە پێویست دەکات جارێکی دیکە کۆببێتەوە و گفتوگۆ لەسەر سوود و ئەجێندای ئەو کۆبوونەوانە بکات، چونکە ئێمە ناچارنین بچینە ژێر باری داواکارییەکانی پارتی".

ئاسۆ مەحموود دەڵێت ئەولەوییەت بەلای ئەوانەوە بژێویی خەڵک و چاککردنی مووچەیە "بۆیە دەبێ بزانین کاراکردنەوەی پەرلەمان بۆ چ مەبەستێکە".

(ڕووداو) زانیویەتی لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا کە ڕۆژی 2017/7/29 بەڕێوەچوو، مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی گوتوویەتی "ئەگەر گۆڕان نەیەتە پێش، ئەوکات قسەی خۆمان دەکەین و تا سەر چاوەڕێی گۆڕان ناکەین".

بەڵام ڕێواز فایەق، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت "هیچ بژارەیەکمان بۆ نەهاتنە پێشەوەی گۆڕان نییە، بەڵکو بە ئومێدەوە چاوەڕێی کۆبوونەوەی پارتی و گۆڕان دەکەین، بۆ هەر بژارەیەکی یەکێتیش بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، پێویستە سەرکردایەتیی یەکێتی ئەو پرسە یەکلابکاتەوە".

بزووتنەوەی گۆڕان کە پێشتر پێداگریی لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان دەکرد، لەوەتای پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەیی نیشانداوە کە پەرلەمان بێ هیچ پێشمەرجێک کارا بکرێتەوە، جۆرێک لە شپرزەبوونی پێوە دیارە.

هەڵسوڕاوێکی باڵای گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەگەر بزانین هەڵبژاردن لە کاتی خۆی بەڕێوەدەچێت، ئامادەین پەرلەمان کارا بکەینەوە، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردن دوابخرێت پەرلەمان کارا ناکەینەوە، با پارتی و یەکێتی کارای بکەنەوە".

ئەو سەرکردەیە هەروەها گوتی: "گۆڕان ئامادەیە لەگەڵ پارتی لەسەر زۆربەی مەلەفەکان گفتوگۆ و ڕێککەوتن بکات، لەوانە لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە لەنێو پەرلەمان سەرۆک هەڵبژێردرێ، با ئەو کات کاک مەسعود بارزانی دوو خولی دیکە سەرۆک بێت، کێشەمان نییە".

## پارتی: لەبەر یەکێتی سێ دەستپێشخەریمان کردووە

فرسەت سۆفی، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دەڵێت "ئەوەی لێمان داوا دەکرا بۆ لابردنی مەرجەکان لە کاراکردنەوەی پەرلەمان کردمان، هیچ پاساوێکیش نەماوە کە پەرلەمان دەست بە دانیشتنەکانی نەکاتەوە، گۆڕان سێ هەفتەیە وەڵامی پارتی نەداوەتەوە بۆ دانیشتن، بۆیە دەبێ لایەنەکانی دیکە لەو پرسە بێنە پێش، چونکە گۆڕان هیچ بیانووی نەماوە".

فرسەت سۆفی کە کاندیدێکی بەهێزە بۆ وەرگرتنی پۆستی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، گوتیشی "پارتی لەبەر لایەنەکان بە تایبەتی یەکێتی سێ دەستپێشخەری کرد، گوشار و داخوازییەکانی یەکێتیش لە پارتی بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاری خۆیان بدەن وایکرد مەرجەکان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان لاببات، بۆیە ئەگەر گۆڕان نەهاتە پێش ئەرکی لایەنەکانە بێنە پێش کە نزیکەی 80 کورسییان هەیە، پەرلەمان بە زۆرینەی ڕەها کارا بکەینەوە".

لە حاڵەتی نەگەڕانەوەی یوسف محەممەد بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، جەعفەر ئیمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و فەخرەدین قادر سکرتێری پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەتوانن داوای دانیشتنی پەرلەمان بکەن، بەڵام پێشبینی ناکرێت کۆمەڵ ئامادەیی تێدا بێت بەبێ گۆڕان بەشداریی کاراکردنەوەی پەرلەمان بکات.

بەپێی زانیارییەکان، یەکێک لە بژارەکان لە حاڵەتی نەهاتنە پێشەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵ بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، هەڵبژاردنی جێگر و سکرتێری نوێی پەرلەمانە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی پێشوو کە جێگر بۆ یەکێتی هەر یەک لە (بێگەرد تاڵەبانی و سالار مەحموود) کاندیدی بەهێزن، سکرتێریش بۆ پارتی کە فرسەت سۆفی پێشتر کاندید بوو، بەبێ دەستکاریکردنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان کە بەرکەوتەی گۆڕانە. یوسف محەممەد لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە لە ڕووی یاساییشەوە دوو ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی لە کۆی سێ کەس دەتوانن دانیشتنەکان بەڕێوەببەن. جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەپێی ماددەی 18 لە پەیڕەوی ناوخۆ دەتوانێت سەرجەم دەسەڵاتەکانی سەرۆک پیادە بکات. ئاساییکردنەوەی پەرلەمان بەم شێوەیە بڕوات تاوەکو کۆبوونەوەکانی پارتی و گۆڕان دەگاتە ئەنجام.

## هەنگاوە یاساییەکان چۆن دەبێ؟

ئەم پرۆسەیە بەپێی ماددەی 16، بڕگەی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆ بەڕێوەدەچێت کە دەڵێ: "لە کاتی بەتاڵبوونی پێگەی سەرۆکی پەرلەمان یان جێگرەکەی یان سکرتێر لەبەر هەر هۆیەک بێت، پەرلەمان لە یەکەم دانیشتنی گرێدراوی دوای بەتاڵبوونەکەوە، بەهەمان ڕێگەی دەقکراو لەم پێڕەوەدا جێگرەوەیەکیان بۆ هەڵدەبژێرێ".

هەنگاوەکانی دوای ئەوەش لە بڕگەی یەکەمی ماددەی شەشەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا باسکراوە کە دەڵێت "سەرۆکی پەرلەمان یان یەک لەسەر چواری ژمارەی ئەندامەکانی، بۆیان هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوە بکەن لە دانیشتنێکی نائاسایی، کۆبوونەوەکەش کورت دەکرێتەوە سەر تێڕوانینی ئەو بابەتانەی لە بانگهێشتەکە دیاری کراون".

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمان پێویستی بە واژۆی 37 پەرلەمانتار دەبێ، چونکە لە حاڵەتی بوونی یاسادا پشت بە پەیڕەو نابەسترێت. بەپێی ماددە چوار لە پەیڕەو یاسایی نابێت تەنیا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی نەبێت، بەمەش دوای پێشکەشکردنی داوایەک بۆ ئەنجامدانی دانیشتنێکی تایبەت بەبێ دەستەی سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمان، دەبێ 50+1 کە دەکاتە 56 پەرلەمانتار، ئامادەی دانیشتنەکە بن. لە حاڵەتی ڕێککەوتنی هەر دوو حیزبە سەرەکییەکە زۆرینە بەبێ گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ دروستدەکرێت.

شوان قەڵادزێی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی و پەرلەمانتاری کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر پارتی و یەکێتی بیانەوێ پەرلەمان کارا دەکرێتەوە، چونکە زۆرینەن و دەسەڵات و هەموو شتێکیان هەیە، بەڵام بەبێ بەشداریی گۆڕان و لایەنەکانی دیکە پەرلەمان کاراش بکرێتەوە، کێشە سیاسییەکان هەر بەردەوام دەبن".

> گۆڕان هیچ بیانووی نەماوە و ئەگەر نەهاتە پێش خۆمان پەرلەمان کارا دەکەینەوە
>
> پەرلەمانتارێکی پارتی

> دەبێ بزانین کاراکردنەوەی پەرلەمان بۆ چ مەبەستێکە
>
> ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان

# گۆڕان پێش کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی گەرەنتی دەوێ

## بۆچوونێک لە نێوگۆڕان لەگەڵ ئەوەیە تا هەڵبژاردنەکانی داهاتوو نەگەڕێنەوە

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

پارتی دیموکراتی کوردستان هێشتا چاوەڕوانی بزووتنەوەی گۆڕانە وەڵام بداتەوە و لە کۆبوونەوەی دوو قۆڵیدا چارەسەری کێشەکانی نێوانیان بکەن. بەڵام بەپێی قسەی هەندێ کاربەدەستی ناو بزووتنەوەکە، وەڵامەکە هێندە دوادەکەوێ کە ڕەنگە دواجار پارتی دڵخۆش نەکات، چونکە وەک ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان دەڵێت، ڕۆژی 12ی ئاب جڤاتی نیشتمانی کۆدەبێتەوە و پوختەی کۆبوونەوەکە ڕادەستی خانەی ڕاپەڕاندن دەکرێ بۆ ئەوەی وەڵامی پارتی بدەنەوە.

ساماڵ عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، لە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی بە چڕی قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کە چۆن وەڵامی پارتی بدرێتەوە: "دۆخەکە هەڵدەسەنگێندرێ، ئینجا داواکاریی پارتی بۆ کۆبوونەوە و شێوازی کاراکردنەوەی پەرلەمان تاوتوێ دەکرێ، پاشان بڕیار دەدرێ ئایا گۆڕان کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی بکات یان نا".

لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ڕابردووەوە، پارتی دەستی لەوە شۆردووە پەیامەکانی بە پارت و لایەنی دیکەدا بنێرێ بۆ بزووتنەوەی گۆڕان. هەڵبژاردنی ڕێکخەری نوێی بزووتنەوەکە ئەو دەرفەتە بوو کە پارتی هەڵیبژارد و بارزانی بەتەلەفۆن پیرۆزبایی لە عومەری سەید عەلی کرد و یەکەمین پیرۆزباییش هەر پارتی لە سلێمانییەوە لەو بزووتنەوەیەی کرد کە سەردانی شاندێکی باڵای سەرکردایەتی سلێمانی بوو بە سەرۆکایەتی ئەدهەم بارزانی. بەڵام هەر لەوکاتەشەوە چاوەڕوانی ئەوەیە کاتی کۆبوونەوەی دووقۆڵی دەستنیشان بکرێ و کاراکردنەوەی پەرلەمانی تێدا یەکلایی بکرێتەوە کە لەوەتای پەکخراوە، مەرج و مەتڵەبی بزووتنەوەی گۆڕان بووە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی هەرێمی کوردستان.

عەبدولڕەزاق شەریف، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە جگە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی کە پێش 25ی تەمووز کراوە، هیچ پەیوەندییەکی دیکە لە نێوان گۆڕان و پارتی هەبووبێ "دەبێ بزانین پارتی بۆ داوای کۆبوونەوە دەکات و ئەجێندای چییە و داوای چی دەکرێ، ئێمە چاوەڕێین شتێکی فەرمیمان پێبگات".

لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا لە کۆتایی مانگی تەمووز، بڕیار درا 10ی ئاب وەک دوا وادە بخرێتە بەردەم پارتی و گۆڕان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان. لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای گشتپرسیشدا، بڕیار درا لە ماوەی دوو هەفتەدا پەرلەمان بەبێ مەرج کارا بکرێتەوە.

عەبدولڕەحمان عەلی، بڕیاردەری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، دەپرسێ ئەگەر هەر سبەینێ پەرلەمان کارا بکرێتەوە و وەک پارتی دەیەوێ یاسایەک بۆ گشتپرسی دەربکەین "ئەو یاسایە دەبێ واژۆ بکرێ، ئێ پۆستەکەی بارزانی کێشەی تێدایە و ئێمە بینێرین بۆ کێ واژۆی بکات؟" هەربۆیە وەک ئەو دەڵێ، بزووتنەوەکەی بەردەوام پێداگیریی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتی دەکات پێش هەر پرسێکی دیکە کە پەرلەمانی کاراکراو پێیەوە خەریک بێ.

بەڵام بەپێی قسەی یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی باڵای گشتپرسی، بارزانی هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ڕەزامەندی دەربڕیبوو کە دوای کاراکردنەوەی، هەر لەنێو پەرلەمان کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەر بکەن.



عەبدولڕەحمان عەلی دەڵێ ئەو قسانەی ئەو لەدوای کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای گشتپرسی لە بەرپرسانی پارتیی بیستووە وا ناڵێن "هێمن هەورامی کە ڕاوێژکاری بارزانییە، گوتی دەبێ پەرلەمان یاسا بۆ گشتپرسی دەربکات و بینێرێ بۆ بارزانی واژۆی بکات، کە ناردت بۆ بارزانی، واتە تۆ دانت بەوەدا ناوە بارزانی سەرۆکی هەرێمە و پۆستەکەی هیچ کێشەیەکی یاسایی نییە".

وا دیارە بزووتنەوەی گۆڕان لەو باوەڕەدا نەبوون کە لەناکاو پارتی مل بۆ داخوازیی بێ مەرجی کاراکردنەوەی پەرلەمان دەدات بۆیە لەماوەی نزیکەی دوو ساڵی ڕابردوودا تەنیا پێداگرییان لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان کردووە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی نێو گۆڕانەوە دەستیکەوتوون، ئێستا لە نێو بزووتنەوەکەدا دوو بۆچوون هەیە، بەشێک لە هەڵسوڕاو و بەرپرسانی بزووتنەوەکە پێیانوایە مادام چەند مانگێکی کەم ماوە بۆ وادەی هەڵبژاردن، پێویستە بزووتنەوەی گۆڕان نەچێتەوە نێو پرۆسەی سیاسی و لە دەرەوە بمێنێتەوە، بەشێکی دیکەش پێیانوایە کە پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ پارتی بکرێ بۆئەوەی بزووتنەوەکەیان سەرکەوتووانە بگەڕێتەوە نێو پرۆسەکە.

سێ ڕۆژ بەرلەوەی پارتی کاراکردنەوەی بێمەرجی پەرلەمان ڕابگەیێنێ، فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی: "بڕوام وایە پارتی لە کۆتاییدا هیچ مەرجێک ناهێڵێ لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان"، بەڵام لادانی مەرجەکان وا دیارە هیچ گرێکوێرەیەک ناکاتەوە.

فەرید ئەسەسەرد دەڵێ لەبەر ئەوەی پێویستە سەرۆکی پەرلەمان داوای کۆبوونەوەی ئەندامانی پەرلەمان بکات و خۆی ئامادە بێت، بۆیە قورسە بەبێ گۆڕان پەرلەمان کارا بکرێتەوە "هەر دەبێ پارتی و گۆڕان بە ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی و دوور لە چاوی میدیاکان و بەنهێنی، کێشەکانیان چارەسەر بکەن".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ گۆڕان دەیەوێ پارتی گەرەنتی ئەوەی بداتێ کە جارێکی دیکە پەرلەمان کێشەی بۆ دروست ناکرێتەوە "دڵنیاییشی بەشێوەی نووسراو دەوێ لەوەی کە کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم لە پەرلەمانەوە چارەسەر بکرێ".

ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێ لە حاڵەتی کۆبوونەوەی لەگەڵ پارتی، نەهێشتنی پاشەکەوتی مووچە بکاتە مەرجی سەرەکیی گفتوگۆکانی. ساماڵ عەبدوڵڵا دەڵێت: "چونکە ئێمە تەنیا بۆ پەرلەمان ناگەڕێینەوە، بەڵکو وەزیرەکانیشمان دەگەڕێنەوە بۆ نێو حکومەت، گەرەنتی چییە کە دۆخی دارایی چاک دەکرێ؟".

گوتیشی: "خانەی ڕاپەڕاندن دەسەڵاتی بڕیاردانی کۆبوونەوەی نییە، بۆیە دەبێ جڤاتی نیشتمانی کۆببێتەوە و دواتر بڕیار و ڕاسپاردەکانی جڤات دەدرێتە خانەی ڕاپەڕاندن تاوەکو کات و وادەی کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی یان ڕەتکردنەوەی کۆبوونەوە، ڕابگەیێنن".



## جەعفەری: هیچ وڵاتێک ناڵێت پشتگیری جیابوونەوەی کوردستان دەکەم

**ڕووداو- هەولێر**

وەزیری دەرەوەی عێراق دەڵێت، گوێی لە هیچ وڵاتێک نەبووە پشتیوانی لە جیابوونەوەی کوردستان بکات و هەڵوێستی فەرمی وڵاتان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵییە. ڕۆژی یەکشەممە 2017/8/6، ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوەی عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا، لەبارەی هەڵوێستی وڵاتان سەبارەت بە گشتپرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان رایگەیاند، "گوێبیستی هیچ وڵاتێک نەبووینە پشتیوانی لە جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان بکات، هەموویان بەردەوام تێبینیان هەیە و هەڵوێستی فەرمیان لەگەڵ حکومەتی عێراقە". جەعفەری گوتیشی "عێراق یەک گەلە و چەندین پێکهاتەی لەخۆگرتووە، ڕێگری دەستووری لە هیچ لایەنێک ناکرێت مافە دەستوورییەکانی پیادە بکات، هەموومان ڕێز لێگیراوین".

# تێچووی ڕۆژانەی ئاوی خواردنەوە لە کوردستان 800 ملیۆن دینارە

**هانا لینج**
**ڕووداو- هەولێر**

لە ماڵی بەفرین حوسێن، تانکی سەربانەکە پڕبووە و ئاو بە ئاوەڕۆکەی سەرباندا دێتە خوارەوە. بەفرین دەڵێ پێی خۆش نییە ئاوەکە ئاوها بەفیڕۆ دەچێت، بەڵام هیچی پێناکرێت چونکە داوای لە هاوڕێنەکەی کردووە چاکی بکاتەوە و هەر پشتگوێی دەخات. بەفرین دەڵێت "ئەگەر حکومەت بۆ ئەم ئاوە (کە بەفیڕۆ دەچێت) پارەمان لێ وەربگرێ، ئەوە بێگومان ئێمەش دەستمان لە بەفیڕۆدانی هەڵدەگرت".

هەرێمی کوردستان لەلای باشوورییەوە لەسەر لێواری بیابانە و وڵاتانی دراوسێش بە ڕێگەی جیاواز ڕێچکەی ڕووبارەکانی دەگۆڕن، هەر بۆیە ئاو خەریکە وەکوو پرسێکی گرنگ و ستراتیژیی لێدێت لە هەرێمی کوردستان.

بۆ ئەم ڕاپۆرتە (ڕووداو) سەردانی ماڵەکانی هەولێری کردووە و هەموو ئەوانەی کە قسەیان لەگەڵ کراوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پاراستنی ئاو گرنگە، بەوانەشەوە کە ئاو بە پلیکانەکانی بەر دەرگای ماڵەوەیاندا شۆڕەی دەهات و بەفیڕۆ دەچوو.

ئێستا خەڵکی کوردستان بەپێی قەبارەی زەویی خانووەکەیان پارەیەکی مانگانەی جێگیر دەدەن، بۆیە لەو پارەیەدا ڕەچاوی بڕی بەکارهێنانی ئاو ناکرێت. مەسعود کاکەڕەش، بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆکانی هەولێر ئەمە بە کێشەیەکی گەورە دەزانێت و بە (ڕووداو)ی گوت "کێشەکە ئەوەیە خەڵک گوێیان لەوە نییە ئاوێکی زیادە بەکاردەهێنن. جادەکان و ئۆتۆمبێلەکانیان بە ئاوی خواردنەوە دەشۆن، باخچەکانی پێ ئاو دەدەن. خەڵک دەڵێن (ئەم زێدەڕۆییە) پارەی تێناچێ".

دکتۆر محەممەد ئەمین بەرزنجی، سەرۆکی بەشی ئەندازیاری و کارگێڕیی سەرچاوە سروشتییەکان لە زانکۆی کوردستان ـ هەولێر، نیگەرانە لەو بەفیڕۆدانە زۆرەی ئاو لە کوردستان. بە گوتەی بەرزنجی "کاتێک گواستنەوەی ئاو (بۆ ماڵەکان) کۆنترۆڵی لەسەر نەبێت، خەڵکیش بە فیڕۆی دەدەن، بەڵام پێویستە ئەمە بوەستێنین. پێویستە کۆمەڵێک ڕێوشوێن بگرینەبەر بۆ ئەوەی بەفیڕۆدانەکە کەم بکەینەوە، دڵنیام ناتوانین ئەو دیاردەیە بنبڕ بکەین، بەڵام هەر هیچ نەبێت پێویستە ڕێوشوێن دابنێین بۆ ئەو بەفیڕۆدانە زۆرەی ئاو کە لە هەرێمی کوردستان هەیە".



حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە دوو ملیۆن مەتر سێجا ئاو بەرهەم دەهێنێت

(فۆتۆ: ڕووداو)

بەرپرسانی شارەوانی دەستیان بە دانانی پێوەری ئاو کردووە، بۆ ئەوەی ئاستی بەفیڕۆدانەکە کەم بکەنەوە، بەڵام ئەو بەرنامەیەش ژمارەیەک کێشەی بۆ دروستبووە. لە قەڵادزێ، کە ئێران لە مانگی حوزەیرانەوە ئاوی ڕووبارەکەی لێگرتوونەتەوە، 95%ی خانووەکان پێوەری ئاویان بۆ دانراوە. بەڵام وەکوو محەممەد حەسەن، بەڕێوەبەری ئاوی قەڵادزێ دەڵێت، پێوەرەکان کار ناکەن!

ناوچەی قەڵادزێ بۆ لێدانی بیر گونجاو نییە، بۆ دابینکردنی ئاوی ناوچەکە بە تەواوەتی پشت بە ئاوی زێی بچووک دەبەستن، هەرچەندە پلانی دروستکردنی بەنداو لە دیوی ئێران چەند ساڵێکە لەئارادایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ پلانێکی لەناکاوی بۆ دابینکردنی ئاوی ناوچەکە نییە، پلانە درێژخایەنەکەش دروستکردنی بەنداوە کە هەم ساڵانێکی زۆری کات دەوێت و هەمیش پێویستی بە نیو ملیار دۆلارە. کاکەڕەش پێی سەیرە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەو ماوەیە هیچ پلانێکی نەبووە.

عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئێستا دوو بژاردەیان بۆ چارەسەری کێشەکە لەبەردەستە، یەکەمیان ڕێگەچارەی دیپلۆماتیکە، ئەوەی دیکەیان دروستکردنی بەنداوە. بە گوتەی عەبدولستار مەجید "ئێمە چاوەڕێ دەکەین ئێران یارمەتیدەر بێت و زیانمان پێنەگەیەنێت، واتە ئاو وەکوو چەکێک لەدژی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بەکارنەهێنێ".

وەزیرەکەی هەرێمی کوردستان جەختی لەوەش کردەوە کە "ئێران کۆمەڵێک بەرژەوەندی سیاسی، ئەمنی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەگەر ئەوان ئامادەبن هەموو ئەو بەرژەوەندییانە بکەنە قوربانی و بەربەست بۆ ئاوەکە دروستبکەن، با بیکەن".

زیاتر لە ساڵێک لەمەوبەر پرۆسەی دانانی پێوەری ئاو دەستی پێکرد و بەرپرسە پەیوەندیدارەکانیش هیواخوازن ئەو پرۆسەیە لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا تەواو ببێت، هەرکاتێک هەموو خانووەکان پێوەری ئاویان بۆ دانرا، ئەوە پارەی ئاو بە گوێرەی بەکارهێنان دادەنرێت نەک ڕووبەری زەویی خانووەکە. بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆکانی هەولێر دەیەوێت کەرتی تایبەت ئەرکی کۆکردنەوەی پارەی ئاوی ماڵان لە ئەستۆ بگرێ و 40%ی داهاتەکەشی بۆ چاککردنەوەی تۆڕەکانی ئاو تەرخان دەکرێت، ئەوەی دیکەشی ڕەوانەی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

ئەگەرچی لە زۆربەی ماڵەکانی هەولێر پێوەری ئاو دانراوە، بەڵام ئەوە کاریگەری لەسەر شێوازی بەکارهێنانی ئاو دانەناوە. پێوەرەکانی ماڵان تۆزیان لێ نیشتووە و لە کاتی دانانیانەوە بەسەرنەکراونەتەوە.

میدیا ڕەقیب و دایکی لە خانوویەکی گەورەدا دەژین، ماوەیەکە ئاوی گەڕەکەکەیان زوو زوو دەبڕێت، جگە لەمە ئاوی بۆڕییەکەشیان لێڵە و هۆکارەکەی نازانن. میدیا پێیوایە پارەی بەکارهێنانی ئاو دەبێ لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتووانی ناو خانووەکە دابنرێت نەک ڕووبەری خانووەکان.

> **دابینکردنی ئاو لە کوردستان ستانداردی جیهانیی تێپەڕاندووە**
>
> بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە دوو ملیۆن مەتر سێجا ئاو بەرهەم دەهێنێت و تێچووی هەر مەتر سێجایەکیش 400 دیناری عێراقییە. کە لە ڕۆژێکدا دەکاتە 800 ملیۆن دینار.

کاکەڕەش لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەگەر لەڕووی ماتماتیکییەوە سەیری بکەین، ئاوی پێویست بۆ هەموو کەس هەیە". جەختی لەوەش کردەوە کە ئاستی دابینکردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکاندا دێتەوە و تەنانەت تێیپەڕاندووە. بە گوتەی کاکەڕەش کێشەی کارەبا و سیستەمی دابەشکردنی ئاو وای کردووە هەموو کەس نەتوانێت پشکی خۆی لە ئاو وەربگرێ.

ئاوی هەولێر لە دوو سەرچاوەوە دابین دەکرێت: 55%ی لە ئاوی زێی گەورەوە دێت و 45%ی لە نزیکەی 900 بیرەوە دابین دەکرێت. بە گوێرەی بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆکانی هەولێر، هەموو بیرێک ڕۆژانە 20 کاژێر کارەبای پێویستە، بەڵام ئێستا ڕۆژانە 10 کاژێر کارەبایان بەشێوەی پچڕ پچڕ بۆ دابین دەکرێت.

سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان پێنج ڕووبارن کە 75%ی ئاوی ماڵان، خواردنەوە و کشتوکاڵ دابین دەکەن. ئەو پێنج ڕووبارە بریتین لە زێی بچووک و سیروان کە لە ئێرانەوە دەڕژێنە ناو هەرێمی کوردستان، زێی گەورە و خابووریش سەرچاوەکانیان لە تورکیایە، ئاوا سپیش بە تەواوەتی دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە. لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاواش ئاو لە ڕووباری دیجلە وەردەگرێت. ئاوی ژێرزەمینیش 25%کەی دیکەی پێویستییەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان پڕدەکاتەوە.

دکتۆر بەرزنجی جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەوە نییە ئاومان نەبێت، بەڵکو کێشەکە لە کارگێڕیمان دایە".

ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان، هاوڕایە لەگەڵ بەرزنجی و گوتی "کارگێڕی یەکانگیری سەرچاوەکانی ئاو پێویستییەکی ئێستای هەرێمە".

ئەکرەم ئەحمەد ئەوەشی خستەڕوو کە پێویستە لە نێوان خستنەڕوو و بەکارهێنانی ئاودا هاوسەنگی دروست بکرێت و کارگێڕی ئاویش بریتییە لە "دابەشکردنی ئاوی کشتوکاڵی لە ڕێگەی کەناڵەکانەوە تاوەکو ڕێگە لە بەفیڕۆچوون بگیرێ".

بەر لە 2003 حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ پارەیەکی نەبوو بۆ ئەوەی پرۆژەی گەورەی پێ جێبەجێبکات، بە گوتەی بەڕێوەبەرە گشتییەکە حکومەت بۆ دروستکردنی ژمارەیەک بەنداو دانوستاندنی لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کرد و بۆ هەندێکیشیان لە قۆناغەکانی کۆتایی دانوستاندن دابوون، بەڵام قەیرانی دارایی 2014 و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بەغداوە و دابەزینی نرخەکانی نەوت، کێشەی گەورەی دروستکرد.

دکتۆر بەرزنجی پێشنیازی کرد داهاتی نەوت لە کەرتی ئاو خەرج بکرێت، چونکە کەمی ئاو کێشەی گەورە بۆ کەرتی کشتوکاڵ و دابینکردنی خۆراکیش دروستدەکات. بەرزنجی گوتی "بۆچی داهاتی نەوت وەکوو پشتگیرییەک بۆ کەرتەکانی دیکە بەکارنەهێنین، ئێمە دەتوانین بێ نەوت و بێ ئۆتۆمبێلەکانمان بژین، بەڵام ناتوانین بێ نان و ئاو بژین".

## هەرێمی کوردستان نیوەی خەرجییەکەی دەدات

# تورکیا گەورەترین پرد لە ئیبراهیم خەلیل دەکاتەوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- هەولێر**

لە کاتێکدا بابەتی گشتپرسیی باشووری کوردستان و ئەگەری داخستنی دەروازە سنوورییەکان بەڕووی هەرێمی کوردستاندا گەرمە، بەمزووانە گەورەترین پردی بازرگانیی نێوان باشوور و باکووری کوردستان لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل دەکرێتەوە، هەفتەی ڕابردوو کونسوڵی تورکیا لە هەولێر سەردانی ئەو پردەی کرد و داوای کرد کارەکانی زوو تەواو ببن و پردەکە بکرێتەوە، بەڕێوەبەری گومرکی ئیبراهیم خەلیل دەڵێت کەمتر لە دوو مانگی دیکە ئەو پردە دەکرێتەوە.

دەروازەی ئیبراهیم خەلیل یەکێکە لە گەورەترین دەروازە سنوورییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان. ئێستا زۆر کەس چاوەڕێ دەکەن و دەپرسن ئایا تورکیا لە 25ی ئەیلول (ڕۆژی ئەنجامدانی گشتپرسی لە باشووری کوردستان) ئەو دەروازەیە دادەخات کە ڕۆژانە چەندین بارهەڵگری تورکی کاڵای پێدا دەگوازنەوە بۆ هەرێمی کوردستان؟

بەڵام هەنگاوەکانی تورکیا بە پراکتیکی پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە نیشاندەدەن. دەروازەکە نەک هەر داناخرێ، بەڵکو فراوانتر دەکرێ، ئێستا تورکیا کار لەسەر گەورەترین پرد لەو دەروازەیە دەکات و لە دوو مانگی داهاتوودا دەکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەفتەی ڕابردوو کونسوڵی تورکیا لە هەرێمی کوردستان سەردانی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلی کرد.

> **بەمزووانە پردەکە دەکرێتەوە**
>
> بەڕێوەبەری گومرکی ئیبراهیم خەلیل

فەرسەت محەممەد عەلی، بەڕێوەبەری گومرکی ئیبراهیم خەلیل باسی ئەو پردەی کرد و گوتی "زیاتر لە ساڵێکە دەست بە دروستکردنی کراوە، ئێستا هەندێک کاری لاوەکیی ماوە، کەمتر لە دوو مانگی دیکە بە فەرمی دەکرێتەوە".

بەڕێوەبەری گومرکی ئیبراهیم خەلیل باسی گرنگیی ئەو پردەی کرد و گوتی "هەتا ئێستا تەنیا دوو پرد هەن و هەردووکیان تەنیا یەک سایدن، ئەم پردە دوو سایدە، پانایییەکەی 30 مەترە، دەبێتە مەزنترین پردی بازرگانی لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، سوودێکی گەورەی دەبێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی بازرگانی لە نێوان کوردستان و تورکیا".

لەبارەی خەرجیی ئەو پردە فەرسەت دەڵێت، نیوەی تێچووەکەی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، نیوەکەی دیکەشی لە ئەستۆی حکومەتی تورکیا.

فرسەت محەممەد باسی سەردانی کونسوڵی تورکیای کرد بۆ ئەو دەروازەیە و گوتی "هەفتەی ڕابردوو کونسوڵی تورکیا دوور لە چاوی میدیاکان سەردانی ئێمەی کرد، دواتر چووینە سەر ئەو پردە، داوای کرد کارەکانی زوو تەواو بکرێن بۆ ئەوەی بە زووترین کات بکرێتەوە".

لەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دوای دەستنیشانکرنی ڕۆژی گشتپرسی باشووری کوردستان، بەڕێوەبەری گومرگی ئیبراهیم خەلیل دەڵێت "هیچ گۆڕانکارییەک لە هاتنی کەلوپەلی بازرگانی دروست نەبووە، کەلوپەل هەر وەکو جاران دێ، بگرە بازرگانانی تورکیا هەوڵی زیاتر دەدەن بو ئەوەی کەلوپەلی خۆیان لەو دەروازەیەوە بۆ مووسڵ ڕەوانە بکەن".

دەروازەی نێودەوڵەتیی ئیبراهیم خەلیل بە دووریی 60 کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری دهۆک، هەروەها 114 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری مووسڵەوە دوورە.

ئەیاد حەسەن، سەرۆکی ژووری بازرگانیی دهۆک یەکێک بوو لەوانەی لەگەڵ کونسوڵی تورکیا سەردانی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلی کرد و باسی گرنگیی ئەو پردەی کرد "ئەو پردە گرنگیی زۆری بازرگانیی دەبێت، ئەو کاتەی ئێمە لە زاخۆ بووین بە کونسوڵی تورکیام گوت بۆچی ئەم هەموو خەرجیەتان لەو پردە کردووە؟ چونکە دەڵێن لەبەر گشتپرسی تورکیا سنوور دادەخات، کونسوڵی تورکیا بە پێکەنینەوە گوتی کێ وا دەڵێت!ئەی ئەوە نییە دەرگای تازە دەکەینەوە؟ بە پێچەوانەوە دوای گشتپسری دەرگای تازە دەکەینەوە، چونکە ئێمە بە چاوێکی گەورە تەماشای ئێرە دەکەین، کوردستان بۆ ئێمە زۆر گرنگە".

ئەیاد حەسەن باسی جموجۆڵی کۆمپانیا تورکییەکان لە باشووری کوردستان دەکات و دەڵێت "ئێستا بەدەیان کۆمپانیای تورکی لە باشووری کوردستان هەن، جگە لەوە بەدەیان کارگە و کۆمپانیا لە غازی عەنتاب کار دەکەن کە 100%ی بەرهەمەکانیان دەهێننە باشووری کوردستان، بۆیە تورکیا نەک سنوور داناخات، بەڵکو زیاتر پەرە بە کارە بازرگانییەکانیان دەدەن، چونکە لەم چەند ڕۆژەدا بەدەیان بازرگانی تورکیا هەوڵیانداوە بریکاری ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە مووسڵ پەیدا بکەن، یان نووسینگەی کۆمپانیاکان لەو شارەدا بکەنەوە، بۆ ئەوەی دەستی باڵایان هەبێ لە ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ".





» لەم رۆژانەدا پرۆژەیەک رادەگەیەنم و داوای دواخستنی گشتپرسی دەکەم

» داخستنی سنوور و هەڕەشەکانی تورکیا و ئێران کاریگەرییان نابێ

**رووداو-هەولێر**

ئەو رۆژەی بۆ ئەم هەڤپەیڤینە سەردانیمان کرد، پشووی فەرمی بوو، لە نووسینگەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە هەولێر وانەی بیرکاری بە کوڕەکەی دەگوت. عەبدولستار مەجید، ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی کە وەزیری کشتوکاڵیشە، رایەکی جیاوازی لەبارەی بەڕێوەچوونی گشتپرسی هەیە و داوا دەکات حکومەت ئیدارەی پرۆسەکە بکات. عەبدولستار مەجید پشتگیریی گشتپرسی و سەربەخۆیی دەکات، بەڵام بە میکانیزمێکی دیکە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ رووداو باسی ئەو میکانیزمە دەکات.

**هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی**

## عەبدولستار مەجید، ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی:

# ئێمە لەگەڵ "نەخێر بۆ گشتپرسی" نین و داوا ناکەین بە نەخێر دەنگ بدەن

**رووداو: ماوەیەک پێش ئێستا وتارێکتان بڵاوکردەوە، باسی ئەوەتان کردبوو کە گشتپرسی لە وڵاتان خەڵک یەکدەخات، بەڵام لە کوردستان پەرتمان دەکات، لێرە دەبێ چی بکرێ بۆ ئەوەی یەکمانبخات؟**

**عەبدولستار مەجید:** گشتپرسی مافێکی ئاسایی و یاسایی خەڵکی کوردستانە. غەدرێکی گەورە لە میللەتی ئێمە کراوە کە لە دروستکردنی دەوڵەت بێبەشکراوە. ئێمە ئەو هەموو قوربانی، شەهید و کیمیاباران و ئاوارەییەمان بۆچی بینیوە، بۆ ئەوەی بە ئازادی و سەربەخۆیی بژین. هیچ کوردێک نییە لەگەڵ گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستاندا نەبێت، بەڵام لەسەر کات و پێداویستییەکانی و زەمینەسازییەکان جیاوازیی بۆچوونمان هەیە.

**رووداو: ئێستا رۆژەکە دیاریکراوە، لیژنەی**

> گشتپرسی بووەتە پرۆژەی پارتی و کاک مەسعود بارزانی

**باڵای گشتپرسیش دەڵێ پاشەکشە لەو پرۆسەیە ناکرێ، چارەسەر بۆ بەشداریی هەموو لایەنەکان چییە؟**

**عەبدولستار مەجید:** بە بۆچوونی من هەندێک بابەت پێش و پاش خراوە، بۆ نموونە دەبوو پێش دیاریکردنی رۆژی گشتپرسی، پەرلەمان کارا بکرێتەوە. پێویست بوو پێش دیاریکردنی کاتی گشتپرسی کێشە نێوخۆییەکان چارەسەر بکرێن. بۆچوونم وایە کە نە داخستنی سنوورەکان زەرەر و زیان بە هاووڵاتیان دەگەیەنێت، نە هەڕەشەکانی ئێران و تورکیا کاریگەرییان هەیە، بەڵکو کێشە و گرفتە نێوخۆییەکان، ئەو ناتەبایی و ناکۆکییە سیاسییەی لە نێوان لایەنەکان هەیە، ئەوەیە کاریگەری لەسەر دەروونی خەڵک دروستکردووە. جگە لە قەیرانی دارایی کە بێ متمانەیی لە نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵات دروستکردووە و پێویستە ئاشتیان بکەینەوە. ناکرێ گشتپرسی هەندێک لایەن لەگەڵی بێت، هەندێکی دیکە لەگەڵی نەبێت. دەبێ تەبایی سیاسی هەبێت و کێشەی مووچە و بژێویی خەڵک چارەسەر بکرێن، ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە بەرپرسیاری سەرەکی ئەو دۆخە مەترسیدارەن لەڕووی سیاسی و گوزەرانی خەڵک.

**رووداو: ئێوە مادام ئەو رەخنەیەتان هەیە بۆچی نەچوون لە کۆبوونەوەی بارزانی و لایەنەکاندا باسی بکەن، خۆ مەرج نییە بە سیفەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵی کۆببنەوە، باسکردنی ئەم بابەتانە لە میدیاکان سوودی چییە؟**

**عەبدولستار مەجید:** ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵ پێی باش بوو بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە نەکەین.

**رووداو: ئەی بۆچوونی تۆ چی بوو؟**

**عەبدولستار مەجید:** ئەگەر بەشداری کۆبوونەوەکەمان بکردایە و خاڵێکمان دابنایە ئەوکات دەبووە بەربەست و رێگری، جگە لەوە ئێمە زانیاریمان هەیە کە رۆژی گشتپرسی پێشتر دیاریکراوە، ئینجا هێنراوەتە کۆبوونەوەی لایەنەکان و بڕیاری پێشتر هەبووە کە دەبێ گشتپرسی بکرێ و ئەمەش مانای نەهێشتنی دەرفەتە بۆ دواخستنی و قسەکردن لەسەر میکانیزمەکەی. نەچوونی ئێمە پەیوەست نەبوو بە کاک مەسعود بارزانی، بەڵکو هەندێک کار دەبوو پێشتر بکرێن، بۆ نموونە کاراکردنەوەی پەرلەمان. نەشدەکرا هەندێک بڕیار پێشوەختە درابێت و دواتر ئێمە بانگهێشت بکرێین. پاشان بۆچی پرۆژەیەکی وا گرنگی نیشتمانی بکرێتە پرۆژەیەکی حیزبی.

**رووداو: گشتپرسی بە حیزبی کراوە؟**

**عەبدولستار مەجید:** ئێستا پرۆژەکە وای لێهاتووە و دیارە هی پارتییە و کاک مەسعود بارزانی سەرپەرشتی لیژنەکە دەکات، ئەگەر هەندێک کار پێشتر بکرایە وەکو کاراکردنەوەی پەرلەمان و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکان و چاککردنی بژێویی خەڵک، زۆر ئاسایی بوو کاک مەسعود بارزانی یان هەر کەسێکی دیکە سەرۆکی لیژنەکە بێت، چونکە ئێمە کێشەمان لەگەڵ کەسەکان نییە، کێشەمان لەگەڵ یاسا و سیستەمە.

رووداو: ئەگەر بارزانی لێت بپرسێ بۆ بەڕێوەچوونی گشتپرسی چی بکەین، چۆن وەڵامی دەدەیتەوە؟

عەبدولستار مەجید: دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان، کاراکردنەوەی پەرلەمان و چاوخشاندنەوە بە مووچە و بژێویی خەڵک، لەم رۆژانە پرۆژەیەک ئاشکرا دەکەم کە زیاتر پەیوەندی بە سێکتەری کشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراک و ئاووەوە هەیە. بە فەرمی داوایەکی خۆم پێشکەش بە حکومەت و هەموو لایەنەکان و رای گشتی دەکەم. من لەگەڵ دواخستنی گشتپرسیم تا تەبایی سیاسی دروستدەبێت، هەروەها لە پرۆژەکەم باسم لەوە کردووە کە ئێمە چەند کاتمان پێویستە تا منەتمان بە وڵاتانی دراوسێ نەمێنێ.

> کۆمەڵ شەرعیەتی لە خەڵک وەرگرتووە نەک ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی

**رووداو: بڕیار دراوە تاوەکوو 13ی مانگ پەرلەمان کارا بکرێتەوە، بەربەستی بەردەم دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکان چییە؟**

**عەبدولستار مەجید:** کاتی زۆر کەم لە بەردەم پەرلەمان ماوە، ئەگەر هەڵبژاردن لە کاتی خۆی بکرێت ئەوا چەند مانگێکی کەمی ماوە. دەبێ بیر لەوە بکەینەوە بەو ماوە کەمە پەرلەمان چی دەکات؟ چونکە فریای چەند دانیشتنێک دەکەوێت، ئەگەر بیەوێ یاسایەک دەربکات چۆن دەریبکات و بۆ کێی بنێرێت و کێ واژووی بکا، چونکە کێشەی یاسایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان هەر ماوە، بۆیە دەبێ لایەنە سیاسییەکان چارەسەری تەواوی کێشەکان بکەن.

**رووداو: ئەی چارەسەر چییە، کەواتە کاراکردنەوەی پەرلەمانیش سوودی نییە؟**

> رۆژی گشتپرسی پێش کۆبوونەوەی لایەنەکان دیاریکرابوو

**عەبدولستار مەجید:** کاتی خۆی پێشنیازم کرد لە جیاتی کۆبوونەوەی 17 حیزب لەسەر گشتپرسی، ئەو کەیسە رادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێ، چونکە حکومەت شەرعیەتی هەیە و زۆربەی لایەنە سەرەکییەکان بەشدارن، ئەگەر کێشەی یاسایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەیە یاخود پەرلەمان پەکخراوە، خۆ دەکرا حکومەت ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدات، ئێستا بۆ ئەوەی تووشی کێشەو گرفتی یاسایی و سیاسی نەبین، پێویستە گشتپرسی رادەستی حکومەت بکرێت، سەرۆکی حکومەت پارتییە و جێگرەکەشی یەکێتییە. جگە لە گۆڕان نوێنەری لایەنەکانی دیکەی تێدایە.

**رووداو: کۆمەڵ کە سکرتێری پەرلەمانی لایە ئامادەیە لەگەڵ جێگری سەرۆک، پەرلەمان کارا بکاتەوە یان چاوەڕێی گۆڕان دەکات؟**

**عەبدولستار مەجید:** ئێمە حیزبێکین خاوەن سیاسەتی خۆمانین، لە ماوەی رابردوودا لە زۆر سیاسەتدا لەگەڵ پارتی هاوهەڵوێست بووین، لە هەندێک بابەتی دیکەشدا رای جیامان هەبووە. لەگەڵ گۆڕان لە ماوەی رابردوو هەروا بووین، لە زۆر بابەت هاوهەڵوێست بووین و لە هەندێ بابەتیش ناکۆک بووین. تەنانەت لەگەڵ برایانی یەکگرتوو کە برایەتی و خاڵی هاوبەشمان زۆر زیاترە و لیژنەی هاوبەشمان هەیە، کەچی بۆچوونی جیاوازمان هەیە. هەمیشە گوتوومانە جیاوازیی بۆچوونمان لەگەڵ لایەنێک مانای دژایەتی نییە، هاوبۆچوونیشمان مانای پاشکۆیەتی نییە و ئەمەش لە هەڵوێستەکانمان رەنگی داوەتەوە.

**رووداو: وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە، ئەگەر گۆڕان نەیەتەوە ئێوە پەرلەمان کارا دەکەنەوە؟**

**عەبدولستار مەجید:** هێشتا باسمان لەو بابەتە نەکردووە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە سەرۆکی پەرلەمانیشەوە هەیە، دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین گۆڕان و خودی دکتۆر یوسف لە نێو پرۆژەکەدا بن، ئەم قۆناغە پێویستە هەموو لایەنەکان بەشداربن، ئەو هەوڵانەی ئێستا لە ئارادایە پارتی و یەکێتی لەگەڵ کورسیی کۆتاکان دەیانەوێ زۆرینە لە نێو پەرلەمان دروست بکەن و پێویستیان بە ئێمە و گۆڕان نییە، بەڵام کێشەکە پەیوەندی بە دوو لایەنەوە نییە، بەڵکو ئەم پرۆسەیە نیشتمانییە و پێویستە هەموومان بەشداریی تێدا بکەین، ناکرێ خاوەنی یەک کورسیش لە ئاساییکردنەوەی دۆخەکەدا بەشدار نەبێت، چجای دوو هێزی کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسی.

**رووداو: لە نێوان بژاردەی بایکۆت و دەنگی بەڵێ و نەخێر کۆمەڵ خۆی یەکلایی کردووەتەوە بۆ رۆژی 25ی ئەیلوول؟**

**عەبدولستار مەجید:** ئێمە لەگەڵ گشتپرسی و دەوڵەتی سەربەخۆین، بەڵام بەم میکانیزم و ئامادەسازییەی ئێستا نا، تاوەکو ئێستا باسی بایکۆت و بەشداریکردنمان نەکردووە. سەبارەت بە دەنگی نەخێریش ئەوا هەر نابێ ئێمە لەگەڵ دەنگی نەخێربین، لەگەڵ ئەوە نین بە خەڵک بڵێین بە نەخێر دەنگ بدەن، باسی هیچ ئەگەرێکمان نەکردووە، ئومێدم هەیە کە پرۆسەکە بەرە بەرە گشتگیر بێت و بەرەو بەشداریی هەموو لایەنەکان بڕوات.

**رووداو: گوتت داخستنی سنوور کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان نابێ، تۆ جگە لەوەی ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵی، وەزیری کشتوکاڵیشی، هیچ مەترسییەک هەیە؟**

**عەبدولستار مەجید:** ئەگەر چارەسەری کێشە نێوخۆییەکان بکەین و خەڵک ئاشت بکەینەوە، ئێمە لە بەرهەمە وەرزییەکان گەیشتووینەتە خۆبژێوی، لە گەنم، پەتاتە، گۆشت و هێلکە گەیشتووینەتە ئاستی پشتبەستن بە خۆمان، بەڵام بۆ ئەوەی بە درێژایی ساڵ پشت بە خۆمان ببەستین، هێشتا ماومانە. بۆیە پێویستمان بە کاتی زیاتر هەیە، چونکە سایلۆکان 385 هەزار تۆن گەنم عەمبار دەکەن، ئەویش بە بەغدا فرۆشراوە ئەگەرچی هێشتا پارەکەی وەرنەگیراوە، ئێمە خاوەنی ئاردی خۆمان نین، لە دەرەوە بۆمان دێت. ئەگەر بە پلان و بەرنامە خۆمان ئامادە بکەین، سنوورەکانیش دابخەن و ئاویشمان لەسەر بگرنەوە دەتوانین ساڵێک دوو بەرگە بگرین و پاشان لە هەموو پێداویستی سەرەکی بە ئاو و خۆراکەوە بە خۆبژێوی دەگەین. ئەگەر کارەبا بە نرخێکی گونجاو بدرێتە جووتیاران، دەتوانین ئەو بەرهەمانەی لە هاوین هەمانە لە زستانیش هەمان بێت، بە پێچەوانەشەوە. هەموو ئەوانە پێویستی بە پلان و ئامادەسازییە، بۆیە دەبوو بەلانیکەم ئەو 17 حیزبەی بڕیاری گشتپرسییان داوە، ئاوڕێکیان لە ئێمە دابایەوە و پرسیارێکیان لە ئەهلی خۆی کردبایە.

**رووداو: سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی سەردانی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کرد، پەیوەندییەکانی پارتی و کۆمەڵ بەرەو ئاساییبوونەوە نەڕۆیشتوون؟**

> پارتی و یەکێتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان پێویستیان بە ئێمە و گۆڕان نییە

> پێشنیازم کردووە سەرپەرشتیی گشتپرسی بدرێتە حکومەت

**عەبدولستار مەجید:** ئێمە هیچ کێشەیەکی حیزبیمان لەگەڵ پارتی نییە، خۆزگەمان دەخواست پەیوەندییەکانمان ئاسایی بووایە، تەنیا کێشە لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بوو، لەسەر داخستنی پەرلەمان و دەرکردنی حیزبێکی خاوەن 24 کورسی بوو لە حکومەت، ئایا نابێ قسە بکەین؟ ئەی نابێ پێی بڵێین ئەو کارانەی دەیکەی نائاسایی و نایاساییین؟ لە رابردوودا لەگەڵ پارتی لە زۆر بواردا هاوهەڵوێست بووین، بە تایبەتی لە پرسە نیشتمانی و عێراقییەکان و پرسی لێسەندنەوەی متمانە لە نووری مالیکی.

**رووداو: دەڵێن کێشەکانی کۆمەڵ و پارتی ئەوکاتە دەستی پێکرد کە ئێوە بوونە بەشێک لە ململانێی 1964ی جەلالی و مەلایی؟**

**عەبدولستار مەجید:** نەخێر کێشەی ئێمە هیچ پەیوەندی بە مەلایی و جەلالییەوە نییە و پەیوەندی بە خودی کاک مەسعود بارزانیشەوە نەبووە. کێشەی ئێمە لە 20ی ئابی 2015 دەستیپێکرد، ئێمە کێشەمان لەگەڵ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەبوو.

**رووداو: ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی لە ژمارەی رابردووی (رووداو)دا گوتبووی پێویست ناکات کۆمەڵ بەشداری پرۆسەی سیاسی بێت، هەست ناکەن پلانێک بۆ ئاوتکردنی ئێوە لە ئارادایە؟**

**عەبدولستار مەجید:** ئێمە هەوراز و نشێوی زۆرمان بینیوە، کۆسپی زۆر گەورەمان بۆ دروستکراوە، تەنانەت ئەمریکایان وا تێگەیاندبوو کە ئێمە تیرۆریستین، بەڵام لەسەر هەڵوێستەکانمان بەردەوامین، چونکە هەڵقوڵاوی نێو خەڵکین. شەرعیەتی سیاسی ئێمە لە جەماوەر و هەڵوێستە نیشتیمانی و نەتەوەیی و شەرعیەکانمانەوە سەرچاوەی گرتووە نەک ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی. ئەگەر قسەی وای کردبێ، هەر کات شەرعیەتیبوونی ئێمە و ناشەرعیبوونمان بە دەست حیزبێک بێ، ئەوا ژێر خاک باشترە بۆ ئێمە لەسەر خاک. ئێمە لە پرۆسە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا لە هەمووی بەشدارین و رۆڵی ئیجابی و کاریگەریشمان هەیە، رێککەوتنی سیاسیمان بۆ پێکهانانی حکومەت لەگەڵ پارتی هەیە، قسەی ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی پارتی وەکو ئەوە وایە سەری خۆی لە شاخێک بدات، زەرەری بۆ خۆی هەیە نەک بۆ کۆمەڵ.

**رووداو: بەهۆی ناکۆکی و ساردیی کۆمەڵ و پارتی هیچ کێشە و بەربەستێک بۆ تۆ دروست نەکراوە لە حکومەت؟**

**عەبدولستار مەجید:** سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی پاڵپشتی مەعنەویی من بوونە لە ئیشوکارەکانمان بۆ ئەوەی دەستکراوە بم و پێشیدەزانم، جگە لەوە من کێشەی حیزب نابەمە نێو حکومەت، لەسەر بنەمای حیزبی مامەڵە ناکەم، چەندین بەڕێوەبەر و بەرپرسمان لەسەر بنەمای سیقی گۆڕیوە. هەرگیز پرسیاری لایەنی سیاسیم لە هیچ فەرمانبەر و بەرپرسێکی وەزارەتەکەم نەکردووە، حەزیشم نەکردووە بزانم کێ چ حیزبێکە و کێ چ حیزبێکی دیکەیە.

**رووداو: خەڵک بەردەوام پرسیار دەربارەی لابردنی پاشەکەوتی مووچە دەکات، وەکو ئەندامێکی ئەنجوومەنی وەزیران هیچ قسەیەکی تازەتان پێیە؟**

**عەبدولستار مەجید:** لە کۆبوونەوەکان بەردەوام داکۆکیمان لە لابردنی پاشەکەوتی مووچە کردووە، ئێمە دەزانین لەم وڵاتە قەیران هەیە، بەڵام ئێستا دۆخی دارایی باشتر بووە، نرخی نەوت لە 27 دۆلارەوە گەیشتووەتە نزیکەی 50 دۆلار، بۆیە دەبێ دەستکاری ئەو مووچەیە بکەین، ئەو چین و توێژانەی مووچەیان کەمە بۆیان زیاد بکرێ، یان ئەوانەی زۆریان لێ کەمکراوەتەوە، سەرۆکی حکومەت گوتی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکان یان لیژنەیەکی تایبەت سەرقاڵی تاوتوێکردنی میکانیزم و سیستەمی تازەن.

> هیچ کێشەیەکی حیزبیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا نییە



## حدکا و سوپای پاسداران بەشەڕدێن

**ڕووداو- هەولێر**

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "حدکا" ڕایگەیاند، کاژێر 11ی شەوی شەممە لە ناوچەی پیرانشار دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی نێوشاری ئەو حیزبە کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی ئێران و لە پێکدادانێکدا "زیانی بەرچاویان" بە هێزەکانی ئێران گەیاندووە.

محەممەد پاکپوور، فەرماندەی هێزی پیادەی سوپای پاسداران دەڵێت "تیمێکی هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەوڵیانداوە بچنە ناو خاکی ئێران، لە سنوورەکانی پارێزگای ورمێ لەنێوبردراون". بەڵام ڕۆستەم جەهانگیری، بەرپرسی کۆمیسیۆنی سەربازی حدکا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان هێزەکانی ئێران پێنج کوژراو و چوار برینداریان هەیە. ڕەتیشکردەوە هیچ پێشمەرگەکیان شەهیدبووبێ یان کەوتبێتە دەست هێزەکانی ئێران.

# چیرۆکی ئەو چەکدارەی داعش کە لەدایکبووی 2003 بوو



فەتحی یەکێک بوو لە "بەچکەشێرانی خەلافەت" کە داعش لە مێرمنداڵان پێکیهێنابوو

**فرمان عەبدولڕەحمان**
**ڕووداو- مووسڵ**

لەنێو خێوەتەکەیدا کە ڕەشەبا بە توندی یاری بە چمکەکانی دەکرد، فەتحی و خانەوادەکەی تەماشای ئەو وێنانەیان دەکرد کە لەنێو مۆبایلەکەی فەتحیدا بوون. مۆبایلەکە وێنەی کوڕێکی 14 ساڵانی تێدایە کە هێندە منداڵ دەردەکەوت، قەت باوەڕت نەدەکرد هیچ کاتێک بەشداریی شەڕ و توندوتیژیی کردبێ، ئەوە وێنەی کوڕە گەورەی فەتحییە و ناوی عەبدولڕەحمانە. داعش لە سەرەتای پرۆسەی ڕزگارکردنەوەی مووسڵ دەیباتە بەرەکانی جەنگ لە شاری مووسڵ و ئیدی هیچ سۆراخێکی نامێنێ.

عەبدولڕەحمان لەدایکبووی 2003یە، کاتێ داعش هاتنە نێو مووسڵ، پاش ماوەیەک لە ڕێگەی مزگەوتی گەڕەکەکەیانەوە تێکەڵ بە بازنە شەرعییەکانی داعش دەبێت، دواتر دەبێتە ئەندامی گرووپێکی سەر بە داعش کە ناوی لێنرابوو بێچووە شێرانی خەلافەت (اشبال الخلافه).

فەتحی باوکی عەبدولڕەحمان کە خۆی بە کەمتەرخەم دەزانێ لە بەرامبەر چارەنووسی کوڕە چواردە ساڵانەکەی، دەڵێ "لە سەرەتاوە ئامۆژگاریی منداڵەکانم دەکرد بەهیچ شێوەیەک گوێ لە داعش نەگرن، بەڵام ئەوان هەموو کارێکیان دەکرد بۆ ئەوەی مێشکی منداڵان بشۆنەوە و بیانخەڵەتێنن". بەهۆی نزیکییماڵیان لە یەکێک لەو مزگەوتانەی داعش کردبوویە شوێنی شووشتنەوەی مێشکی منداڵان، عەبدولڕەحمانی کوڕی کەوتە ژێر کاریگەریی پروپاگەندەی داعشەوە. ئەو دەڵێت "لەم دواییانەدا هەستم پێکرد کە بە تەواوی ڕەفتاری گۆڕاوە و بەشێوەیەک گفتوگۆی لەگەڵ دەکردم هیچ کاتێ بەو شێوەیە نەمبینیبوو".

داعش لە چەندین گرتەی پڕوپاگەندەییدا دیمەنی ئەو هێزەی خۆی نیشاندەدا کە بە بێچووە شێرانی خەلافەت ناسرابوو، تێیدا چەندین منداڵ دەردەکەوتن کە بەشێوەیەکی توندوتیژانە مەشق و ڕاهێنانیان دەکرد. زۆر لەو منداڵانە بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، لە شەڕەکانی داعشدا کوژراون. هەندێکیشیان وەکو قەڵغانی مرۆیی بەکارهێنراون.

ڕۆژی 25ی کانونی دووەمی 2017، کوڕە چواردە ساڵانەکەی فەتحی دیار نامێنێ، دوای ئەوەی باوکی سۆراخی دەکات، بۆی دەردەکەوێ کە دوایینجار لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری داعشدا بینراوە. فەتحی گوتی: "ڕاستەوخۆ چوومە بارەگای داعش لە مزگەوتەکە، تکام لێیان کرد کە کوڕەکەم بدەنەوە، بەڵام گوتیان کوڕی تۆ لای ئێمە نییە، چەند هاوارم کرد و پاڕامەوە لێیان، هیچ وەڵامێکیان نەدامەوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دواتر بۆ فەتحی دەرکەوتوون، هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ نزیکەی 10 منداڵی دیکەدا براونەتە بارەگایەکی سەربازیی داعش و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کراون لە شاری مووسڵ. فەتحی بە دەم گریانەوە گوتی: "کوڕەکەم زۆر منداڵ بوو، هەرگیز چەکی بەکارنەهێناوە، تەنانەت شەوان کە دەچوو بۆ تەوالێت برا بچووکەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد، چونکە لە تاریکی دەترسا، بەڵام داعش بەزۆر لێیان ڕفاندم و مێشکیان شووشتەوە".

> ## لەنێو کۆمپیوتەرەکەی داعش ناوی 73 منداڵ هەبوو کە تەمەنیان 14 – 16 ساڵ بوو
>
> باوکی عەبدولڕەحمان

دوای دیارنەمانی کوڕەکەی، فەتحی سێ ڕۆژ لەسەر یەک دەچێتەوە بارەگای چەکدارانی داعش، بەڵام جگە لە نائومێدی هیچی دیکەی دەستناکەوێ. فەتحی هەرلەوێ چەند خێزانێکی دیکە دەناسێ کە ئەوانیش بە هەمانشێوە سۆراخی منداڵەکانیان دەکرد، یەکێک لەو خێزانانە پێشنیازی بۆ دەکات سەردانی کۆمپیوتەری گشتیی داعش بکات کە ناوی چەکدارەکانی ئەو ڕێکخراوەی تێدا تۆمار دەکرا.

فەتحی دەڵێ "زانیاریمان دەستکەوت ئەو بارەگایەی کە کۆمپیوتەرە گشتییەکەی داعشی لێ بوو لە شەقامی فاروق بوو لە بەری ڕاستی مووسڵ، کاتێک چووینە ئەوێ. داعشەکان لیستێکی ناوی چەکدارەکانیان داینێ بۆ ئەوەی بۆ ناوی منداڵەکانمان بگەڕێین". بە گوتەی فەتحی تەنیا لەو لیستەدا ناوی 73 منداڵ هەبوون کە وەک چەکدار نووسرابوون و سەرجەمیان لەدایکبووی 2001 و 2002 و 2003 بوون. فەتحی گوتی: "کاتێک تەمەنی ئەو منداڵانەم بینی کە لە نێو لیستەکەدا نووسرابوون، لە دڵی خۆمدا گوتم ئایا داعش دەیەوێ بەم منداڵانە بەرگری لە خەلافەتەکەی بکات؟".

فەتحی لە نێو لیستەکەدا ناوی عەبدولڕەحمانی کوڕی دەدۆزێتەوە، کاتێک بە داعشەکان دەڵێ ئەوە ناوی کوڕەکەمە، پێیدەڵێن کوڕەکەت لە بەری چەپی مووسڵ دیار نەماوە. ئەوکات فەتحی بە تەواوی بێ ئومێد دەبێ لە چارەنووسی کوڕەکەی، بەڵام دواتر یەکێکی دیکە لە خێزانەکان ناوی منداڵەکەیان دەدۆزنەوە لەنێو لیستەکەدا، چەکدارەکانی داعش پێیاندەڵێن کە بریندارە و لە نەخۆشخانەیە، فەتحی لەگەڵ ئەو خێزانە سەردانی کوڕە بریندارەکەیان دەکات، لەوێ چارەنووسی عەبدولڕەحمانی کوڕی لە منداڵە بریندارەکە دەپرسێ، ئەویش دەڵێ کە بە چاوی خۆی بینیویەتی کوژراوە، پاش چەند ڕۆژێکی دیکە ئەو منداڵە بریندارەش دەمرێ.

فەتحی ئێستا لە کەمپی سەلامیە لە نزیک شاری مووسڵ لەژێر خێوەتێکدایە، جگە لە ئازار و نارەحەتییەکانی ئاوارەیی، هەست بە ئازارێکی ویژدانیی گەورەش دەکات بەرامبەر چارەنووسی کوڕەکەی چونکە نەیتوانیوە بیپارێزێ. فەتحی گوتی: "هەوڵی زۆرمدا منداڵەکانم بپارێزم، بەڵام دواجار داعشەکان زەفەریان پێبرد و لە خشتەیان برد، ئەوان بەزۆر منداڵەکەمیان ڕفاند و لێیان زەوتکردم، ئەگەرنا ئەو نەیدەتوانی نە چەک بەکاربهێنێ و نە شەڕیش بکات".

منداڵەکەی فەتحی تەنیا منداڵێک نەبوو لە مووسڵ کە بووە سووتەمەنی ئەو ئاگرەی داعش بە ناوی خەلافەتەوە هەڵیگیرساند، بەڵکو چەندین خێزان و چەندین منداڵی دیکە لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەکانی داعشدا بوونە قوربانی. بەرپرسانی کەمپی ئاوارەکانی شاری مووسڵ دەڵێن، ساڵانێکی زۆریان پێویستە تاوەکو ئەو منداڵانەی ڕزگاریان بووە، لەگەڵ ژیانێکی نۆرماڵ و سروشتی ڕادەهێنرێنەوە.

# کۆنە ئەفسەرانی عێراق شەڕی یەمەن و سووریا دەکەن

**ئەمرۆ محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای دەکات بەشێک لە وڵاتانی ناوچەکە و لەوانەش ئیمارات، کۆنە ئەفسەرانی سوپای پێشووی عێراق بۆ شەڕی یەمەن و سووریا ناونووس دەکەن و لەوێ کاری ڕاوێژکاریی سەربازی و مەشق و ڕاهێنان دەکەن و بەشداریی شەڕی ئەو وڵاتانەیان پێدەکەن.

ئەمە قسەی تەنیا پەرلەمانتارێک نییە، بەڵکو زۆر پەرلەمانتاری دیکە و بەرپرسانی شیعە لە حکومەتی عێراق ماوەیەکە بە گەرمی باسی ئەمە دەکەن، بەڵام فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق و لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، بێئاگایی خۆیان لەو زانیارییانە دەردەبڕن.

بەگوێرەی شارەزایەکی سەربازی و ستراتیژیی عێراقی، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە ژمارەیەک ئەفسەری سوپای عێراق چوونەتە یەمەن و لەو وڵاتە گیرساونەتەوە.

سادق ڕەسوڵ حەسون، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە هاوپەیمانیی نیشتمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، زانیاریی نیمچە سەلمێنراویان هەیە کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ناوچەکە و لەوانەش ئیمارات، پەیوەندییان بە کۆنە ئەفسەرانی عێراقی سەردەمی ڕژێمی پێشووەوە کردووە بۆئەوەی بەشداری لە شەڕی یەمەن و سووریا بکەن.

سادق ڕەسوڵ کە سەر بە فراکسیۆنی چاکسازییە بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەزگا ئەمنییەکانیان لە مەترسیی ئەو ڕووداوە ئاگادار کردووەتەوە، ئەوانیش بەڵێنیان داوە بەدواداچوونی بۆ بکەن، هەروەها داواشیان لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق کردووە لەسەر ئەو پرسە بەدواداچوون بکەن. ئەو پەرلەمانتارە داوای لەو وڵاتانە کرد "واز لە دەستوەردانە کاروباری عێراق بهێنن" و دەشڵێت: "چاوەڕێی ئەو هەنگاوەمان لە ئیمارات نەکردووە، فریودانی ئەفسەرانی عێراقی بە بڕێک پارە شوورەییە".

ساڵی 1990 سوپای عێراق پلەی چوارەمی وەرگرتبوو لەڕووی ژمارەی سەربازەوە لەسەر ئاستی جیهان کە گەیشتبووە یەک ملیۆن سەرباز، زۆربەی پلەدارانی نێو سوپا سوننە بوون و وەلائیان بۆ حیزبی بەعسی عێراق هەبوو.

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لە 2003، بە بڕیارێکی پۆڵ بریمەر، حاکمی مەدەنیی عێراق، سوپای پێشووی عێراق هەڵوەشایەوە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی سوپا بە تایبەتی پلە باڵاکان ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کرد بەتایبەتیش وڵاتانی کەنداو، بەشێکیشیان بەشدارییان لە دروستکردنی گرووپە توندڕەوەکانی وەکو نەقشبەندی و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و دواتریش داعشدا کرد.

ئێستاش باس لە ڕۆڵی ئەو ئەفسەرانەی سوپای عێراق دەکرێ لە شەڕی یەمەن و سووریادا. لەبارەی ژمارەی ئەو ئەفسەرانەی کە چوونەتە یەمەن و سووریا، سادق ڕەسوڵ گوتی: "ژمارەکە نەزانراوە، چونکە پرۆسەکە بەشێوەیەکی نهێنی بەڕێوەدەچێ، بەڵام لەوە دڵنیاین کە هەندێک لە کۆنە ئەفسەرانی سوپای پێشوو چوونەتە یەمەن و سووریا، لەوێ کاری ڕاوێژکاریی سەربازی دەکەن، مەشق و ڕاهێنان بە سەرباز دەکەن و تەنانەت بەشداری هەندێک لە شەڕەکانیش دەکەن".

پەیوەندیی سەربازی لە نێوان یەمەن و عێراق ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و بۆ سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. ئەوکات ژمارەیەک ئەفسەر و سەربازی یەمەنی لە عێراق خول و ڕاهێنانیان بینیوە و خوێندوویانە. پاشان ئەفسەرانی باڵای عێراقی ڕەوانەی یەمەن کراون بۆئەوەی بەشداری لە بنیاتنانی سوپای ئەو وڵاتەدا بکەن. دواتریش پەیوەندییەکی توندوتۆڵ سەدام حوسێن، سەرۆکی پێشووی عێراق و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، سەرۆکی پێشووی یەمەنی لە ساڵانی هەشتا و نەوەدەکاندا کۆکردبووەوە.


بەپێی ئامارە نافەرمییەکان نزیکەی 70 هەزار عێراقی لە یەمەن هەن

لیوا ماجد قەیسی، شارەزای سەربازی و ستراتیژی بە (ڕووداو)ی گوت، هێزەکانی گاردی کۆماریی یەمەنی لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا لەسەر دەستی گاردی کۆماریی عێراقی دامەزراوە، بە تایبەتی کە ئەوکات پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان سەدام حوسێن و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، سەرۆکی یەمەندا هەبوو، بۆیە بەردەوام ئەفسەرانی عێراق چوونەتە یەمەن و مەشق و ڕاهێنانیان بە سوپا و گاردی کۆماریی یەمەنی کردووە، یان ئەفسەر و سەربازانی یەمەنی هاتوونەتە عێراق بۆ وەرگرتنی مەشق و ڕاهێنان".

بەگوتەی لیوا ماجید قەیسی، تەنانەت لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی 2003، هەندێک لە ئەفسەرانی سوپا کە هەندێکیان فڕۆکەوانن، چوونەتە یەمەن و لەوێ گیرساونەتەوە. ئەو شارەزا سەربازی و ستراتیژییە هەواڵی چوونی ئەفسەرانی دیکەی عێراق بۆ شەڕی یەمەن بە دوور نازانێت و پێیوایە هەندێکیان لەبەر پارە و بژێویی ژیانیان چوون.

ساڵی 1979 عێراق و یەمەن ڕێککەوتنیان واژۆ کرد لە بواری ئابووری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا، هەروەها لە 16ی شوباتی 1989 یەمەن لەگەڵ عێراق، ئوردن و میسر، لە بەغدا ڕێککەوتنی دامەزراندنی ئەنجوومەنی هاریکاری عەرەبی-یان واژۆ کرد.

دەگوترێت هەندێک لە ئەفسەرە کۆنە بەعسییەکان لەنێو دامەزراوە سەربازی و هەواڵگرییەکانی یەمەندا کاردەکەن.

عەقید حوسێن حەمزە زالمی، ئەفسەری سوپای پێشووی عێراق دەڵێت بۆ کارکردن کۆمپانیایەکی ئیماراتی کە کاری بەندەرەکان دەکات، پەیوەندییان پێوە کردووە، سەرەتا پەسەندی کردووە، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوتووە بۆ کارێکی سەربازیی سنووردارە لە بەرژەوەندیی ئیمارات کە بەشێکی سوپاکەی لە یەمەن جێگیرن.

> ## ئیمارات بۆ شەڕی یەمەن و سووریا ئەفسەرانی پێشووی سوپای عێراق ناونووس دەکات

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان نزیکەی 70 هەزار عێراقی لە یەمەن هەن، تەنیا سێ هەزاریان وەک پەنابەر لە نەتەوە یەکگرتووەکان ناوی خۆیان تۆمار کردووە، زۆربەیان ڕەتیدەکەنەوە وەک پەنابەر خۆیان تۆمار بکەن کە بەشێکی زۆریان خاوەن توانا و بڕوانامەی بەرزن.

عەمید یەحیا ڕەسوڵ، گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق دەڵێت هیچ زانیارییەکیان لەبەردەست نییە کە بیسەلمێنێ کۆنە ئەفسەرانی سوپای پێشوو ڕەوانەی یەمەن و سووریا کرابن و هیچ ڕاپۆرتێکیان لەو بارەیەوە پێنەگەیشتووە.

هەروەها عەبدولعەزیز حەسەن، بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لیژنەکەیان هیچ زانیارییەکی لەوبارەیەوە نییە، بابەتی لەو شێوەیەش لە لیژنەکەیان باس نەکراوە.

ساڵی 2015 هێزی عەرەبیی هاوبەش بە سەرۆکایەتی سعودیە دەستیان بە ئۆپەراسیۆنێک بۆ سەر چەکدارانی حوسی و هێزەکانی نزیک لە عەلی عەبدوڵڵا ساڵح کرد کە هەریەک لە میسر، مەغریب، ئوردن، سودان، ئیمارات، کوێت و بەحرێن تێیدا بەشدارن.

مانگی تەممووزی ئەمساڵ و پاش سەرهەڵدانی قەیرانی دیپلۆماسیی کەنداو، دەوڵەتی قەتەر لە هاوپەیمانییەکە دوورخرایەوە.

### بەنگلادیشی و عەرەبی سوننە چارەنووسی خۆیان داوەتە دەست قاچاخچیی کورد

# قاچاخچیی کورد چەکداری داعش دەبەنە تورکیا

سالْح قادر و ڕەهەند محەممەد
ڕووداو- مێرگەسۆر

لە بازگەیەکی ئاسایش لەسەر ڕووباری بەرازگر لە سنووری قەزای مێرگەسۆر، 19 ژن و منداڵ کە تەنیا پیاوێکیان لەگەڵە، لە بن دیواری بنکەیەکی ئاسایش دانیشتوون. ئەوان ئەندامانی سێ خێزانی عەرەبی سوننەن، یەکێکیان لە مووسڵ، یەکێکیان لە تکریت و ئەوەی دیکەش لە بەغداوە هاتبوون. ئەوان چارەنووسی خۆیان دابووە دەست قاچاخچییەکی کورد کە نەیتوانیبوو بیانگەیەنێتە شوێنی مەبەست و لەمدیوی سنوور دەستگیر کرابوون. سێ خێزانەکە لەلایەن ئاسایشی ناوچەکەوە لەوێ ڕاگیرابوون، قاچاخچییەکەش دوای ئەوەی تەقەی لە مەفرەزەکەی ئاسایش کردبوو، هەڵاتبوو.

بە گوتەی بەرپرسانی ئەمنی، لەوێ زوو زوو ئەو دیمەنانە دووبارە دەبنەوە، بە تایبەتی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵ لەلایەن هێزە عێراقییەکان. زۆربەی ئەو عەرەبە سوننانەی لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێن، دەڵێن لە ترسی هێزە عێراقییەکان ڕادەکەن، چونکە هەندێک لەو هێزانە بە یەک چاو سەیری چەکدار و لایەنگرانی داعش و هاووڵاتیانی سڤیلی سوننە دەکەن.

نائارامیی شارەکانی عێراق، بە تایبەتی سوننەنشینەکان، ناڕوونیی ئایندەی کوردی ڕۆژئاوا لە هەرێمی کوردستان، هەروەها گرفت لە گەیشتنی بەنگلادیشی و فلیپینییەکان بۆ تورکیا، چەندین عەرەب و کوردی ڕۆژئاوا و بەنگلادیشی و فلیپینیی ناچار کردووە لەڕێی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی لە سنووری قەزای مێرگەسۆرەوە خۆیان بگەیەننە تورکیا.

ئەو ناوچەیە کە پێشتر دەروازەی بەقاچاخ ڕۆیشتنی کوردی باشوور بوو، ئێستا بووەتە تاکە دەروازە و هەرزانترین دەروازە بۆ کۆچکردنی کوردی ڕۆژئاوا و عەرەبی سوننە و بەنگلادیشی و فلیپینی بەرەو تورکیا، لەوێش بەرەو وڵاتانی ئەورووپا. بەدرێژایی دەشتی بەرازگر تاوەکو دەگەیتە سەر ڕووباری ماوان کە باکوور و باشووری کوردستان لەیەک جیادەکاتەوە، چەندین توولەڕێی

> نەفەری عەرەب ناپەڕێنمەوە، چونکە داعشیان لەگەڵە



قاچاخچییەکی کورد

قاچاخ هەن. ئەو مەودایە کە بە ئۆتۆمبێل نزیکەی سەعاتە ڕێیەک دەبێ، بە فەرمی لەژێر کۆنترۆڵی هیچ هێزێکدا نییە.

### دوو هەوڵی سەرنەکەوتوو لە هەفتەیەکدا

محەممەد شێخ مووس ئەحمەد، لە هەموو ئەو کۆچبەرانە بە تەمەنتر بوو کە هەفتەی ڕابردوو لەلایەن مەفرەزەیەکی ئاسایشی مێرگەسۆر لەسەر ڕووباری ماوان، دەستگیرکران.

محەممەد کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە و پێنج ساڵە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە، پێشتر لە هوتێلەکانی شاری دهۆک کاری دەکرد، بەڵام دەڵێت ئێستا بێکارە، بۆیە دەیویست لەگەڵ کوڕە تەمەن 20 ساڵانەکەی هەرێمی کوردستان بەرەو تورکیا جێبهێڵێ. محەممەد گوتی دەیەوێ لە تورکیا کار بکات، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) زۆربەی ئەو کوردانەی ڕۆژئاوای کوردستان کە بەو ڕێگەیەدا دەپەڕنەوە بۆ باکووری کوردستان، دەچنە کەمپێکی یوئێن لە نزیک جۆلەمێرگ.

محەممەد لە ڕێگەی ناسیاوەکانیاوە بیستوویەتی کە ئەو ڕێگەیەی بە قاچاخ پێیدا دەڕۆن ڕێگەیەکی سەلامەتە، ئەو بەیانییەک لەگەڵ کوڕەکەی و سێ کەسی دیکە لە دهۆکەوە سواری ئۆتۆمبێلێک دەبن بەرەو خەلیفان و سۆران، دواتریش بەرەو مێرگەسۆر و پیران و سەر سنوور. ئەو دەڵێت: "بە چوار ئۆتۆمبێل ئێمەیان گەیاندە چۆڵەوانییەک، پێیانگوتین ڕێگاکە خۆشە و هیچ مەترسیی تێدا نییە، بەڵام ماوەیەکی زۆر بەپێ ڕۆیشتین، دەست و قاچمان بریندار بوو، لە ڕێگادا پەشیمان بووینەوە، بەڵام قاچاخچییەکە گوێی لێنەگرتین، بەر لەوەی لە ڕووبار بپەڕینەوە، دەستگیرکراین".

محەممەد لە ماوەی 10 ڕۆژدا دووجار بەختی خۆی لەو ڕێگایە تاقیکردووەتەوە، هەر جارێکیش 450 دۆلاری داوەتە قاچاخچی، بەڵام هەردوو جارەکە دەستگیرکراوە. ئەو گوتی: "چیدی نایەمەوە ئەو ڕێگایە".

### خێزانێکی لێکدابڕاو

بەپێی ئامارەکانی یوئێن، نزیکەی 270 هەزار کوردی ڕۆژئاوای کوردستان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. بەشێکیان هەر لە سەرەتای قەیرانی سووریاوە ڕوویان لە ئەورووپا کرد و خێزانەکەی جاسم یەکێک بوو لەوان.

جاسم محەممەد، 47 ساڵ، خەڵکی شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستانە. ئەو گوزەرانی لە زۆربەی ئەو کوردانەی ڕۆژئاوا باشترە کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، چونکە وەستای کاشییە، بەڵام دەیەوێ بە هەر نرخێک بێت، خۆی بگەیەنێتە لای هاوژین و چوار منداڵەکەی لە ئەڵمانیا کە چوار ساڵ لەمەوبەر قاچاخچییەک بە 15 هەزار دۆلار گەیاندوونی بە ئەڵمانیا.

جاسم گوتی: "لە هەرێمی کوردستان هیچ کێشەم نەبوو، ئیشم هەبوو، بەڵام بیری هاوژینەکەم و منداڵەکانم دەکەم، بۆیە دەمەوێ بچمە لای ئەوان". جاسمیش لەگەڵ کوڕەکەی و دەزگیرانی کوڕەکەی دووەم جاریانە خۆیان لە ڕێگەی قاچاخ دەدەن، بەڵام دەرناچن.

جاسم پێیوایە گەورەترین موجازەفە بە ژیانی خۆیان دەکەن، بەڵام دەڵێت ناچارە بڕوات بۆ لای هاوژین و منداڵەکانی. بەڵام تەنیا جاسم نییە کە دەیەوێ هەرێمی کوردستان جێبهێڵێ و دەڵێت "ڕۆژانە چەندین کوردی ڕۆژئاوا خۆیان لە ڕێگەی قاچاخ دەدەن و دەیانەوێ بگەنە ئەورووپا".

کانیوار موسا گەنجێکی قۆزی تەمەن 22 ساڵە، لە تەنیشت دەزگیرانەکەی وەستاوە کە چەند ڕۆژێکە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتووەتە باشوور. کانیوار قوتابی ئەندازەی تەلارسازی بوو لە قامشلۆ، بەڵام سێ ساڵ لەمەوبەر دەستبەرداری خوێندنەکەی بوو و ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد.

کانیوار، دەیەوێ ژیانێکی ئارام بۆ خۆی و دەستگیرانەکەی دابین بکات، لە هەمانکاتدا بە خێزانەکەی شاد ببێتەوە کە ئێستا لە ئەڵمانیان. ئەو گوتی: "من بەدوای ئایندەیەکدا بۆ خۆم و خێزانەکەم دەگەڕێم".

جیلان عەفیف، 20 ساڵ، خەڵکی قامشلۆیە، دوو هەفتە لەمەوبەر لەسەر قسەی کانیوار هاتووەتە کوردستان، بۆ ئەوەی لێرەوە بەڕێگەی قاچاخ خۆی بگەیەنێتە ئەورووپا، ئەو گوتی "کەسوکارەکەم ڕازی نەبوون خۆم لەو ڕێگایە بدەم، بەڵام ناشتوانم بە قسەی دەزگیرانەکەم نەکەم". جیلان لە ڕێگەی قاچاخ زۆر ماندوو بووە و دەڵێت: "جارێکی دیکە نایەمەوە ئەو ڕێگایە، ناشگەڕێمەوە قامشلۆ و لەلای دەستگیرانەکەم دەمێنمەوە".

کانیوار زۆری لەبارەی دەستدرێژی قاچاخچییەکان بۆ سەر کچان و ئافرەتان بیستووە، بۆیە دەڵێت "لە ڕێگا دەستم لە نێو دەستی جیلان بوو، یەک هەنگاو لێی دوورنەدەکەوتمەوە، زۆر دەترسام، بەڕاستی ئەوە موجازەفەیەک بوو بە ژیانی خۆمان کردمان".

### بەنگلادشی بە کوردستاندا دەچنە ئەورووپا

جگە لە ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان، بەنگلادیشییەکانیش موشتەرییەکی دیکەی قاچاخچییەکانی ئەو ڕێگایەن، بەشێک لەو کرێکارە بەنگلادیشیانەی ماوەیەک لە کوردستان ماونەتەوە، بەو ڕێگایەدا خۆیان گەیاندووەتە تورکیا و پاشان وڵاتانی دیکەی ئەورووپا. هەندێکشیان هەر لەگەڵ گەیشتنیان بە کوردستان خۆیان لەو ڕێگەیە دەدەن.

محەممەد نوورنامین، خەڵکی بەنگلادیشە و لەگەڵ چوار هاوڕێی دیکەی کە دوو مانگە لە بەغداوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، لەلایەن مەفرەزەیەکی ئاسایش لەسەر سنووری باکوور و باشووری کوردستان دەستگیرکراون.

نوورنامین گوتی: "لە بەنگلادیش کارم دەستنەدەکەوت، بیستوومانە لە تورکیا ئیش زۆرە، بەڵام ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ لە بەنگلادیشەوە بچینە تورکیا، بۆیە لەگەڵ قاچاخچی ڕێککەوتین کە بێین بۆ عێراق، دواتر بۆ هەرێمی کوردستان، لێرەش بە قاچاخ بچینە تورکیا".

هەر بەنگلادیشییەک لە هەرێمی کوردستان بە 900 دۆلار لەو سنوورە دەپەڕێنرێتەوە کە دوو ئەوەندەی نرخی پەڕاندنەوەی کوردێکی ڕۆژئاوایە، چونکە زۆربەی بەنگلادیشییەکان بێ پاسپۆرتن و پاسپۆرتەکانیان لەلایەن قاچاخچییەکانەوە لێ وەردەگیرێت و پێیاندەڵێن کە گەیشتنە تورکیا پاسپۆرتەکانتان دەدەینەوە، هەر بۆیە بە ڕێگەی قاچاخ و دوور لە چاوی دەزگا ئەمنییەکان و بازگەکان دەگەیەنرێنە سەر سنوور.

### لە قاچاخچیی کاڵاوە بۆ مرۆڤ

ئەگەر کەسێک بیەوێ بە قاچاخ بەو ڕێگایەدا بڕوات، لانیکەم دەبێ چوار تاوەکوو شەش ئۆتۆمبێل بگۆڕێ تاوەکوو دەگاتە سەر سنوور. دوایین قاچاخچی کە ئەو کەسانە لە سنوور دەپەڕێننەوە، زۆربەیان دانیشتووانی سەر سنوورن.

عیززەت کە قاچاخچییەکی کوردە، پێشتر گازی بە قاچاخ دەبردە تورکیا، بەڵام ماوەیەکە پیشەکەی گۆڕیوە و نەفەر ئاودیو دەکات. عیززەت ئەوە سێیەم جاریەتی لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێ، بە گوتەی خۆی بەهۆی هەژارییەوە ئەو کارە دەکات.

عیززەت خاوەنی ئۆتۆمبێلێکی جۆری نیسان پەترۆڵە، بۆ گواستنەوەی هەر وەجبەیەک نەفەر (6 — 7 کەس) بە گوتەی خۆی 150 دۆلار وەردەگرێ، بەڵام دەگوترێ بۆ هەر وەجبەیەک زیاتر لە 500 دۆلار وەردەگرن. ئەو دەڵێت "ئەوە سێیەمجارە نەفەر لە سنوور بپەڕێنمەوە، بەڵام تەنیا یەک وەجبەم پەڕاندووەتەوە و لە دوو وەجبەی دیکە دەستگیرکرام".

### داعشی قاچاخ

قەزای مێرگەسۆر سنوورێکی 65 کیلۆمەتری لەگەڵ باکووری کوردستان هەیە، قاچاخچییەکان بە درێژایی دەشتی بەرازگر چەندین ڕێگەی قاچاخیان دروستکردووە بۆ پەڕاندنەوەی مرۆڤ و کاڵا.

عیززەت دانیشتووی گوندی خێرەزۆرە لە نزیک سنووری باکوور و باشووری کوردستان، ئەو نەفەرانەی ئاودیویان دەکات لە قاچاخچییەک وەردەگرێ بەناوی (ر) کە دانیشتووی گوندێکی نزیکیانە، پاشان لە سنوور دەیانپەڕێنێتەوە. ئەو گوتی "هەندێک وەجبە تاوەکو دەگەنە لای من نزیکەی شەش دەست دەکەن".

زۆربەی ئەو کەسانەی ئاودیویان دەکات کوردن و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانن، بە گوتەی خۆی نەفەری بیانی ئاودیو ناکات، بەڵام دوایینجار کە دەستگیرکرا، دەیویست چەند بەنگلادیشییەک ئاودیو بکات. ئەو گوتی "نەفەری بیانی زۆر بە کێشەن، تێیاندایە داعشە و دەیەوێ لێرەوە دەرباز بێت".

ئەو سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی ڕۆژانە لە سنوور دەپەڕنەوە، گوتی "ڕۆژانە نزیکەی 5-6 وەجبە نەفەر لەو ناوچەیەی ئێمە دەپەڕنەوە و تەسلیمی قاچاخچییەکانی تورکیایان دەکەین کە ئەوانیش کوردن".

عیززەت بەڵێنی داوە ئەگەر ئەمجارە ئازاد بکرێ واز لەو کارە بهێنێ. ئەو دەڵێت "زۆربەی دانیشتووانی سەر سنوور وەکو من قاچاخچین، بەڵام زۆربەیان لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراون".

### لە ترسی سوپای عێراق ڕادەکەن

زۆربەی ئەوانەی لەسەر سنوور دەستگیر دەکرێن، دوای ئەوەی لە ئاسایشی مێرگەسۆر دۆسیەیان بۆ دەکرێتەوە و لێکۆڵینەوەی سەرەتاییان لەگەڵ دەکرێ، دۆسیەکەیان ڕەوانەی دادگا دەکرێ.

عەمید شەریف مێرگەسۆری، بەڕێوەبەری ئاسایشی مێرگەسۆر، پل بە زەنگەکەی بەردەمییەوە دەنێت و داوا لە کارمەندانی دەکات هەرچی زووە دۆسیەی ئەو نۆ کۆچبەرە و دوو قاچاخچییەکەی لەلای ئەوان دەستبەسەرن ئامادە بکەن و بینێرن بۆ دادگا، چونکە تاوەکو زیاتر لەلای ئەوان بمێننەوە ئەرکیان زیاتر دەبێ.

عەمید شەریف باسی ئەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێ بە قاچاخ سنوور ببڕن و دەڵێ "ئێستا بە پلەی یەک برایانی ڕۆژئاوای کوردستان لەو ڕێگایەوە دەیانەوێ بچنە دەرەوە، دوای ئەوانیش عەرەبە سوننەکان بە تایبەتی عەرەبی مووسڵ کە لە دەستی سوپای عێراق ڕادەکەن".

ئەو نموونە بە ئافرەتێک دەهێنێتەوە کە لەگەڵ چواری کچەکەی لەسەر سنوور گیراون و دەڵێت "ئەو ئافرەتە چوار کچی گەنجی لەگەڵ بوو، لێمپرسی ئەو ڕێگایە ئەوە دەهێنێ کەرامەتی خۆت بدەیتە دەستی قاچاخچی؟ گوتی چی بکەین ناچارین، لە دەستی حەشد و سوپا هەڵدێین".

عەمید شەریف گلەیی لە حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەیە و دەڵێت: "حیزبەکانی سووریا کەموکوڕییان هەیە و نەیانتوانیوە پەیوەندی لە نێوان خۆیان و خەڵکەکەیان دروست بکەن، لەڕووی فکرییەوە تەغزییەیان بکەن، یان ڕێیەکی سەلامەت و یاساییان بۆ بدۆزنەوە". ئەو پێیوایە کۆچی زۆربەی کوردی ڕۆژئاوا بۆ ئەورووپا "چاولێکەرییە".

سەبارەت بە بەنگلادیشی و فلیپینییەکانیش، عەمید شەریف دەڵێت "لەو ماوەیەدا دوو وەجبە بەنگلادیشی و فلیپینیمان گرتووە، ئەوان لە ڕێگەی فەیسبووک و تۆڕی دیکەوە ئەو ڕێگەیەیان دۆزیوەتەوە".

### داعش و بکوژ بە کوردستاندا دەڕۆن

عەمید شەریف باسی مەترسیی ڕۆیشتنی عەرەبەکان بە کوردستاندا دەکات و دەڵێت "قاچاخچێتی دیاردەیەکی مەترسیدارە، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە مووسڵ ماونەتەوە، ماوەی دوو سێ ساڵ لەژێر هەیمەنەی داعشدا بوون. ڕەنگە بەشێک لە فکرەی ئەوانیان هەڵگرتبێ. تاوەکو ئێستا چوار پێنج حاڵەتمان هەبووە کە داواکراو بوون، داعشی تێدابووە، بکوژی تێدا بووە. قاچاخچیی مادەی هۆشبەر و حەبی ترامادۆڵی تێدا بووە".

بە گوتەی عەمید شەریف، ئێستا تۆڕێکی فراوانی قاچاخچێتی دروستبووە کە هەندێک لەو تۆڕانە لە بەغداوە دەستپێدەکەن تاوەکو دەگەنە سەر سنوور. عەمید شەریف دەڵێت: "سنوورەکەمان زۆر بەرفراوانە، ئەو قاچاخچیانە هیچیان بە بازگە و فلتەری ئەمنیدا ناڕۆن، زۆرتر بە شاخەکاندا دەڕۆن، زۆرجاریش نەفەرەکان بە ناوی گەشتیارەوە چەند بازگەیەکیان بڕیوە، بەڵام دواتر دەستگیرکراون".

### 500 نەفەر و 60 قاچاخچی دەستگیرکراون

بەهۆی زۆریی شاڵاوی کۆچ لە سنووری قەزای سۆران و مێرگەسۆر، ئێستا ئەرکی هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکە زیاتر بووە. عەمید شەریف دەڵێت: "لە پاش ڕزگارکردنی مووسڵ، مەترسییەکان زیاتر بوون، شەو و ڕۆژ لە دەرەوەین".

بەرپرسی ئاسایشی مێرگەسۆر ژمارەی ئەو کەسانەی ئاشکرا کرد کە ئەمساڵ دەستگیریان کردوون و گوتی "ئەمساڵ سەرووی 500 نەفەر و 60 قاچاخچیمان دەستگیر کردووە، هەندێک لەوانە سێیەمجاریانە لەو ڕێگەیە دەستگیر دەکرێن".

سەبارەت بە ڕەگەزی نەفەرەکانیش، عەمید شەریف مێرگەسۆری گوتی "نزیکەی 30%یان ئافرەتن، ئافرەتی وا هەبووە بە تەنیا خۆی لەو ڕێگایەی داوە، لەو ماوەیەدا دوو کچمان دەستگیرکردن کە خەڵکی قامشلۆ بوون و دەیانویست لەو ڕێگەیەوە کۆچ بکەن".

### قاچاخچییەکان بوونەتە مافیا

ئەوانەی ڕێگەی کۆچ دەگرنە بەر، هەر لە سنووری باشووری کوردستاندا ڕووبەڕووی نەهامەتی دەبنەوە، ئەمساڵ چەند کۆچبەرێک لە ڕووباری ماوان خنکان. هەروەها ئەو ناوچەیەی پێیدا دەڕۆن لە ڕووی ئەمنییەوە پارێزراو نییە، گەریلای پەکەکەی لێیە و بەو هۆیەشەوە زۆرجار لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە بۆردومان دەکرێ.

عەمید شەریف مێرگەسۆری باسی مەترسیی ڕێگاکە دەکات و دەڵێت: "بەداخەوە گواستنەوەی مرۆڤ ئێستا وەکو پیشەیەک لێی دەڕوانرێ، لە کاتێکدا بەپێی یاسا ئەوە بازرگانییە بە مرۆڤ و دەچێتە چوارچێوەی تاوانی ڕێکخراو. ئێستا لە سنوورەکان قاچاخچی بوونەتە مافیا، بە تایبەتی لە باکووری کوردستان، وەکو کاڵا تەماشای نەفەر دەکەن و دەیانفرۆشنەوە، پارەی زیاد لە خەڵک وەردەگرن. دەستدرێژی دەکەنە سەر ئافرەتان".

وشەی پەشیمانی بەسەر زاری زۆربەی ئەو کەسانەدا دێ کە دەستگیردەکرێن، جا کۆچبەر بن یان قاچاخچی، بەڵام عەمید شەریف دەڵێت ئەوان وەکوو تاوانبار سەیریان ناکەن، زۆرجار هەر لەلای خۆیان هەوڵی پەشیمانکردنەوەیان دەدەن. بە گوتەی ئەو کۆچبەری وا هەبووە، بەهۆی ئامۆژگارییەکانی ئەوانەوە بڕیاری داوە بیرۆکەی سەفەر لە مێشکی خۆی دەربکات.

> نەفەری وامان گرتووە چەکداری داعش بووە
>
> ئەمساڵ 500 نەفەر و 60 قاچاخچیمان دەستگیر کردووە
>
> 30%ی ئەوانەی بە سنوورەکەماندا کۆچ دەکەن ئافرەتن
>
> قاچاخچییەکانی باکوور بوونەتە مافیا

عەمید شەریف مێرگەسۆری، بەڕێوەبەری ئاسایشی مێرگەسۆر



پێنج کوردی ڕۆژئاوا و چوار بەنگلادشی کە هەفتەی ڕابردوو لە نزیک ڕووباری ماوان بەر لە پەڕینەوەیان بۆ نێو خاکی باکووری کوردستان لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کران (فۆتۆ: ڕووداو)



یەکێک لە ڕێگا قاچاخەکان لە دەشتی بەرازگر لە سنووری قەزای مێرگەسۆر (فۆتۆ: ڕووداو)

رووداو
ئابووری
ژمارە ( 468 ) - دووشەممە 2017/8/7



## بەغدا هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆ کوردستان رادەگرێت

**رووداو- هەولێر**

بە نووسـراوی وەزارەتی نەوتی عێراق، هەناردەکردنی نەوتی خاوی کەرکووک بۆ هەرێمی کوردسـتان راگیراوە. کەریم خەتاب جەعفەر، بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ کاروباری دەرهێنان، رۆژی یەکشـەممە 2017/8/6 نووسـراوی بۆ کۆمپانیای نەوتی باکوور کردووە لەبارەی راگرتنی نەوتی کۆمپانیاکە بۆ هەرێمی کوردستان. لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، لەسەر خواستی کار، دەستبەجێ هەناردەکردنی نەوتی خاو لە کۆمپانیاکەتان بۆ هەرێمی کوردستان رادەگیرێت. پێشتر رۆژانە 40 هەزار بەرمیل لە نەوتی خاوی کەرکووک بۆ پاڵاوگەی کەڵەک، 40 هەزار بەرمیل بۆ پاڵاوگەکانی کەرکووک، 20 هەزار بەرمیل بۆ پاڵاوگەی بازیان دەنێردرا. 50 هەزار بەرمیلیش لە رێگەی کوردستانەوە بۆ بەندەری جەیهان دەنێردرا.

### خواست لەسەر کاڵای خۆماڵی زیادبووە

# 40%ی کارگەکانی کوردستان بەگەڕدەخرێنەوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهـۆی بەرزبوونـەوەی کواڵیتـی و گونجاویـی نرخەکانیان، خواسـت لەسـەر بەکاربردنی بەرهەمی کارگە خۆماڵییەکانی کوردستان لە نێوخۆ و شارەکانی عێراقیش زیاد بووە. بەرپرسـێکی وەزارەتی بازرگانی دەڵێت 40%ی کارگاکانی ناوخۆ بەکارخراونەتەوە.

لە سـێ سـاڵی رابردوودا بەهۆی قەیرانی دارایی و شـەڕی داعشـەوە، خواسـت لەسـەر کاڵا و خۆراک بە جۆرێک رووی لە کەمی کرد کە زۆربەی خاوەن کارگە خۆماڵییەکانی ناچار کرد دەرگای کارگەکانیان دابخەن.

بەپێـی ئامـاری بەڕێوەبەرایەتی گشـتیی پلان و بەدواداچـوون لـە وەزارەتی پیشەسـازی و بازرگانی، 3899 کارگەی بچووک و مامناوەند و گەورە لە هەرێمی کوردسـتان هـەن کـە 2377 کارگەیان لە سـنووری پارێزگای هەولێرن، 1011 یان لە سـنووری پارێزگای سلێمانی و 511 یان لە سنووری دهۆکن.

ئەندازیار مستەفا زوبێر، سەرپەرشتیاری کارگەکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسـازی دەڵێت: "ئێستا نزیکەی 40%ی کارگەکان بەگەڕکەوتوونەتەوە و رۆژ لە دوای رۆژیش ژمارەیان لەزیادبووندایە".

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، سـاڵی 2015 زۆربەی کارگە نێوخۆییەکان داخران، بەڵام ساڵی رابردوو 30%یان بەگەڕکەوتنەوە، ئەمسـاڵیش بەهـۆی زیادبوونـی خواسـت لەسـەر بەکاربردنـی بەرهەمـی خۆماڵـی، 10%ی دیکـەی کارگەکان بەکارکەوتوونەتەوە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسـازی، پێـش سـاڵی 1992 لـە هەرێمـی کوردسـتان تەنیا 424 کارگـە هەبـوون، بەڵام لە 24 سـاڵی رابردوودا 3.475 کارگە لە هەرێمی کوردستان دامەزراون، ئێستا بەشـێکی بەرهەمی ئەو کارگانە بۆ شـارەکانی عێراق هەنارده دەکرێن.

ئەندازیار مسـتەفا زوبێـر دەڵێـت: "زۆرترین ئەو کارگانـەی بەکارکەوتوونەتەوە بە پلەی یەک کارگەی خۆراکـی و پاککـەرەوەن، دوای ئەوانیش کارگەکانی بیناسازی و پلاستیکی دێن، زۆربەی بەرهەمەکانیشیان بۆ شارەکانی عێراق هەنارده دەکەن".

> 15 %ی بەرهەمی کارگەکەمان هەناردەی ئەڵمانیا، هۆڵەندا و سوێد دەکەین
>
> خاوەنی کارگەیەکی خۆماڵی

تورکیـا کـە دراوسـێی هەرێمـی کوردسـتانە، پاڵپشـتییەکی باشـی کارگەکانی دەکات، پێشینەی درێژخایەنیـان بە سـوودی کـەم دەداتـێ، هەروەها ئەگەر بەرهەمەکەی بنێرێتە دەرەوە، 18%ی تێچووی بەرهەمەکـەی دەداتـەوە، جگە لـەوەش باجێکی زۆر دەخاتە سـەر بەرهەمی هاوردە، بەڵام لە کوردسـتان نـەک ئەو ئیمتیازانـە نادرێنە خـاوەن کارگە، بەڵکو حکومەت ئەمسـاڵ پـارەی کارەبا و باجی سـاڵانەی لەسەریان بە رێژەیەکی زۆر زیاد کردووە.

ئەندازیار مستەفا زوبێر دەڵێت: "پێشتر حکومەت بە پێدانی پێشینە و کارەبا بە نرخی هەرزان و نەوتی رەش هاوکاریـی کارگەکانی دەکـرد، بەڵام ماوەی دوو ساڵە ئەم هاوکاریانە وەستاون، ئێستا بۆ پارێزگاری لە بەرهەمی کارگەکان هەر کاتێک بزانین کاڵای کارگەیەک بەشی ناوەخۆ دەکات، باج و رەسمی گومرگی دەخەینە سـەر کاڵای هاوردەکراو، بۆ هاوردەکردنی کەرەسـتە سـەرەتاییەکان باجێکی کـەم وەردەگریـن، ئەمەش وای لـە خاوەن کارگەکان کـردووە بۆ کێبڕکێ بیر لە بەرزکردنـەوەی کواڵیتـی بەرهەم بکەنـەوە، بەمەش خواسـت لەسـەر بەکاربردنی بەرهەمی خۆماڵی زیاد بووە".

بـە گوتـەی مسـتەفا زوبێـر "60%ی بەرهەمـی کارگەکانی هەرێمی کوردسـتان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت، رێژەیەکی کەمیش هەناردەی ئیمارات و ئوردن و سووریا و ئەڵمانیا دەکرێ. بۆ نموونە ئەمساڵ کارگەی ئالین و فامیلی چەند بارهەڵگرێک بەهاراتیان ناردە ئەڵمانیا. کارگەیەکی دیکە لبادی قیرِی هەناردەی ئیمارات کردووە. هەندێ کارگەش کورسیی پلاستیکی و رۆنی دووبـارە پاککراوەی ئۆتۆمبیلیـان هەناردەی سووریا و وڵاتانی دیکە کردووە".



3899 کارگەی بچووک و مامناوەند و گەورە لە هەرێمی کوردستان هەن

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کارگەکانی پۆلێنی سەر 10 بوار کردووە کە بریتین لە بیناسازی، خۆراک، رسـتن و چنیـن، فلزییەکان، کیمیاوی، پلاسـتیکی، سـلیلۆزی، ئامێـرەکان، مۆبیلیـات و خزمەتگوزاری. لەنێو کارگەکانیش بواری بیناسازی بە 1.194 کارگە، بـواری فلزی بـە1.078 کارگە، بواری پلاسـتیکی بە 543 کارگـە لـەڕووی ژمارەوە پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمیان وەرگرتووە، بەدوای ئەوانیش خۆراک بە335 کارگـە و مۆبیلیات بە 286 کارگە لە پلەی چوارەم و پێنجەم دێن.

کارگـەی بەهاراتـی ئالیـن، یەکێکـە لـە کارگـە خۆماڵییەکانی شاری هەولێر، سەرەڕای قەیرانی دارایی توانیویەتی خۆی لەگەڵ بازاڕ بگونجێنێ و بەرهەمەکانی فرۆشی بەردەوامی هەبێت.

> ئەڵمانیا بەهاراتی کوردستان دەکڕێت

نەوشـیروان کانەبی، بەڕێوەبەری گشتیی کارگەی بەهاراتـی ئالیـن، دەڵێـت "بەهۆی بەرزیـی کواڵیتی بەرهەمەکانمـان، لـە ناوخۆ و لە شـارەکانی عێراق و ئەورووپاش خواستێکی باشی لەسەرە، رۆژانە سێ تۆن بەهارات، 21 تۆن پاککەرەوە، حەوت تۆن ساس و 10 تۆن ئاوی لیمۆ و هەنار بەرهەم دێنین".

کارگەی بەهاراتی ئالین لە ساڵی 2008 دامەزراوە، 64 جـۆر بەهـارات و 132 جـۆر کاڵای وەک کرێـم شـانتی، جەلی، پاودەر، ڤانێلا، کاسـتەر، شەربەت، نیسکافە، سـاس و پاککەرەوە و چەندین جۆر کاڵای دیکە بەرهەمدێنێ، بۆ کەرەسـتە خاوەکانیش پشـت بـە بەرهەمی وڵاتانـی وەک ئەمەریکا، هیند، ڤێتنام، بەرازیل و رووسیا دەبەستێ.

نەوشـیروان کانەبـی لەبـارەی سـاخکردنەوەی بەرهەمـی کارگەکەی دەڵێت: "35%ی بەرهەمەکانمان لـە ناوخـۆ، 50% لە شـارەکانی عێـراق و 15%ی بۆ وڵاتانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا و سوید هەنارده دەکەین".

گوتیشـی "80%ی ئـەو پارەیـەی لە فرۆشـتنی بەرهەکانمـان دەسـتمان دەکەوێـت جارێکی دیکە لە هاوردەکردنی کەرەسـتەی خاو دەچێتە دەرەوە. ئەمە لەکاتێکدایـە خاکی کوردسـتان گونجـاوە بۆ چاندنی نزیکـەی 70%ی ئـەم کەرەسـتە خاوانـەی کە ئێمە هاوردەیان دەکەین".

بەپێـی ئامارەکانـی وەزارەتی بازرگانـی، 60%ی کارگەکانی هەرێمی کوردسـتان لە شاری هەولێردان، بەڵام بەشی زۆری کارگەکانی هەولێر بەهۆی بێ بازاڕی داخراون.

تەیب کـەژۆ عەلـی، بەڕێوەبەری گەشـەپێدانی پیشەسـازی لە هەولێر، دەڵێت "دوای سـەرهەڵدانی قەیرانـی دارایی و هێرشـی داعش، زیاتـر لە 90%ی کارگەکانـی هەولێر بەتایبەت ئـەو کارگانەی لەلایەن وەبەرهێنـەری بیانـی یـان بەهاوبەشـی دامەزرابـوون، بەهـۆی بـێ بازاڕییەوە داخران، بەڵام ئێسـتا بەهۆی دوورکەوتنەوەی مەترسیی داعش و بوونی خواست لە ناوخۆ و شـارەکانی عێراق لەسەر کاڵای ئەو کارگانە، جوڵـەی باش کەوتووەتـە نێو کارگـەکان و نزیکەی 45%ی کارگەکانی هەولێر بەگەڕخراونەتەوە".

تەیـب کەژۆ دەڵێـت مۆڵەتی کردنـەوەی کارگەی نوێش زیادی کردووە، بۆ نموونە سـاڵی رابردوو تەنیا 25 مۆڵەتیـان داوە، بەڵام ئەمسـاڵ لە ماوەی حەوت مانگی رابردوودا 40 مۆڵەتیان داوە.

### لە 13 ساڵی رابردوودا

# 137 ملیار دۆلار لە کوردستان چووەتە دەرەوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت، لە سێ ساڵی رابردوودا بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە، قەبارەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردسـتان و دەرەوە، بە رێژەی 23% پاشەکشەی کردووە، بەڵام ئێسـتا بەهۆی دوورکەوتنەوەی داعشەوە، جوڵەی بازرگانی لەگەشەدایە و پێشبینی دەکەن قەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕە روو لە هەڵکشان بکاتەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشـتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی پیشەسـازی و بازرگانی، لە ماوەی 13 سـاڵی رابردوودا هەرێمی کوردستان بە بەهای زیاتر لە 136 ملیار و 539 ملیۆن و 963 هەزار دۆلار کاڵای جۆراوجۆری لە 15 وڵات هاوردە کردووە.

قەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییەش لە سـاڵی 2004 تاوەکوو 2013 بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە، بەجۆرێک لە 4 ملیار و 28 ملیۆن دۆلارەوە بۆ 17 ملیـار و 210 ملیـۆن دۆلار زیادی کـردووە، بەڵام لە سێ سـاڵی رابردوودا قەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕە بە رێژەی 23.4% پاشەکشەی کرد و ساڵی رابردوو بە بەهـای 13 ملیار و 192 ملیۆن و 473 هەزار دۆلار کاڵا هاوردە کراوە.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسـازی و بازرگانی دەڵێت "بەهۆی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا و سەرهەڵدانی شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت، هەرێمی کوردستان رووبەڕووی قەیرانێکی سەختی دارایـی بووەوە و داهاتـی تاک رووی لەکەمی کرد، ئەمەش خواستی بەکاربردنی کاڵای سنووردار کرد، بۆیە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ساڵی رابردوودا بەراورد بە ساڵی 2013 بە رێژەی 23.4% دابەزیوە".

وەک ئەو دەڵێت، ئێسـتا بەهۆی کەمبوونەوەی مەترسییەکانی داعش لەسەر هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی سەقامگیری، جموجۆڵی بازرگانی زیادی کردووە و ساڵی رابردوو بەراورد بە 2015 ، بە رێژەی 2.1% گەشەی کردووە، ئەمساڵیش جوڵەیەکی باش هەیە، بۆیە پێشبینی دەکەن قەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕە وەکوو رابردوو روو لە هەڵکشان بکاتەوە.

ئامارەکـەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسـازی هاوردەکردنی کاڵاکانی دابەشی 21 گرووپ کردووە کە بریتین لە بەرهەمە (ئاژەڵی و پەلەوەرییەکان، سـەوزە و میـوە، رۆنـی خـۆراک، خـواردن و خواردنـەوە، کانزایی، کیمیاوییەکان، پلاسـتیک، لاستیک، پێستە، دار، کاغەزییەکان، رستن و چنین، پێڵاو، کەلوپەلی بیناسازی، ئاسن و بەرهەمەکانی، ئامێـرە ئەلیکترۆنییـەکان، ئۆتۆمبێـل و ئامێـری قورس، کەلوپەلی پزیشـکی، جوانـکاری، هەندێ کاڵای دیکە).

لەنێـو کاڵا هاوردەکراوەکانـدا ئامێـرە ئەلیکترۆنییەکان، ئۆتۆمبیل، ئامێرە قورسەکان و ئاسن و بەرهەمەکانی پشکی شێریان بەرکەوتووە، دوای ئەوانیش بەرهەمە خۆراکییەکانی وەک خـواردن و خواردنـەوە، سـەوزە و میـوە، بەرهەمـە ئاژەڵی و کیمیاوییەکان ئینجا رسـتن و چنین دێن.

لەداتاکانـدا دەردەکەوێـت رێژەی پاشەکشـەی هاوردەکردنـی کاڵا لـە سـێ سـاڵی رابـردوودا زیاتـر لـە کەرەسـتەی بیناسـازی، ئۆتۆمبیـل و ئامێـرە قورسـەکان، بەرهەمە کانزاییـەکان، دار و پێویستییەکانی نێوماڵدا بووە. لەبەرامبەردا خواست لەسەر هاوردەکردنی خۆراک، بەرهەمە کیمیاوییەکان و بەرهەمەکانی پێسـتە زیاد بـووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کـە بەهۆی قەیرانی داراییەوە بەکاربەر داهاتەکـەی لە کڕینی پێداویسـتییە خۆراکییەکان خـەرج دەکات و دوورکەوتووەتـەوە لە بابەتەکانی خۆشگوزەرانی.

نـەوزاد ئەدهـەم دەڵێـت: "هەرچەنـدە لەڕێی ئـەم داتایانەوە ناتوانین رووی راسـتەقینەی باری گـوزەران و پێویسـتییەکانی خەڵکـی هەرێمـی کوردستان دیاری بکەین، چونکە بۆمان دەرکەوتووە بەگوێرەی خواست 40 تاوەکو 60%ی ئەو کاڵایانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، جارێکی دیکە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بۆمـان دەرکەوتووە دوای سـەرهەڵدانی قەیرانـی دارایـی خواست لەسەر خۆراک زیاد بووە و لەسەر کاڵاکانی بیناسازی و ئۆتۆمبیل وجوانکاریی نیومال کەمی کردووە".

مستەفا شێخ عەبدولڕەحمان، سەرۆکی گشتیی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان، گەشبینە بە بەرەوپێشچوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گەڕانەوەی بۆ ئاستی جارانی. ئەو دەڵێت لە شەش مانگی رابردوودا جوڵەی بازرگانی گەشـەی باشـی کـردووە، بۆیـە پێشـبینی دەکات تاوەکو کۆتایی ئەمسـاڵ گەشەی جوڵەی بازرگانی بە رێژەی 20% زیاد بکات بەراورد بە ساڵی رابردوو.

ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ 15 وڵات چڕبووەتـەوە، لەنێـو ئـەو 15 وڵاتـەش بەڕێژەی 72% ئاڵوگۆڕەکە لەگەڵ چوار وڵاتدایە کە بریتین لە تورکیـا: بە رێژەی 37.280%، چین: بە رێـژەی 15.372%، ئێـران بە رێـژەی 12.503% و کۆریای باشوور بە رێژەی 6.844%.

مستەفا شـێخ عەبدولڕەحمان دەڵێ: "لەڕێگەی بەشـداری لـە پێشـەنگا و کـۆڕ و کۆنفراسـە نێودەوڵەتییەکان، بردنی شاندنی بازرگانی بۆ وڵاتان لـە هەوڵی بەرفراوانکردنـی ئاڵوگۆڕی بازرگانیداین لەگەڵ وڵاتان، تاوەکو بازرگانانمان بتوانن لەگەڵ زۆرتریـن بازرگان و کارگەی وڵاتان پەیوەندییان هەبێت و کاڵای کواڵیتی بەرز و بەنرخی گونجاو هاوردە بکەن".

گەشـەی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە چەند سـاڵی رابردوودا سـەرنجی زۆربـەی کۆمپانیاکانی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی جیهانی بۆ خۆی راکێشا و زۆر کۆمپانیا ئۆفیسیان لە کوردستان کردەوە.

مسـتەفا شـێخ عەبدولڕەحمان، گوتـی "لە 15 پارێـزگای عێـراق تەنیا 950 کۆمپانیا ئۆفیسـیان کردووەتـەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردسـتان 3850 کۆمپانیای بیانی ئۆفیسـیان هەیە، دڵنیاشـم ئەم ئۆفیسانە لە داهاتوودا رۆڵی کاریگەریان دەبێت بۆ زیادبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی".

### هەڵە و ناهاوسەنگە

د.لوقمان عوسمان عومەر، پسپۆڕی گەشـەپێدانی ئابووری و بانـک، لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سـەڵاحەددین، چڕبوونـەوەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردسـتانی لەگەڵ چوار وڵات بە "هەڵە و ناهەوسەنگ" وەسف کرد و گوتی "پەیکەری ئاڵوگـۆڕی بازرگانیـی هەرێمی کوردسـتان هاوشـێوەی پەیکەری بەشـداریی کەرتەکان لـە داهاتـی نەتەوەیـی ناهاوسـەنگە، بۆیە ئەگـەر هەرێمـی کوردسـتان پێداچوونـەوە بـەم پەیکەرەدا نـەکات، لە داهاتـوودا هەر گرفتێک لەنێـوان کوردسـتان و تورکیا یان ئێران روویدات، ئاڵوگۆڕی بازرگانی تووشـی گرفت دەبێت و ناهاوسـەنگی لە خواسـت و خسـتنەڕووی کاڵاکان روودەدات، ئەمـەش زیانـی زۆر بە ئابووریی هەرێمی کوردسـتان دەگەیەنێ".



73%ی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا، چین، ئێران و کۆریای باشوورە





کۆمپانیا نەوتییەکان دەتوانن لە باشووری کوردستان بەردەوام بن لە کار و چالاکییەکانیان بێ ئەوەی کێشەی داراییان بۆ دروستبێت

کاردۆ کەمال

سەرەڕای نزمیی نرخی نەوت

# کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت لە قازانجکردن ناکەون

کاتێک تەماشای راپۆرتی دارایی کۆمپانیاکانی نەوت دەکەین لە ساڵی 2017دا، بۆمان دەردەکەوێ جێگیربوونی نرخی نەوت لە ئاستی 50$ مەترسی لەسەر کۆمپانیا نەوتییە زەبەلاحەکان دروست ناکات، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ستراتیژی کارکردنی خۆیان گۆڕی. بەپێی راپۆرتە داراییەکان، کۆمپانیاکانی نەوت توانیویانە لەڕێی کەمکردنەوەی خەرجییەکانیان قازانج بکەن، سەرەڕای نزمیی نرخی نەوت و جێگیربوونی لە ئاستی 50$ بۆ هەر بەرمیلێک.

لەچەند رۆژی رابردوودا کۆمپانیاکانی ئیکسۆن موبیل، شێڵ، شیڤرۆن، تۆتال و بریتش پیترۆلیۆم راپۆرتی دارایی خۆیان بۆ شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ ئاشکرا کرد، دەرکەوت هەر پێنج کۆمپانیاکە پێکەوە 23 ملیار دۆلاریان قازانج کردووە.

کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا قازانجێکی زۆریان کردووە یان توانیویانە ئەو زیانە پڕبکەنەوە کە لەساڵی 2015 و نیوەی ساڵی 2016 بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، بەریانکەوتووە.

جگە لە کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل، سەرجەم کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری نەوت توانیویانە سوود لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت ببینن لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەم کۆمپانیایانە سوودێکی زۆریان لە رێککەوتنەکەی نێوان ئەندامانی ئۆپیک و دەرەوەی ئەو رێکخراوە بینیوە، بەتایبەتیش رووسیا، بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان. لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا نرخی یەک بەمیل نەوتی برێنت لە ئاستی 51.7 دۆلار بووە، ساڵی رابردوو لە هەمان ماوەدا نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت 39.8 دۆلار بوو.

ئەگەرچی قازانجی کۆمپانیا زەبەلاحەکان هێشتا زۆر کەمترە لەو قازانجەی کە سێ ساڵ لەمەوبەر دەیانکرد کاتێک نرخی یەک بەرمیل نەوت لەسەرووی 100$ بوو، بەڵام راپۆرتە داراییەکان پێماندەڵێن ئەم کۆمپانیایانە دەتوانن قازانج بکەن تەنانەت ئەگەر نرخی نەوت لەم ئاستەی ئێستاشیدا بمێنێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە کە کۆمپانیا نەوتییەکان دەتوانن لە باشووری کوردستان بەردەوام بن لە کار و چالاکییەکانیان بێ ئەوەی کێشەی داراییان بۆ دروستبێت.

لەچەند رۆژی رابردوودا قسەیەکی بۆب دادلی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای بریتش پیترۆلیۆم سەرنجی راکێشام، کاتێک گوتی ژینگەی ئێستا ژینگەیەکی قورسە بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان، رەنگە ئەم ژینگەیەش بۆ ماوەیەکی زیاتر بەردەوام بێت، بەڵام ئێمە دەتوانین نموونەیەکی نوێی کارکردن پەیڕەو بکەین کە وامان لێدەکات بەرگە بگرین و لەکارەکانیشمان بەردەوام بین.

> نرخی نەوت لەو ئاستەی ئێستایدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە

لەم قسەیەی بۆب دادلی ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لەدوای ساڵی 2014وە لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری نەوت ستراتیژی کارکردنی خۆیانیان گۆڕی و دەستیانکرد بە کەمکردنەوەی خەرجییەکانیان و فرۆشتنەوەی ئەو ئەسپاردانەیان کە ستراتیژی نین بۆ کۆمپانیاکانیان، بەمشێوەیەش توانیان پارەی کاشیان دەستبکەوێت و خەرجییەکانیان پڕبکەنەوە. یەکێک لە ستراتیژیە سەرکەوتووەکانی ئەم کۆمپانیایانە دەستبەرداربوونیان بوو لە بەشێک لە پرۆژەکانیان کە قازانجێکی کەم و تێچوویەکی زۆریان هەبوو. هەر ئەوەش لە راپۆرتی مانگانەی بانکی گۆڵدمەن ساکس-دا دەبینین کاتێک رایدەگەیەنێت کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری نەوت دەتوانن بەردەوامبن لە چالاکییەکانیان بە بەدەستهێنانی قازانج لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی خەرجییەکان.

شرۆڤەکارانی گۆڵدمەن ساکس رایدەگەیەنن کۆمپانیا نەوتییەکان لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا خاوەنی پارەیەکی کاش و کوتلەیەکی نەختیی زیاتربوون بە بەراورد بە هەمان ماوە لە ساڵی 2014دا، ئەگەرچی ئەوکات نرخی نەوت بەرزتریش بوو لەچاو ئەمساڵ.

دەیڤد ئیلمز، پسپۆڕ لە بواری وزە دەڵێت، لە ساڵی 2014ەوە تاوەکو ئێستا کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت توانیویانە بەڕێژەی 40% تێچووی ئاستی بەرهەمهێنان کەمبکەنەوە.

لێرەدا دەمەوێت شیکردنەوەیەک بۆ قسەکەی دەیڤد بکەم، کۆمپانیا زەبەلاحەکان توانیویانە لەڕێی کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی خەرجییەکانیان پارەی کاش کۆبکەنەوە بۆ پڕکردنەوەی خەرجییەکانی وەک (وەبەرهێنان، دابەشکردنی قازانجی سەر پشکەکانیان) ئەمەش وەبەرهێنەرەکانی راگرت و نەیهێشت پشکی کۆمپانیاکان بفرۆشنەوە، راگرتنی خاوەن پشکەکان بە رازیکردنیان یەکێکە لە کارە قورسەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان، چونکە هەرکات خاوەن پشکەکان هەست بە مەترسی بکەن راستەوخۆ پشکەکانیان دەفرۆشنەوە، ئەمەش زیانی دارایی بە کۆمپانیاکان دەگەیەنێ، بەشێوەیەک ئەگەر سەرمایەی پێویستی لەبەردەستدا نەبێت و کڕیاری نوێ بۆ کڕینی پشکەکانیان نەدۆزنەوە، کۆمپانیاکە نزیک دەکاتەوە لە مایەپووچبوون.

پێشتر زۆر لە شرۆڤەکاران پێشبینییان دەکرد دابەزینی نرخی نەوت کاتییە، بە تێپەڕبوونی کات بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئێستا شرۆڤەکاران دەڵێن نرخی نەوت لەو ئاستەی ئێستایدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، هەربۆیە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای شێڵ رایگەیاند پلانی نوێی کۆمپانیاکەیان کارکردنە لە چوارچێوەی دابەزینی زیاتری نرخی نەوت و هیچ پلانێکیان بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت نییە، بەڵام پێشبینی دەکەن لە چەند ساڵی داهاتوودا نرخی نەوت بەرزببێتەوە.

# جیۆپۆلیتیکی نەوت و سەربەخۆیی کوردستان



عومەر ئەحمەد

ئەگەر بەخێرایی چاوبخشێنین بەو رووداوانەی کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست روودەدەن، سەرەتا ئەستەمە فاکتەری نەوت لەو هەموو پێکدادانانەی ئێستادا ببینین، بەڵام ئەگەر باش وردبینەوە، دەبینین لە بنەڕەتدا، پێکدادانەکان شەڕن لەسەر وزە و نەوت.

لەسەر ئاستی جیهانیش شەڕ و ناکۆکییەکان بە ئاگری خواست بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوت و گازی سرووشتی پەرە دەستێنن.

لە عێراق و سووریا، نایجیریا و باشووری سوودان، ئۆکراینا و باشوور و رۆژئاوای دەریای چین، لە هەر کوێیەک دەڕوانیت، ئاگری شەڕ خەریکە پەرەدەستێنێ. هەرچەندە لەو نێوەندەدا هەر کام لەو ئاڵۆزییانە، جیا دەردەکەون و بە رواڵەت هۆکاری جیاوازی خۆیان هەیە وەک جیاوازییە مێژووییە نەتەوەیی و ئایینی و ئایدیۆلۆجییەکان، بەڵام ئەو کێشانە لەبەر ویستی سەپاندنی دەسەڵات بەسەر سەرچاوەی وزەدا، گەیشتوونەتە لوتکەی خۆیان.

جێی سەرسوڕمانیش نییە چەقی ئەو کێشانە وزە بن. نەوت و گاز پڕبەهاترین کاڵای ئەم سەردەمەن کە بەشی زۆری داهاتی ئەو وڵاتانە و ئەو کۆمپانیایانەی بەرهەمی دەهێنن، پێکدەهێنێ. عێراق و نایجیریا و باشووری سوودان و رووسیا و سووریا بەشێکی زۆری داهاتیان لە فرۆشی نەوت و گاز بەدەستدێنن. لەلایەکی دیکەشەوە کۆمپانیا نەوتیە زەبەلاحەکان کار بە دەسەڵاتی زۆری خۆیان لەو وڵاتانە دەکەن کە نەوتی تێدا بەرهەمدەهێنن. کۆمپانیاکانی هەر وڵاتێکی زلهێز، ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت بەسەر سامانی سرووشتیی وڵاتە نەوتییەکاندا، دەتوانێت داهاتێکی زۆر بەدەستبهێنن، کەواتە سەرەڕای ناکۆکییە مێژوویی و نەتەوەییەکان، لە بنەڕەتدا ئەو شەڕانە ، شەڕن لەسەر سەرچاوەی داهاتی نیشتمانی.

لەلایەکی دیکەوە، ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە هەڵسووڕێنەرەکەی وزەیە و ئەو وڵاتانەش کە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی نەوت و گاز و چۆنیەتی گواستنەوەی دەکەن، وەک ئامرازێکی جیۆسیاسی بەکاری دێنن بۆ ئەوەی گوشار بهێننە سەر وڵاتانی دیکە، چونکە زۆر لە وڵاتانی جیهان ناچارن وزە هاوردە بکەن.

سەرەڕای ئەوەی ویستی سەربەخۆیی لەلایەن نەتەوەی کوردەوە، ویستێکی کۆنی چەند سەد ساڵەیە، بەڵام فاکتەری نەوت و چۆنیەتی مامەڵە پێکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق، گەورەترین رۆڵی هەبووە لەوەی کە کورد گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی چیدی هیچ داهاتوویەکی لەناو عێراقدا نییە.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقی نوێ و نووسینەوەی دەستوورەوە، کورد هەوڵی داوە بە چەشنێک لە چەشنەکان دەرچەیەک بکاتەوە بۆ ئەوەی سامانی نەوت و گازی خۆی لە خزمەت ئامانجە نەتەوەییەکانیدا بەکاربهێنێ. گونجاندنی ماددەیەک لە دەستووری بنەڕەتیی عێراقدا لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سامانی نەوت و گاز لەلایەن هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی ، ئامرازێکی یاسایی باشی بەدەستی کوردەوە دا کە رێگەی خۆی لە پەرەپێدانی سەرچاوەکانی نەوت و گازی خۆی لە عێراق جیابکاتەوە.

لە ماددەی 112 ی دەستووری عێراقدا هاتووە، حکومەتی فیدراڵی بە هاوکاریی هەرێم و پارێزگاکان، کێڵگە نەوتییەکانی ئێستا بەڕێوەدەبەن و پێکەوە کاردەکەن بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانی داهاتووش. ئەو ماددە دەستوورییە دەڵێت، چۆنیەتی هاوکاریی نێوان هەرێمەکان و حکومەتی ناوەندی دەبێت بە یاسا رێکبخرێت. بەڵام، هیچکات پارلەمانی عێراق نەیتوانی یاسایەکی فیدراڵی نەوت و گاز پەسەند بکات بۆ ئەوەی بۆ هەرێم و ناوەندیش روون ببێتەوە کە چۆن پێکەوە سامانی سرووشتی پەرەپێبدەن. لەبەر ئەوەش بوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2007 دا یاسای نەوت و گازی خۆی پەسەند کرد و بە چڕی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان چووە رێککەوتنەوە. ئەوە یەکەم هەنگاوی کردەیی هەرێمی کوردستان بوو بەرەو سەربەخۆیی. زۆری نەخایاند کۆمپانیا نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان نەوتیان بەرهەمهێنا و تا پێش ساڵی 2014، ئەو بڕە نەوتەی کە بەرهەم دەهات لەڕێی بۆڕیی کەرکووک جەیهانەوە هەناردەی دەرەوە دەکرا و داهاتەکەشی دەدرایە حکومەتی عێراق.

بەڵام کاتێک حکومەتی بەغدا لە سەرەتای 2014 وە هەرێمی کوردستانی مووچەبڕ کرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە هەناردەکردنی نەوتی خۆی کرد لەڕێی بۆری نەوتی کوردستان-جەیهان کە لەو کاتەدا کارەکانی تەواو ببوو.

دوای هەناردەکردنی راستەوخۆی نەوت بۆ بەندەری جەیهان، زەنگی مەترسی لەلایەن بەرپرسانی عێراقییەوە لێدرا و هەر زوو ئەو هەنگاوەی هەرێمی کوردستانیان بە سەرەتای دابەشبوونی عێراق پێناسە کرد.

> کورد گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی چیدی هیچ داهاتوویەکی لەناو عێراقدا نییە

> پێشبینی دەکرێ لە ئەمساڵ و ساڵی داهاتوودا نرخی نەوت چیدی ئەو دابەزینە گەورانە بەخۆیەوە نەبینێ

وەزیری نەوتی ئەوکاتی عێراق هەڕەشەی بەدواداچوونی یاسایی لە تورکیا کرد و رایگەیاند "ئەگەر تورکیا رێگە بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بدات، ئەوا ئەو کارەی دەستێوەردانە لە کاروباری عێراق بە مەبەستی دابەشکردنی و ئەوەش هێڵی سوورە."

بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەبیانووی ئەوەی هەرێمی کوردستان نەوتی خۆی هەناردە دەکات، کێشە و گرفتی زۆری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان درووستکرد .عێراق دەیزانی هەرێمی کوردستان توانای بەرهەمهێنانی رۆژانە تەنیا 100 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە و ئەوەش بەشی ناکات. ئەم هەنگاوەی بە ئەنقەستی عێراق دژی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ ئامانجی بچووککردنەوەی کورد و مایەپووچکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە چەشنێک کە جارێکی دیکە ناچاربێت دەست بۆ بەغدا درێژبکاتەوە.

بەخت یاوەری هەرێمی کوردستان نەبوو، چونکە ئەوکاتەی کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کۆتاییەکانی ساڵی 2014 دا بەهۆی لکاندنی کێڵگەکانی بای حەسەن و هاڤانای کەرکووک بە کێڵگە نەوتییەکانی کوردستانەوە، بەرز دەبووەوە، لەناکاو نرخی نەوت بەتەواوەتی دارما و لە 105 دۆلارەوە دابەزی بۆ 50 دۆلار. بۆیە سەرەڕای بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ نزیکەی 600 هەزار بەرمیل، بەڵام کێشە و گرفتە داراییەکانی هەر لە دوای 2014 وە تا ئێستا بەردەوامە.

لە دوای 2014 وە کە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەوتی خۆی دەفرۆشێت، بەکردەیی تەنیا وەک جیران مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکات و ئامادەبوونیشی لە بەغدا، تەنیا بۆ کڕینەوەی کات و گەرەنتیکردنی پاراستنی رەوشی ئێستای پەیوەندییەکانی نێوانیەتی لەگەڵ عێراق. ئەگەرنا بەتەواوەتی بێهیوا بووە لەوەی هیچ داهاتوویەکی هەبێت لەگەڵ ئەو حکومەتەی کە رێگە بەخۆی دەدات قووتی خەڵکەکەی ببڕێت.

هەرچەندە ساڵانی 2015 و 2016 لەبەر دابەزینی نرخ نەوت و کەمبوونەوەی داهاتە نەوتییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەبەرئەوەی پێویستیان بە یەکتر بوو، توانییان لەیەک نزیک ببنەوە، بەڵام زۆری نەخایاند ئەو رێککەوتنەی لەسەر نەوت و بودجە کرابوو جێبەجێ نەکرا و دووبارە ناکۆکییەکان سەریان هەڵدایەوە.

ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان بەرهەمهێنانی نەوتی زیادکرد، نرخی نەوت لەو ئاستە زۆرە نەبوو کە بتوانێت بودجەی خۆی پێ دابین بکات و رووبەڕووی کێشەی جددی دارایی و مایەپووچی بووەوە، ناچار بوو قەرزێکی زۆر لە کۆمپانیا نەوتییە ناوخۆیی و بیانییەکان بکات، بەڵام دوای ئەنجامدانی چاکسازی و پاشەکەوتکردنی مووچە، هێواش هێواش بەرەو ئەوە دەڕوات کە خۆی بەڕێوەببات.

پێشبینی دەکرێ لە ئەمساڵ و ساڵی داهاتوودا نرخی نەوت چیدی ئەو دابەزینە گەورانە بەخۆیەوە نەبینێ کە بۆ نموونە لە سەرەتاکانی 2016 روویدا، ئەو کاتەی کە نرخی نەوتی برێنت گەیشتە 26 دۆلار. بەپێی پێشبینییەکان نرخی نەوت لە ئەمساڵ و ساڵی داهاتوودا نزیک لە-40 55 دۆلار مامەڵەی پێوەبکرێت، لەبەرئەوەشە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەم شێوازە بەردەوام بێت و لەسەرخۆ قەرزەکانیشی بە کۆمپانیا نەوتییەکان بداتەوە. هەرچەندە ئابووریی هەرێمی کوردستان بە سەردەمێکی دژواردا تێدەپەڕێت و ئەوەش رەنگدانەوەی لەسەر رەوشی ژیانی خەڵک هەبووە و پاشەکشەی بە ئابووریی هەرێمی کوردستان کردووە و رێژەی بێکاری و هەژاریش بەپێی ئامارە فەرمییەکان بەرزبوونەتەوە.

لەدوای گشتپرسی، ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنرێت، دیار نییە پرسی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕە جیهانییەکان چی بەسەردێت، ئەگەر تورکیا ئامادە نەبێت دان بەسەربەخۆیی کوردستاندا بنێت و دەرگای هەناردەکردنی نەوت لەڕێی خاکی خۆیەوە بە رووی هەرێمی کوردستاندا دابخات، ئەوا هەرێمی کوردستان رووبەڕووی کێشەی جددیی ئابووری دەبێتەوە.

بەڵام تورکیا دوای باشبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دوورکەوتنەوەی لە حکومەتی عێراق لە سەردەمی مالیکیدا، یارمەتیدەر بووە بۆ گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان کە شادەماری ئابووریی ئەم هەرێمەیە. تورکەکان هەرگیز نەترساون لە هەڕەشە بەردەوامەکانی عێراق لەوەی رێگەی بە هەولێر داوە نەوتی خۆی بفرۆشێت، تەنانەت تا ئێستا نزیکەی 700 ملیۆن دۆلار پارەی گواستنەوەی نەوتیشیان لە هەرێمی کوردستان وەرنەگرتووە و وەک قەرز لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوە، سەرەڕای ئەوەش، قەرزی دیکەی نیو ملیار دۆلارییان داوەتە هەرێمی کوردستان. بەڵام هەڵوێستی تورکیا دیار نییە کە ئاخۆ ئەگەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی راگەیاند، چی دەبێت. ئەوەی کە لە هەڵوێستەکانی ئێستایان دەردەکەوێت، ئەوەیە کە کاردانەوەی بەرپرسانی تورکیا هیچ ئاماژەیەکیان تێدا نییە بۆ گەمارۆ خستنە سەر باشووری کوردستان ئەگەر سەربەخۆیی راگەیاند. داخستنی سنوور لەسەر هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووریشەوە بە زیانی تورکیایە و حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا گرێبەستێکیشیان هەیە بۆ فرۆشتنی گازی سرووشتی بەو وڵاتە کە گرینگە بۆ ئاسایشی وزەی تورکیا. بەڵام ئایا ئەو دوو هۆکارە دەتوانن هەرێمی کوردستان رزگاربکەن و بێدەنگبوونی تورکیای پێ بکڕن لەکاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی؟

بۆچی نا؟ 10 ساڵ پێش ئێستا کەس باوەڕی نەدەکرد، هەرێمی کوردستان ببێتە یاریکەرێکی گرینگ لەسەر نەخشەی وزەی جیهان و بتوانێت بەو نەوتەی کە بەرهەمی دەهێنێت و لە بازارە نێودەوڵەتییەکان دەیفرۆشێت ، بودجەی خۆی دابین بکات، دووریش نییە لە 10 ساڵی داهاتوودا کوردستانی سەربەخۆ، لە ناو دڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕکێشەدا، بە پاڵپشتی و باش بەڕێوەبردنی سامانی سرووشتیی خۆی، لەڕووی پیشەسازی و بازرگانییەوە ببێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو.



ڕووداو
هونەری
ژمارە (468) - دووشەممە 2017/8/7



## شاجوان نایەوێت لە شاشە دووربکەوێتەوە

**ڕووداو - بەیروت**

دایان ئەبوعەبدوڵڵا،شاجوانی ساڵی 2015ی لوبنان دەڵێت زۆر حەز بە دەرکەوتنی سەر شاشە دەکات و هەر کارێک پەیوەست بێت بە بەردەم کامێرا ئەنجامی دەدات. دایان لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ ڕووداو دەڵێت "خەونی من بەردەم کامێر و دەرکەوتنە، لەم بوارەشدا سەرکەوتووم. من وەک ئەکتەر و نمایشکار دەرکەوتووم، ئێستاش ئامادەکاری دەکەم بۆ بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی، هەموو کارێکی بەردەم کامێرا ئەنجامدەدەم، گۆرانیگوتن نەبێت، ئەگەرچی سەماکەرێکی باشیشم" دایان لە مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ، بە درامایەکی تەلەڤزیۆنی بە ناو شۆفێرە تاکسییە شۆخەکە لە کەناڵە لوبنانییەکان دەرکەوت، ڕۆلی ئافرەتێکی دەبینی کە شۆفێری تاکسی بوو لە بەیروت.

## شاجوانە کوردەکەی ئوسترالیا لە کوردستانە

**نینا موراد بۆ (ڕووداو):**



# سێ بارهەڵگر هاوکاریم لە ئوستڕالیاوە هێناوەتەوە کوردستان

حەز دەکەم ببمە ئەکتەری سینەمایی



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

ساڵی 1996 لە ڕانیە لەدایکبووە، ماوەی 13 ساڵە لە ئوسترالیا دەژی و ئێستا لە بەشی کیمیا و بیرکاری لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی فلێندرێس لەو وڵاتە دەخوێنێ، بەڵام نینا موراد خەونی دیکەی هەبوو، ساڵی 2016 لە ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهانیی ئوسترالیا ناسناوی هاوەڵی یەکەمی شاجوان دەباتەوە، ئێستاش بە چەند بارهەڵگرێکی پڕ لە هاوکارییەوە گەڕاوەتەوە کوردستان. نینا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی چۆنیەتی کۆکردنەوەی ئەو هاوکاریانە و پرۆژەکانی لە کوردستان دەکات.

**ڕووداو: چۆن بەشداریت لە ڕێوڕەسمی شاجوانی ئوسترالیا کرد و ناسناوی هاوەڵی یەکەمت بەدەستهێنا؟**

**نینا موراد:** ئەم ڕێوڕەسمە ساڵانە لە ئوسترالیا بەڕێوەدەچێت، پێشتر لە ژێر ناوی شاجوانی ئوسترالیا بەڕێوەدەچوو، دواتر ناوەکەیان گۆڕی بۆ Miss World Australia، کچانی وڵاتانی جیاواز بەشداریی تێدا دەکەن، ساڵی 2016 منیش بەناوی کوردستانەوە بەشداریم کرد و ناسناوی دووەمم بەدەستهێنا، کچێکی نیپاڵی یەکەم بوو، واتە بوومە هاوەڵی یەکەمی شاجوان، بەڵام لە دەنگدانی ئۆنلاین کە بەشێکی ڕێوڕەسمەکە بوو، پلەی یەکەمم هێنا و خەڵاتی تایبەتم وەرگرت.

**ڕووداو: چۆن ڕێگەیاندا بە ناوی کوردستانەوە بەشداری بکەیت؟**

**نینا موراد:** سەرەتا نەیاندەهێشت، دەیانگوت دەبێت بەناوی عێراقەوە بەشدار بیت، بەڵام زۆر گفتوگۆمان لەگەڵ کردن کە کورد خاوەنی کولتوور و زمان و خاکی خۆیەتی، دواتر ڕێگەیاندا بەناوی کوردستانەوە بەشداری بکەم. کێشەی زۆرم بۆ دروستبوو، بەڵام من گوتم ئەگەر بەناوی کوردستانەوە نەبێت، بەشداری ناکەم.

**ڕووداو: ئەو مەرجانە چی بوون کە پێویست بوون بۆ کچێک بۆ بەشداریکردن لەم ڕێوڕەسمە؟**

**نینا موراد:** هەڵسوکەوت و ئاستی خوێندن و ژمارەی ئەو زمانانەی کە دەیانزانی، جگە لەوە هەڵسوکەتت لە چوارچێوەی بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمەکەدا، شێوەی وەستان بۆ وێنەگرتن وەک مۆدێلی جلوبەرگ، جگە لە ڕوخسار و باڵاش بێگومان.

هاوڕێ ئوسترالییەکانم حەز دەکەن بێنە کوردستان

**ڕووداو: پڕۆژەکانت وەک هاوەڵی شاجوانی جیهانیی ئوسترالیا چی بوون؟**

**نینا موراد:** لە دوای دەرچوونم لەگەڵ کۆمپانیایەک بەناوی "Peagent Of The World" گرێبەستم کرد و ماوەی یەک ساڵ کاری خێرخوازیم کرد، یەکێک لە دیارترین پرۆژەکانمان ئەوە بوو کە سەردانی فلیپینمان کرد و دوو قوتابخانەمان بەسەر کردەوە.

**ڕووداو: بۆ کوردستان چیت کردووە؟**

**نینا موراد:** بۆ کوردستان، لەگەڵ ڕێکخراوێکی ئوسترالی بەناوی دۆنەیشن ئۆف کایند، بەشی چوارسەت قوتابی سەرەتایی تەواوی پێداویستیی خوێندن وەکو جلوبەرگ و پێڵاومان دابینکرد، هەروەها 20 مەکینەی جلدووریـن و دوو ئامێری پزیشکیی پشکنینی دڵ و چاومان دابینکرد و ناردمانەوە کوردستان. بە هاوکاریی منداڵپارێزی کوردستان گەیشتنە شوێنی مەبەست، دواتریش 60 قەرەوێڵەی کارەبایی و دەزگایەکی تیشک و دەزگایەکی نازوور و چەندین پێداویستیی دیکەی پزیشکیم کۆکردووەتەوە کە ئێستا لەنێو بارهەڵگرێکدان لە بەسرە گیریان خواردووە، بڕیارە لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی گواستنەوە بگاتەوە کوردستان. هاتنەوەشم بۆ ئەوە بوو خۆم سەرپەرشتی دابەشکردنی ئەم کەلوپەلانە بکەم. هەروەها پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی چوار قوتابخانەش لە ڕانیە کاری لەسەر دەکەم و پێداویستی تایبەت ئامادەکراون بۆ ئەم مەبەستە.

**ڕووداو: دایک و باوکت تا چەند هاوکارتن لەم کارانەی دەیانکەی؟**

**نینا موراد:** دایک و باوکم زۆر هاوکارمن، باوکم زۆرجار بۆ ئەنجامدانی پرۆژە و کارەکانم خەرجییە مادییەکانم بۆ دابین دەکات.

**ڕووداو: بەنیاز نیت بەشداری ڕێوڕەسمی شاجوانی کوردستان بکەیت؟**

**نینا موراد:** نازانم جارێ، ئەوەیان قسمەت دەزانێت.

**ڕووداو: هاوڕێ ئوسترالییەکانت لە بارەی کوردستانەوە چی دەڵێن؟**

**نینا موراد:** بەشێک لە هاوڕێ ئوسترالییەکانم حەز دەکەن لەگەڵم بێنەوە کوردستان و کوردستانیان خۆشدەوێت، چونکە زۆر وێنەم پیشانداون.

**ڕووداو: خولیات بۆ هیچ بوارێکی دیکە هەیە جگە لە شاجوانی؟**

**نینا موراد:** حەز دەکەم ببمە ئەکتەری سینەمایی، زۆر حەزیشم لە یاری تۆپی پێیە.

**ڕووداو: کابانێکی باشی؟**

**نینا موراد:** کابانێکی زۆر باشم و خواردنی خۆش دەزانم، بەتایبەتی لە دروستکردنی یاپراخ زۆر شارەزام. با شتێکت بۆ باس بکەم، بەر لەوەی بێینەوە یاپراخم دروست دەکرد، زۆر سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنیش بووم، بۆیە یاپراخەکە هەمووی سووتا، برسی ماینەوە و ناچاربووین لە بری یاپراخ هێلکە بخۆین.

**ڕووداو: بیرت لە شووکردن نەکردووەتەوە؟**

**نینا موراد:** هەموو کچێک بیر لە شووکردن دەکاتەوە، ڕەنگە بۆ زۆر کچیش کاری هەرە لەپێش بێت، بەڵام بۆ من نا، من جارێ بیرم لێ نەکردووەتەوە.

بارهەڵگرێکم لە بەسرە گیری خواردووە

**مەلەک ڕۆژهات بۆ (ڕووداو):**

# ئەگەر ناچار نەبم بە تورکی قسە ناکەم



هەرگیز بە زمانی تورکی گۆرانی ناڵێم

بۆ ئەڤینداری زۆر زەحمەت و هەستیارم

لە تورکیا ناتوانم بە ئازادی کۆنسێرت بکەم

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

مەلەک ڕۆژهات پێشتر بەردەوام لە نێوان باکوور و باشووری کوردستاندا هاتوچۆی دەکرد، بەڵام ماوەیەکی درێژ بوو سەردانی باشووری کوردستانی نەکردبوو. ئەمجارەیان پرسی گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان، ئەم خانمە هونەرمەندە دەهێنێتەوە باشوور، ئەو دەیەوێت لەڕێی هونەرەوە پشتگیریی گشتپرسی بکات.

مەلەک کە ئێستا لە شاری هەولێرە، لەبارەی هۆکاری سەردانەکەی بە (ڕووداو)ی گوت: "من هەڵبەست و ئاوازی تایبەتم بۆ مژاری سەربەخۆیی هەبوو، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووم و کەوتمە نەخۆشخانە، نەمتوانی تۆماری بکەم، ئێستا باری تەندروستیم بەرەو باشی دەڕوات، بۆیە هاتوومەتەوە هەولێر و لەگەڵ چەند هونەرمەندێک سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکین بۆ سەربەخۆیی کوردستان".

مەلەک ڕۆژهات، بە گرنگ و پێویستی دەزانێ هونەرمەندان بە دەنگ و ڕەنگی خۆیانەوە پشتگیری لە ماف و داوای خەڵکی کوردستان بکەن و لەگەڵ گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان بن. لەوبارەوە دەڵێت: "هونەرمەند دەبێت ببێتە زمانی گەل و نەتەوەی خۆی، زۆر خۆشحاڵم کە هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان پشتگیری لە گشتپرسی و سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکەن، پەنابەخوا منیش بۆ گەلی کورد بە دەنگ و ڕەنگی خۆم لە خزمەتدام، بۆ گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان درێغی ناکەم".

ئێستا لە دونیای میوزیک و گۆرانیدا دوێت و گۆرانیی هاوبەش لە نێوان هونەرمەندان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە و لەلایەن گوێگرانیشەوە پێشوازییەکی باشی لێ دەکرێت، مەلەک کە پێشتر دوێتێکی لەگەڵ بلند ئیبراهیم کردووە، لەبارەی دوێتی نوێ دەڵێت "تاوەکو ئێستا داوام لە هیچ هونەرمەندێک نەکردووە، هەرچەندە بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانی کوردستان هەڤاڵ و دۆستی نزیکی منن، بەڵام لێتان ناشارمەوە پلانی ئەوەم هەیە لەگەڵ یەکێک لە هونەرمەندە بەناوبانگەکانی کوردستان دوێت بکەم".

ژمارەیەک لە هونەرمەندانی باکووری کوردستان بەهۆی ئەو ڕەوشەی باکوور تێیکەوتبوو، ئەوێیان جێهێشت. بەڵام مەلەک هەر لەوێ ماوەتەوە، ئەو بە ڕەوشی ئەوێ دڵگرانە، هەرچەندە پێشبینی باشتربوونی ڕەوشەکە دەکات. مەلەک دەڵێت: "ئێستا لە باکووری کوردستان ڕەوشەکە باش نییە، ئەو کاتەی کاک مەسعود بارزانی سەردانی باکووری کوردستانی کرد، چەند قسەیەکی بۆ بەرژەوەندیی کوردی باکوور کرد، بەڵام بەداخەوە بە گوێیان نەکرد، من پێموایە ئەگەر بە گوێی ئەویان کردبایە سەرکەوتوو دەبوون، بەڵام بەداخەوە ئێستا بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتاران، ڕۆشنبیران و هونەرمەندان لە زینداندان".

سەبارەت بە کاری هونەریش لە باکووری کوردستان بە تایبەتی دوای قەدەغەکردنی چەندین ناوەندی ئەدەبی و هونەری، مەلەک دەڵێت: "ئێستا تورکیا وەکو جاران نەماوە، ناتوانین بە ئازادی کۆنسێرت و ئاهەنگ بکەین، تەنیا دەتوانین گۆرانیی ئەڤینی و داوەتی پێشکەش بکەین".

ئەو هونەرمەندە لە ماوەی ڕابردوودا لە ئیستانبوڵ تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ هات و بە سەختی بریندار بوو. مەلەک باسی ئەو ڕووداوەی کرد و گوتی "لە مردن گەڕامەوە، بەڵێ تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ بووم لە ئیستانبوڵ، هەرچەندە هەڵەی من نەبوو، بەسەختی برینداربووم و نەشتەرگەرییەکی گەورەشم بۆ کرا، خۆشبەختانە ئێستا ڕەوشی تەندروستیم باشترە، هەندێ کاریگەری لەسەر دەنگم هەبوو، بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خوا باشم".

### هێشتا سینگڵە

مەلەک ڕۆژهات کە تەمەنی 25 ساڵە، تاوەکو ئێستا شووی نەکردووە. ئەو دەڵێت بۆ ئەو کارە زۆر هەستیارە، بەڵام مەرجەکانی بۆ هاوژینی داهاتووی ئاشکرا کرد و گوتی: "من لە بواری ئەڤینی و سۆزداری زۆر زەحمەتم و هەستیارم، زوو ڕێگە نادەم هەموو کەسێک بێتە نێو ژیانمەوە، بەڕاستی من گەلێک گرنگی بە هەندێ شت دەدەم کە دەخوازم لە هاوژینی داهاتووی ژیانمدا هەبن، دەبێت خاوەنی ویژدان بێت، بەهای خۆشەویستی بزانێت، ڕێز و پێزانینی بۆ دایک و باوک و میوانان هەبێت، ئەوەی زۆر گرنگە لەلای من کوردپەروەر و نەتەوەپەروەر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێز لە هونەرەکەی من بگرێ".

بەشێک لە هونەرمەندانی باکووری کوردستان بەزمانی تورکی گۆرانی دەڵێن، بەڵام مەلەک ئامادە نییە بە تورکی گۆرانی بڵێت. ئەو دەڵێت: "من هەرگیز بەزمانی تورکی گۆرانی ناڵێم، چونکە نامەوێت بە زمانی دوژمنی کورد گۆرانی بڵێم، ئەوان هەرگیز زمان و کولتووری ئێمەیان قبوڵ نەکردووە، بۆیە ئەگەر ناچار نەبم، بە زمانی تورکیش قسە ناکەم".

### مەلەک ڕۆژهات کێیە؟

ساڵی 1991 لە شارۆچکەی ئەلباک لە پارێزگای وان لەدایکبووە. هەشتەمین منداڵی خانەوادەکەیەتی، بە منداڵی قورئانخوێن بووە و بەو هۆیەوە ناوبانگی لە شارۆچکەکەیان پەیدا کردووە. دواتر هەر لە شارۆچکەکەی خۆی لە شایی و گۆڤەندەکاندا گۆرانی دەڵێت. ساڵی 2002 یەکەمین ئەلبوومی گۆرانی بەناوی ئەشقا دلا بڵاوکردووەتەوە. ساڵی 2006 ئەلبوومی دووەمی بەناوی ژانا ئەڤینێ بڵاوکردەوە. ساڵی 2007 بۆ یەکەمجار سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و چەند کۆنسێرتێک سازدەکات. دوایین ئەلبوومی گۆرانیشی بەناوی دووریا ئەڤینێ لە 2011 بڵاوکردەوە.



## ترەمپ پرۆژەیەکی نوێ بۆ پێدانی ڤیزای کۆچکردن رادەگەیێنێت

**رووداو- واشنتن**

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، رۆژی 2-8-2017 لە گوتارێکیدا، باسی لە کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆچ بۆ ئەمریکا کرد و رایگەیاند: "پێویستە وەرگرتنی کۆچبەری نوێ لە سەر بنەمای لێهاتوویی کەسەکە بێت و پێدانی ڤیزا بە خاڵ بێت". ئەمریکا دەیەوێت ئەم سیستەمە، کە لە ئوسترالیا و کەنەداش کاری پێدەکرێت، بکاتە جێگرەوەی ئەو سیستەمەی کە ئێستا کاری پێدەکرێت. ئەگەر ئەم پرۆژەیە لەلایەن کۆنگرێسەوە پەسەند بکرێت، ئەوا لەمە بە دوا کارکردن بە سیستەمە کۆنەکە رادەگیرێت و ساڵانە 140 هەزار ڤیزا دەدرێت بەو کەسانەی کە زۆرترین خاڵیان هەیە.

خەریکە دەبنە کۆمەڵگەی سێبەر

# 70 هەزار کۆچبەر بەشێوەی نایاسایی لە سوێد دەژین

**رووداو – ستۆکهۆڵم**

زریان ماوەیەکی درێژ کاری رەشی کردووە، ژیانێکی کولەمەرگی ژیاوە تا ئەو ئاستەی ژەمەکانی خواردنی کەم کردووەتەوە. ئەمە هەمووی لەپێناوی بەڕێکردنی ئەو چوار ساڵەی کە بۆی هەیە دوای ئەو ماوەیە داوای مافی پەنابەرێتی بکاتەوە، چونکە پێشتر داواکەی رەتکرابووەوە.

بەپێی پێشنیازێکی نوێی پارتی مۆدێراتی سوێدی، دەبێت کۆچبەری وەک زریان 10 ساڵ چاوەڕێ بکات تاوەکوو مافی پەنابەرێتی دەدرێتێ. بەرای سیاسی و کۆمەڵناسانیش، زیادبوونی کەیسی لەم شێوەیە هەرەشە لەسەر کۆمەڵگەی سوێدی زیاد دەکات.

زریان فەرەیدوون دەڵێت: "ئەگەر ئەو پێشنیازە راست بێت و سەربگرێت، ئەوە دەبێت 8 ساڵ و 7 مانگی دیکە چاوەڕێ بکەم، واتە هەموو تەمەنی گەنجێتیم". لە حاڵێکی وەهادا زریان دەگەڕێتەوە و سوێد بەجێدەهێڵێت کە دیارە هەر ئەمە ئامانجی پێشنیازی پارتە سوێدییەکەیە.

> مانەوەی درێژخایەنی کۆچبەری نایاسایی، هەڕەشەیە لەسەر کۆمەڵگە
>
> توێژەرێکی کۆمەڵایەتی

**10 هەزار کۆچبەر بێ پەڕاون**

**ئەو دۆسیانەی لە توانای دامەزراوەی کۆچی سوێدیدایە ئەمساڵ یەکلاییان بکاتەوە 80 هەزار دۆسیەن. بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، تا ئێستا 10،600 کۆچبەر هیچ شتێکیان پێ نەگوتراوە کە دەمێننەوە یان دەردەکرێن، تەنانەت هیچ پەراوێکی لێکۆڵینەوەیان بۆ نەکراوە. مانس ئۆلیڤەر، توێژەری کۆمەڵایەتی لە سوێد، دەڵێت ئەوان دەرفەتی فێربوونی زمانیان نییە، بواری ئەوەشیان نییە ئاشنای ڕێسا و نەریتەکانی کۆمەڵگەی سوێدی بین، بۆیە دەبنە کۆمەڵگەیەکی سێبەر لەنێو کۆمەڵگەی سوێدیدا".**



یۆهان فۆرسێل، بەرپرسی سیاسەتی پەنابەران لە حیزبی مۆدێرات دەڵێت: "نابێ هانی کۆچبەر بدرێت بەشێوەی نایاسایی بمێنێتەوە" بەڵکو وەک ئەو دەیەوێت بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لە یەکەم رۆژەوە بیر لە گەڕانەوە بکاتەوە.

بەمەبەستی رزگاربوون لە قەیرانی کۆچبەران، سوێد ساڵی پار یاسای (پەنابەری کاتی) خستە بواری جێبەجێکردن کە بەوپێیە ژمارەیەکی زۆری کۆچبەران 20ی ئەم مانگە کاتەکەیان تەواو دەبێت.

بەهێزترین ئەگەریش ئەوەیە زۆرینەیان کەیسەکانیان رەت بکرێتەوە.

بەپێی زانیارییەکان ژمارەی ئەو پەنابەرانەی بەشێوەی نایاسایی لە سوێد نیشتەجێن گەیشتووەتە 70 هەزار کەس.

ئێستا سوێدییەکان دەیانەوێ بە هەر شێوەیەک بێ ئەو کۆچبەرە نایاساییانە لەکۆڵی خۆیان بکەنەوە. پارتی مۆدێرات پێشنیازی کردووە کۆچبەر دوای 10 ساڵ چاوەڕوانی، دووبارە داوای مافی پەنابەرێتی بکاتەوە لەکاتێکدا پێشتر چوار ساڵ بوو.

یۆهان فۆرسێل، بەرپرسی سیاسەتی پەنابەری لە پارتی مۆدێرات، لە وتارێکدا کە لە رۆژنامەی (سڤێنسکا داگبلادێت) بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: "دەبێت ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە بۆ 10 ساڵ، تا کۆچبەر بزانێت چی دەکات". چونکە بەڕای ئەو کەمیی ئەو ماوەیە زیاتر هانی کۆچبەر دەدات لە سوێد بمێنێتەوە "ئەمە بووەتە هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی سێبەر لەنێو کۆمەڵگەی سوێدیدا".

هانس ئۆلیڤەر بە نیگەرانییەوە لە پرۆژە پێشنیازەکەی مۆدێرات دەڕوانێت کە خراپیی رەوشی کۆچبەرانی لێدەکەوێتەوە. بەڵام دەڵێت: "بوونی کۆمەڵگەیەکی سێبەر لە سوێد کە خەریکە دەبێتە راستی، هەڕەشەیە".

ئۆلیڤەر کە توێژەری کۆمەڵایەتییە، نموونە بەو ملیۆنان کەسە دەهێنێتەوە کە دانیشتووی میسرن و چەندین نەوەیان لەدوای خۆیان جێهێشتووە، بەڵام حیسابی هاووڵاتی میسرییان بۆ ناکرێ. ئەو دەڵێت: "نابێ رێگە بدرێت لە سوێد شتی وا رووبدات".

سەهەند یەکێکی دیکەیە لەو کۆچبەرانەی کە پێشتر داواکەی رەتکراوەتەوە، وەک ئەو دەیان هەزار کۆچبەرەی دیکە چاوەڕێ دەکات چوار ساڵەکەی تەواو بکات، تا دووبارە داوای مافی پەنابەرێتی بکاتەوە. بەڵام بەپێی پێشنیازەکەی پارتی مۆدێرات کە ئەگەری جێبەجێکردنی زۆرە، دەبێت چەندین ساڵی دیکەشی بخاتە سەر.

سەهەند مەحموود لەگەڵ ئەوەی ئیشی کردووە و لەڕووی داراییەوە ژیانێکی باشی هەیە، بەڵام هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیی نییە "بە قاچاخ شوقەم گرتووە، بە دزیی دراوسێکانمەوە هاتوچۆ دەکەم، تەنانەت ناتوانم تکت، یان شتێک بە فەرمی بکڕم و هەمووی بە رەشە، ژیانێکی زۆر ئەستەمە".

گەڕانەوە بۆ کوردستان، یان چوونە وڵاتێکی دیکە یەکێکە لە رێگاکانی بەردەم سەهەند ئەگەر پرۆژەکەی پارتی مۆدێرات سەربگرێ.

راستی ئاراس، سێ ساڵ و هەشت مانگی لە چاوەڕوانی بەڕێکردووە. بەدووری نازانێت شەش ساڵی دیکەش چاوەڕێ بکات. وەک راستی دەڵێت: "لەچاوەڕوانیدا ژیانی گەنجێتیم رۆیشت، بەڵام بەخۆشی بەڕێمکرد".

ئەم خۆشیە بەدەرنەبووە لە سترێس، چونکە راستی ئەو ماوە زۆرەی لە وڵاتان بەڕێکردووە: "ساڵی یەکەمم لە سوێد بەڕێکرد و دواتر بەهۆی بێکاری چوومە فینلاند، لەبەر ئەوەی بێهیوابووم لەوێ خۆم تەسلیم نەکرد و کاری رەشم دەکرد".

راستی لەو پارەیەی لە فینلاند دەستیکەوتووە، نزیکەی ساڵێکی ژیانی سوێدی پێ بەڕێکردووە و دوای تەواوبوونی پارەکەی، رووی لە ئەڵمانیا کردووە "لەوێش شتێک پارەم کۆکردەوە و بە قاچاخ چوومە فەرەنسا، ئەویشم لەوێ خەرج کرد و چوومە ئیتاڵیا".

گەرچی نەهامەتی و کێشەی زۆری لە ئیتاڵیا بینی، بەڵام بە ئەزموونێکی باشی دەزانێت لە ژیانیدا. بۆیە دووبارە بۆی گەڕایەوە "خەوتن لەسەر شەقام و لە باخچەکان و ژیانی سەر شەقامەکان، شتێکی تەواو نۆرماڵە لە ئیتالیا". ئەو چەند جارێکیش تووشی هەڕەشە و دزیی بووە، چونکە دەڵێت: "بەشێک لە شەقامەکان موڵکی چەتەکان بوون، دەبوو پارە بدەی تا لێی بخەویت و گیانت پارێزراو بێ".

راستی جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سوێد و بۆ جاری دووەمیش داواکەی رەت دەکرێتەوە. ئەگەر پێشنیازەکەی پارتی مۆدێرات سەربگرێ، راستی چیدی تاقەتی چاوەڕوانی نییە و دەڵێت "دەگەڕێمەوە کوردستان".

> پێویستە کۆچبەر 10 ساڵ چاوەڕێ بکات
>
> پارتی مۆدێرات

# کۆچبەرانی دێرین دەبنە رێبەری گەنجانی سوێدی

**رووداو – ستۆکهۆڵم**

کاژێر هەشتی بەیانییە، لە حەوشەی قوتابخانەکە کۆبوونەتەوە و چاوەڕێی گەیشتنی ئومێدن. ئەوان چاوەڕێن بزانن ئەمڕۆ ئومێد شوان چییان پێ دەبەخشێت. ئەوان ئەوەندە نییە هاتوونەتە سوێد.

ئومێد وەک مامۆستا، راهێنەر و رێبەری ئەوان، کۆمەڵگەی سوێدییان پێ ئاشنا دەکات و فێریان دەکات چۆن کار بدۆزنەوە، یان مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە بکەن.

نەسرین هەورامی هاوشێوەی ئومێد شوان زیاتر لە 15 گەنجی لەخۆی کۆکردووەتەوە و قسەیان بۆ دەکات. دەڵێت "هێندەی ئەندامانی خێزانەکەم هۆگریان بووم، ئەوانیش بەهەمانشێوە من بە کەسی خۆیان دەزانن".

ئومێد و نەسرین دوو کوردی دێرینی سوێدن کە ئێستا وەک رێبەری گەنجانی کۆچبەر کار دەکەن. بەو هۆیەوە رۆڵیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیەدا هەیە.

### پیشەیەکی هەستیار

سۆسیال پێداگۆگ (socialpedagog)، راهێنەر یان مامۆستای کۆمەڵایەتییە لە قوتابخانە یان لە ناوەندی تایبەتی پێگەیاندن و شیاندنی گەنجانی بیانی. ئەو کەسەی ئەو کارە دەکات دەبێ چەند ساڵێک لەو بوارەدا خوێندبێتی و بەتەواوی شارەزای کۆمەڵگەی سوێدی بێت.

پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکان، بۆ نموونە فەرمانگەی باج، یان قوتابخانە، یان دۆزینەوەی کار، سەندیکاکان، بایەخی پلە یەکی هەیە و لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانەی سوێدە.

هیچ کەسێک لە سوێد بەبێ پەیوەندی لەگەڵ ئەو دامەزراوەیە ناتوانێت بژی. ئومێد و نەسرین وەکو دەیان کوردی دیکە ئێستا لە قوتابخانەکانی ستۆکهۆڵم ئەم کارە دەکەن.

ئومێد شوان نزیکەی 15 ساڵە نیشتەجێی سوێدە و ئێستا لە ناوچەی ڤیکخوێ لە ستۆکهۆڵم نزیکەی 20 قوتابی هەیە. ئەو بە (رووداو)ی گوت "تێکەڵبوونی ئەوان لەگەڵ کۆمەڵگە لە رێگەی ئاشنابوون بە دامەزراوەکان، ناسینی نەریت و رێساکان، ئەرکی سەرەکیی ئێمەیە کە فێریان بکەین".

ئەو لە رێگەی راهێنان و بەخشینی زانیاری ئەم کارە دەکات و دەڵێت: "فێری ئەوەیان دەکەین چۆن مامەڵە لەگەڵ بەرامبەر بکەن، چۆن داواکاری و خواستەکانیان دەربڕن، چۆن بتوانن لەسەر کێشەکانیان قسە بکەن".

ئەگەرچی ئێستا زۆربەی گەنجەکانی بەردەست ئەم کۆمەڵناسە کوردە بیانین و تازە هاتوونەتە سوێد، بەڵام ئومێد دەڵێت مەرج نییە تەنیا بۆ بیانی بێت، لە نێو قوتابیەکاندا زۆر جار سوێدیش هەن "زۆر گەنجی سوێدیمان هەیە لە خێزانەکانیاندا کێشەی کۆمەڵایەتییان هەبووە، دایک و باوکیان فەرامۆشیان کردوون و کەم زانیارین و دوورن لە کۆمەڵگە".

نەسرین هەورامی دەڵێت: "هاوشێوەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیا کۆمەڵگەی سوێدی هەڵگری سەتان کێشەی کۆمەڵایەتییە، گەنجەکانیان زۆر کێشەیان هەیە، بەڵام هیچی وەک گەنجە بیانییەکان نییە". گوتیشی "کێشەی بەریەککەوتنی کولتووری و نەریت و کولتووری تازە، هەرزەکاران تووشی کێشەی زۆر گەورە دەکات".

ئەو دەڵێت "کێشەی زۆرمان لەگەڵیان هەیە، بەشێکیان تووشی لادان دەبن و زۆر ئەستەمە بیانهێنیتەوە سەر رێگای راست".

بەڕای هێنری یۆهانسۆن کاری راهێنەرە کۆمەڵایەتییەکان زۆر گرنگە، بەتایبەتی بۆ گەنجانی بیانی "ئەوان لە کۆمەڵگەیەکی دیکەوە هاتوون و دەبنە بەشێک لە کۆمەڵگەی سوێدی و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی سوێدی دەبێت لە داهاتوودا، بۆیە کارێکی ئاسان نییە ئەوانە بە شێوەیەکی دروست پێبگەیەنرێن، وەک ئەوە وایە تۆ کەسێک دووبارە دروست بکەیتەوە".

یۆهانسۆن پسپۆڕی پەروەردەییە و لە بواری سەرپەرشتیی پرۆسەی پێگەیاندنی گەنجان کار دەکات. ئەو دەڵێت کورد خاوەن راهێنەری کۆمەڵایەتیی زۆر بەتوانان و جێدەستیان لەم بوارەدا دیارە.

لە سوێد هەموو منداڵ و گەنجێک دەبێت بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا بڕوات، بۆ منداڵ و هەرزەکاری بیانی بابەتەکە زیاتر بە بایەخەوە وەردەگیرێت، چونکە وەک هێنری گوتی: "ئاڵۆزترە و کاری زیاتری دەوێت".

> فێری ئەوەیان دەکەین چۆن مامەڵە لەگەڵ بەرامبەر بکەن، چۆن داواکاری و خواستەکانیان دەربڕن



**36 هەزار منداڵی بەتەنیا هاتوو لە سوێد هەن**

لێکۆڵینەوە لە پرسی منداڵانی تازە هاتوو یەکێکە لە پرسە گەورەکانی دەوڵەت. بە گوتەی فریدریک بینگسون بەرپرسی پەیوەندییەکانی دامەزراوەی کۆچ، لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا نزیکەی 36 هەزار منداڵی بەتەنیا هاتوویان هەبووە.

(رووداو) پێشتر بڵاوی کردەوە لە پرۆسەی پێداچوونەوەدا بە تەمەن، لە کۆی 4200 کەس کە گومان لە راستیی تەمەنیان دەکرا، پشکنین بۆ 581 کەس کراوە و دەرکەوتووە 442یان زانیاریی هەڵەیان لەبارەی تەمەنیان دابوو.

راهێنەرێکی کۆمەڵایەتیی کورد لەگەڵ قوتابییەکانی (فۆتۆ: رووداو)

ڕووداو
ژنان
ژمارە (468) - دووشەممە 2017/8/7



## ڕێکخراوێکی ژنانی کوردی بەشداری پراید دەکات

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان ئەمساڵ بۆ یەکەم جار بەشداری چالاکییەکانی هەفتەی پرایدی ستۆکهۆڵم تایبەت بە هاوڕەگەخوازان کرد. چنوور فتووحی بەرپرسی کۆمیتەی ستۆکهۆڵمی ڕێکخراوەکە باس لەوە دەکا کە بڕیارەکەیان بۆ بەشداری، هەوڵێکە بۆ پشتیوانی یەکسانی ڕەگەزی و تیشک خستنە سەر ئەو بابەتەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەستیارە. هەفتەی پرایدی ستۆکهۆڵم لە لایەن ڕێکخراوی پرایدی ستۆکهۆڵمەوە کە ڕێکخراوێکی داکۆکیکارە لە مافی ڕەگەزە جیاوازەکان (HBTQ-هۆمۆسێکسوێل، بیسێکسوێل، ترانسسێکسوێل و کوێر)، هەوڵدەدات بۆ یەکسانی و دابینکردنی مافی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، تا هەموان هەست بە ئارامی بکەن و لە بەرامبەر ئەو بژارەیەی خۆیان هەڵیدەبژێرن ڕووبەڕووی جیاکاری نەبنەوە.



# لە 14 ساڵیدا بەشوویاندا و دوای دوو ساڵ خۆی سووتاند

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – ڕانیە**

پەیوەندییەکی تەلەفۆنی، ئاگری لە ماڵی سەدا بەردا. سەدا لەگەڵ هاوژینەکەی بووە دەمەقاڵەی، دەمەقاڵێیەکە سەری کێشا بۆ تووڕەبوونی سەدا و خۆسووتاندنی، ئەو ماڵئاوایی لە ژیان کرد، بەڵام لەسەرەمەرگدا نەیویست مێردەکەی تووشی کێشەی بکات و لەلای پۆلیس گوتی بێزاربووم لە ژیان بۆیە خۆم سووتاند.

(سەدا.ح.ح) کە تەنیا 16 بەهاری لە تەمەنی بەڕێکردبوو، ڕۆژی 2017/7/22 لەنێو ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی ئازادیی شارۆچکەی ڕانیە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. دوای خۆی منداڵێکی بەجێهێشت کە تەمەنی تەنیا نۆ مانگە. پۆلیس دەڵێت کەس لەسەر ئەو ڕووداوە دەستگیر نەکراوە، بەڵام سکاڵا تۆمار کراوە.

(ح.ح) کە باوکی سەدایە، دەڵێت کچەکەی تەمەنی تەنیا 14 ساڵ بووە کە بە شووی داوە، ئەویش دوای ئەوەی خزمێکیان هاتووەتە خوازبێنی و سەداش حەزی کردووە شووی پێ بکات. باوکی سەدا پێیوانییە کارێکی هەڵەی کردووە کە کچەکەی لەو تەمەنە بچووکە بەشووداوە و دەڵێت "ڕاستە کچەکەم بە تەمەن بچووک بوو، بەڵام عاقڵ و ژیر بوو".

باوکی سەدا باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە کچەی خۆی سووتاندووە و دەڵێت "من ماڵم لە قەڵادزێیە، تەلەفۆنیان بۆ کردم کە کچەکەم خۆی سووتاندووە، بە پەلە چووم بۆ ڕانیە کە چووم کچەکەم لە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بەڕێکرابوو بۆ سلێمانی، هەشت ڕۆژ لە سلێمانی مایەوە، ویستمان بیبەین بۆ هەولێر، بەڵام گیانی دەرچوو".

سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنی کچەکەی، باوکی سەدا دەڵێت زۆر بەدواداچوونی کردووە و بۆی دەرکەوتووە کچەکەی لەسەر پەیوەندییەکی تەلەفۆنی، خۆی سووتاندووە.

باوکی سەدا گوتی "خزمێکی نزیکمان تەلەفۆنی بۆ سەدا کردووە، هاوژینەکەشی گومانی لە تەلەفۆنەکە هەبووە، لێیان بووە بە شەڕ و دەمەقاڵێ، پاشان کچەکەم لە داخان نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە".

دراوسێیەکی ماڵی سەدا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "کاتی ڕووداوەکە زۆر گەرم بوو کەس لە دەرەوە نەبوو، سەدا نەوتی بەخۆیدا کردبوو، ئاگری لەخۆی بەردابوو، بە ئاگرەوە هاتبووە دەرەوە و هاواری کردبوو فریام بکەون، تەنیا یەکجار لە قیژەی دابوو، لەبەر دەرگا دانیشتبووین، دراوسێکانی بە سەتڵە ئاو کوژاندبوویانەوە، هاوژینەکەشی لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگرەکەدا هاتبووە دەرەوە و بردبووی بۆ نەخۆشخانە".

> "باوکی کچەکە سکاڵای لەسەر دوو کەس تۆمار کردووە، بەڵام کەسیان دەستگیرنەکراون"
>
> نینا محەمەد

سەبارەت بە کێشەی نێوان ئەو ژن و مێردە، دراوسێکەی ماڵی سەدا گوتی "نەمانزانیوە کێشەی هەبووبێ، سەدا ئافرەتێکی باش بوو، لەبەر ئەوەی منداڵ بوو تەمەنی 16 ساڵ بوو، زۆر حەزی دەکرد خەڵک ئامۆژگاریی بکات".

ئەو باسی وەسیەتێکی سەدا دەکات و دەڵێت "کە دراوسێکان ئاگرەکەیان کوژاندەوە و ویستیان بیبەن بۆ نەخۆشخانە، بە دراوسێکانی گوت زۆر ئاگاتان لە کوڕە بچووکەکەم بێ".

هەروەها گوتی: "هەرچەندە سەدا جەستەی بە ڕێژەیەکی زۆر سووتابوو بوو، بەڵام زۆر گەشبین بوو دەیگوت چاک دەبمەوە، بەس جوانییەکەی جارانم نامێنێ، ئەوەش کێشە نابێ، دواتر نەشتەرگەریی جوانکاری دەکەم".

باوکی سەدا دوای پرسەی کچەکەی سکاڵای لەسەر دوو کەس تۆمار کردووە. (ح) گوتی "سکاڵام لەسەر زاواکەم و خزمێکمان تۆمار کردووە کە بوونە هۆکاری خۆسووتاندنی کچەکەم. ئەوان ئەگەر کێشەیان هەبوو دەبووایە بە من بڵێن نەک کێشەکە گەورە بکەن و بە مەرگی کچەکەم کۆتایی بێت".

(ڕووداو) پەیوەندی بە مێردی سەداوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوو قسە بکات و ڕەتیشیکردەوە کە سکاڵای لەسەر تۆمار کرابێ. تەنیا ئەوەندەی گوت "سەدام زۆر خۆشدەویست، ئەویش منی زۆر خۆشدەویست".

سەدا لە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا و پاشان ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کرا.

فەرمان ئەحمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ئافرەتە 50%ی جەستەی سووتابوو، بە نەوت خۆی سووتاندبوو، دوای هەشت ڕۆژ گیانی لەدەستدا".

نینا محەممەد، لێپرسراوی بەشی بەدواداچوون لە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت "دۆسیەمان بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە، بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو ژنە کێشەی خێزانیی هەبووە، بەڵام لەلای پۆلیس سکاڵای تۆمار نەکردووە و تەنیا گوتوویەتی بێزار بووە بۆیە خۆی سووتاندووە".

گوتیشی: "باوکی کچەکە سکاڵای لەسەر دوو کەس تۆمار کردووە، بەڵام کەسیان دەستگیرنەکراون".

# خۆی بە پشتێنی مێردەکەی دەخنکێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

کاتێک هاوژینی سارا لە دەرگا دەدات کەس دەرگای لێ ناکاتەوە، بۆیە بە ناچاری بەسەر دیواردا چووەتە ژوورەوە. لە ناکاو دەنگی هاوژینی سارا کۆڵانەکەی شڵەژاند، دراوسێکانی لێی کۆبوونەوە. کە چوونە ژوورەوە بینییان سارا بە پشتێنێک بە سەقفی خانووەکەوە شۆڕ بووەتەوە.

ئەو ڕووداوە کاژێر شەشی ئێوارەی ڕۆژی 2017/8/2 لە گەڕەکی ڕاپەڕینی قەزای پشدەر ڕوویدا، ئافرەتێکی تەمەن 26 ساڵ بەناوی (سارا محەممەدئەمین) کە ژنی ماڵەوە بوو خۆی خنکاند، کەسوکاری قوربانییەکە هۆکاری خۆخنکاندنەکەی بۆ هەڵسوکەوتی هاوژینەکەی دەگێڕنەوە، بەڵام کەسوکاری هاوژینەکەی ئەو تۆمەتە ڕەتدەکەنەوە. پۆلیس هەر لە شوێنی ڕووداوەکە هاوژینی سارای قۆڵبەست کرد.

محەممەدئەمین محەممەد کە باوکی سارایە، باسی شووکردنی کچەکەی دەکات و دەڵێت (س.ر) کە زاوایەتی، سێ جار هاتووەتە خوازبێنێ کچەکەی، ئینجا ڕازی بووە "لەبەر دڵی سارا ڕازی بووم شوو بەو پیاوە بکات، چونکە دڵیان بە یەکدییەوە بوو، جگە لەوەش دەترسام سارا شتێک بەسەرخۆی بهێنێ".

سارا و هاوژینەکەی وەک باوکی سارا باسی دەکات سەرەتای ژیانی خێزانییان کە هەشت ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، هیچ کێشەیان نەبووە، بەڵام زۆری نەبردووە نێوانیان ناخۆش بووە. باوکی سارا گوتی: "دوای ماوەیەک هاوژینەکەی دڵی لێی پیس کرد، بەردەوام هەڕەشەی لێدەکرد و لێی دەدا".

سارا لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا سێ جار لە مێردەکەی تووڕە بووە و گەڕاوەتەوە ماڵی باوکی، باوکی چەند جارێک ئامۆژگاری کردووە کە لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە، بەڵام سارا بە قسەی نەکردووە.

سارا هەشت ساڵ بوو شووی کردبوو، بەڵام منداڵی نەبوو، باوکی سارا هۆکارەکەی بۆ توندوتیژییەکانی (س.ر) دەگێڕێتەوە و دەڵێت "کچەکەم سەرەتا سکی پڕ بوو، بەڵام مێردەکەی بە شەق لە سکی دابوو، بەو هۆیەوە منداڵەکەی لەبارچوو، دوای ئەوە منداڵدانی تووشی کێشە هات و منداڵی ڕانەدەگرت".

باوکی سارا لەلایەن خزمێکیانەوە کە دراوسێی ماڵی سارایە لە ڕووداوەکە ئاگادار کراوەتەوە. کاتێک چووەتە ماڵی کچەکەی، بینیویەتی قەرەباڵغییەکی زۆری لێیە، هێزەکانی پۆلیسیش گەیشتبوونە شوێنی ڕووداوەکە، یەکسەر بە پۆلیس دەڵێت (س.ر) دەستگیر بکەن، چونکە ئەو بووەتە هۆی خۆخنکاندنی کچەکەی.

باوکی سارا گوتی: "لەسەر مردنی کچەکەم تەنیا سکاڵا لەسەر زاواکەم تۆمار دەکەم، چونکە زۆر خراپ بوو لەگەڵی، دڵی لێی پیس بوو، تەنانەت حەزی نەدەکرد سڵاو لە براکەشی بکات، جارێکیان لەسەرئەوە لێیان بووە کێشە".

گوتیشی: "(س.ر) هەڕەشەی لە سارا کردبوو کە ژنێکی دیکە دێنێ، یان دەچێ بۆ ئەورووپا، ئیدی سارا بەرگەی ئەو هەموو ناخۆشییەی نەگرتووە، بۆیە خۆی کوشتووە".

بەڵام برایم ڕەسوڵ کە مامی (س،ر)یە، هەموو ئەو قسانەی لەبارەی برازاکەیەوە دەکرێن ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین، ئەو ژن و مێردە یەکدییان زۆر خۆشویستووە و هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا نەبووە".

برایم ڕەسوڵ ڕەتیکردەوە ئەو ڕووداوە کاری کردبێتە سەر پەیوەندی و خزمایەتیی نێوان هەردوو بنەماڵە و گوتی "ئێمەش وەکو ئەوان بە پەرۆشین بۆ مەرگی سارا و بەشداری پرسەکەشمان کرد، ئێستاش ئەوان و یاسا چی بڵێن ئێمە ئامادەین".

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێوارەی ڕۆژی 2017/8/2 تەرمی ژنێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی سارا محەممەدئەمین هێنرایە نەخۆشخانەکەمان، دوای پشکنین دەرکەوت کە خۆی خنکاندووە، بۆ پشکنینی زیاتر تەرمەکە ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی کرا".

نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە قەڵادزێ بەدواداچوونیان بۆ ڕووداوەکە کردووە. ملازم ڕێبوار ئەسعەد، گوتەبێژی ئەو نووسینگەیە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ژنە کێشەی لەگەڵ هاوژینەکەی هەبووە، بۆیە هاوژینەکەی بە بڕیاری دادوەر بەپێی ماددە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراوە".

> "دوای ماوەیەک هاوژینەکەی دڵی لێی پیس کرد، بەردەوام هەڕەشەی لێدەکرد و لێی دەدا"
>
> باوکی سارا

# کچێکی تەمەن 42 ساڵان خۆی دەخنکێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

هێشتا زۆربەی دانیشتووانی گوند لە شیرینیی خەودا بوون کاتێک حەلیمە لەگەڵ براژنەی چووە دەرەوە بۆ نێو زەوییەکەیان بۆ ئەوەی تەماتە و باینجانەکانیان بڕنن، بەڵام حەلیمە ئیزن لە براژنەکەی دەخوازێ و بەبیانووی چاودێریکردنی برازاکەی دەگەڕێتەوە ماڵەوە و زۆری پێناچێ خۆی دەخنکێنێ.

ڕۆژی 2017/8/5 کچێکی تەمەن 42 ساڵ بەناوی (حەلیمە م.ئا) دانیشتووی گوندێکی ناحیەی سەرکەپکانی قەزای ڕانیە، لە نێو ماڵەکەیاندا بە پەتێک خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. کەسوکارەکەی دەڵێن کێشەیان لەگەڵ کەس نییە و کچەکەیان نەخۆشیی دەروونی هەبووە بۆیە خۆی خنکاندووە.

عەبدوڵڵا، برای حەلیمە، لەدوای ناشتنی تەرمی خوشکەکەی قسەی بۆ (ڕووداو)کرد و باسی هۆکاری خۆخنکاندنی خوشکەکەی کرد و گوتی: "خوشکەکەم سێ ساڵ لەمەوبەر بەهۆکارێکی نادیار باری دەروونیی تێکچوو، دوای ئەوەی زانیمان نەخۆشییەکەی پەرەدەستێنێ بردمانە لای زۆر پزیشکی دەروونی لە هەموو شارەکانی کوردستان".

عەبدوڵڵا زۆرتر لەبارەی ڕەوشی دەروونیی خوشکەکەی قسەی کرد و گوتی "خوشکەکەم دەیزانی باری دەروونی زۆر جێگیر نییە، بۆیە بۆ هەر شوێنێک بمانبردایە دەهات. چارەسەری هەبوو، بەڵام هەر کاتێک حەبەکانی لێدەبڕان دەیگوت خۆم دەکوژم، یان دەیگوت حەزم لە مردنە، هەندێکجاریش کە باری دەروونیی تێکدەچوو دەیگوت شانەکانم قورس دەبن و دەنگێک لەخۆوە دێتە بەرگوێم و دەڵێت دەبێ بمری، زۆر دڵمان دەدایەوە و دەمگوت خوشکم نابێت وابیت، دەبێت بەهێزبیت و هەرچی دەتەوێت بۆت دابین دەکەم، بەڵام کە دەروونی ئارام دەبووەوە دەیگوت من هەڵەم، هیوادارم کەس بە دەردی من نەچێت".

عەبدوڵڵا باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە حەلیمە خۆی خنکاند و گوتی "لەگەڵ براژنەکەم بەیانی زوو چووبوونە نێو زەویی ماڵی باوکم، خەریکی تەماتە ڕنین بوون، دواتر حەلیمە بە براژنەکەمی گوتبوو کە دەچێتەوە ماڵەوە نەوەک برازاکەی بگری".

عەبدوڵڵا دەڵێت: "کاتێک حەلیمە گەیشتووەتە ماڵەوە، یەکسەر چووەتە مەتبەخ و بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە". کاتێک کەسوکاری حەلیمە بە ڕووداوەکەیان زانی کار لەکار ترازابوو، حەلیمە گیانی دەرچووبوو.

عەبدوڵڵا ڕەتیکردەوە کەس هۆکاری خۆخنکاندنی خوشکەکەی بێ و دەڵێت: "تاکە کەس کە دەستی لە ڕووداوەکەدا هەبێ، حەلیمە خۆی بوو، هۆکارەکەشی نەخۆشییەکەی بوو، بۆیە داوامان لەسەر کەس نییە".

بەڵام عەبدوڵڵا داواکارییەکی لە حکومەت هەیە و دەڵێت دەبێ حکومەت کاربکات بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی گەورە بۆ تووشبووانی نەخۆشیی دەروونی کە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان لە زیادبووندایە.

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕی لە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە دەڵێت لەگەڵ دەستپێکی دەوامی نەخۆشخانەکەیان لە ڕۆژی 2017/8/5 تەرمی کچێکی تەمەن 42 ساڵیان بەناوی حەلیمە بۆ هات، دوای پشکنین دەرکەوت بە پەت خۆی خنکاندووە، پاش ڕێکارە پزیشکی و یاساییە سەرەتاییەکان تەرمەکە ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی کرا.

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش، فەرمان ئەحمەد گوتی "بەگوتەی کەسوکارەکەی، نەخۆشیی دەروونی هەبووە، پێشتریش پزیشکی دەروونی بە خێزانەکەی گوتووە دەبێ بەردەوام چاودێریی بکەن، چونکە نەخۆشییەکەی قورس بووە".

لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەوە دووەم حاڵەتی خۆخنکاندنی ئافرەتانە لە سنووری قەزای ڕانیە.

ڕائید ئیسماعیل شۆڕش، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو کچە بە پەت خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش، گوتی پۆلیس پشتی بە قسەی کەسوکارەکەی و ئەو ڕاپۆرتە پزیشکیانە بەستووە کە لەدوای بەجێماون. ڕائید شۆڕش گوتی "بەگوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی، ئەو کچە نەخۆشیی دەروونی هەبووە و بەو هۆیەوە خۆی خنکاندوە، بەڵام پۆلیس دۆسیەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و بەدواداچوونی خۆی دەکات".

> راپۆرتی پزیشکی هەیە کە حەلیمە نەخۆشیی دەروونی هەبووە
>
> پۆلیس





## لە سەتڵە ئاوێکدا خنکا

**ڕووداو – سلێمانی**

منداڵێکی تەمەن دوو ساڵ و نیوی دەکەوێتە نێو سەتڵێکی ئاو و گیان لە دەست دەدات. بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی لەو بارەیەوە لە پەیجەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک زانیاری زیاتری بڵاوکردووەتەوە. لە هەواڵەکەی پۆلیسی سلێمانیدا هاتووە "پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2017/8/4 لە قەزای قەرەداغی سەربەپارێزگای سلێمانی منداڵێکی تەمەن دوو ساڵ و نیو گیانی لە دەستدا". پۆلیس هۆکاری خنکانی ئەو منداڵەی ڕوونکردووەتەوە و دەڵێت "ئەو منداڵەکە ناوی (س ، ح ،س ) کەوتۆتە ناو سەتڵێکی گەورەی پڕ لە ئاوەوەو بەو هۆیەوە خنکاوە".

# نەیانهێشت بچێتە ئەورووپا، خۆی خنکاند

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- پشدەر**

خێزانەکەی خەریکی خواردنی نانی ئێوارە بوون، کاتێک محەممەد بەسەردەکەنەوە لە ماڵەوە نایبینن، بۆیە بەدوایدا دەگەڕێن و دواتر تەرمەکەی بە هەڵواسراوی لە خانوویەکی کەلاوەدا کە هی باپیری بووە، دەدۆزنەوە.

کاژێر 7:30 خولەکی ئێوارەی ڕۆژی 2017/8/4 ، لە گوندی بەستەستێنی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر لە قەزای پشدەر، مێرمنداڵێکی تەمەن 16 ساڵ بەناوی محەممەد ڕێبوار حەسەن لە کەلاوەیەکدا لە نزیک ماڵی خۆیان بە پەت خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

کاروان حەسەن، مامی محەممەد لە یەکەم ڕۆژی پرسەی برازاکەیدا باسی باروگوزەرانی براکەی کرد و گوتی "ماڵێکی بێ کێشەن، باوکی محەممەد پیاوێکی کاسبە لەسەر سنوور کاری هێنانی بار دەکات، زۆر خۆی ماندوو دەکات بۆ منداڵەکانی".

باوکی محەممەد لە کاتی ڕووداوەکەدا لەسەر کار بووە، خوشک و براکانیشی تاوەکو ئێوارە کاتی نانخواردن بەسەریان نەکردووەتەوە، کاتێکیش لە ماڵەوە بەدوایدا گەڕاون نەیاندۆزیوەتەوە، بۆیە لە دەرەوە بۆی گەڕاون، دواتر لە نێو خانوویەکی کەلاوەدا کە هی باپیری محەممەدە، تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە".

بە گوتەی کاروان، برازاکەی دوای خۆی نامەیەکی جێهێشتووە و هۆکاری خۆخنکاندنەکەی تێدا ئاشکرا کردووە. کاروان گوتی: "محەممەد لە نامەکەدا نووسیویەتی: دایکە، باوکە، خوشک و براکانم گەردنم ئازا بکەن و گەردنتان ئازابێت. من خۆم دەکوژم دەڕۆم بۆ ناو کەلاوەکەی ماڵی باپیرم، تاکە شتێک نەماوەتەوە بۆی بژیم، حەزم دەکرد بچمە ئەورووپا، بەڵام ڕێگەتان پێنەدام، بۆیە نامەوێ چیدی بژیم".

کاروان دەڵێت: "محەممەد دەمێک بوو داوای لە دایک و باوکی دەکرد ڕێگەی بدەن بچێتە ئەورووپا، بەڵام ئەوان نەیاندەویست کوڕەکەیان بدەنە دەستی قەدەر، چونکە دەترسان محەممەدیش بە دەردی ئەو کەسانە بچێ کە دەبنە قوربانیی ڕێگەی هەندەران".

سەرچاوەیەکی ئاگادار باسی خۆخنکاندنی محەممەدی کرد و گوتی "ئەو شوێنەی محەممەد خۆی لێ خنکاندووە خانوویەکی کەلاوەیە، لە نزیک ماڵی خۆیانە، زۆرجار گەنجانی بێکار کاتی تێدا بەسەر دەبەن. دیارە ئەو کاتەی ئەو خۆی هەڵواسیوە چۆڵ بووە، محەممەد پەتێکی بردووە و لەوێ خۆی هەڵواسیوە، بەڵام تاوەکو سەعات نۆی شەو کەسوکارەکەی بەسەریان نەکردووەتەوە، دوایی گومانیان کردووە لەو شوێنە بێ، بۆیە کاتێک دەچنە ئەوێ دەبینن محەممەد خۆی هەڵواسیوە".

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزێ لەبارەی خۆخنکاندنی ئەو مێرمنداڵە بە (ڕووداو)ی گوت: "کاژێر 10:30ی شەو تەرمی کوڕێکی تەمەن 16 ساڵیان هێنایە بەشی پزیشکی دادوەری لە نەخۆشخانەکەمان، توێکاری بۆ تەرمەکە کرا و شوێنی پەت بەملییەوە دیار بوو، بەپێی ئەو نیشانەی بەملیەوە بوو دیار بوو کە خۆی خنکاندووە. دوای ڕێکارە یاساییەکان تەرمەکە درایەوە کەسوکارەکەی".

هەر لەوبارەوە ڕائیدی پۆلیس شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت کە پۆلیس دۆسیەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و بەدواداچوونی زیاتری بۆ دەکات.



# پیاوێکی 72 ساڵان بە تاپڕ خۆی دەکوژێت



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

کەسوکارەکەی هەموو ئامادەکارییەکیان کردبوو بۆ ئەوەی نەشتەرگەریی چاوی بۆ بکەن، بەڵام محەممەد هەموو پلانی کوڕەکانی تێکدا و بە گوللەیەکی تاپڕ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

محەممەد عەبدوڵڵا موراد، تەمەن 72 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی سەرکەوتنی قەزای کەلار بوو، بەرەبەیانی ڕۆژی 2017/7/18 بە چەکی تاپڕ خۆی کوشت.

محەممەد ماوەیەکی کەم بوو تووشی نەخۆشیی شەکرە ببوو، بەهۆیەوە چاوێکی نزیکی کوێربوون ببوو، بۆیە پاش ئەوەی کوڕەکانی دەیبەن بۆ نەخۆشخانەیەکی چاو لە سلێمانی، پزیشک بڕیار دەدات نەشتەرگەری بۆ بکرێت. محەممەد ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ کەلار و بڕیار بوو ڕۆژی دواتر نەشتەرگەری بۆ بکرێ، بەڵام لەدوای نانی بەیانی بە فیشەکێکی تاپڕ کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

دڵشاد، یەکێک لە کوڕەکانی محەممەد بە (ڕووداو)ی گوت: "باوکم پیاوێکی لەخواترس و بەئیمان بوو، نوێژێکی نەدەچوو، بۆیە دڵنیام فیشەکەکە لەدەستی دەرچووە و ڕووداو بووە، نەک خۆی کوشتبێت".

دڵشاد دەڵێت: "ئەو بەیانیە ویستی پێش ئەوەی بچێت بۆ نەشتەرگەری بۆ سلێمانی تاپڕەکەی ببات بیفرۆشێت، باوکم گوتی دەمەوێت بیکەم بە پارە و لەگەڵ خۆمدا بیبەم، هەرچەندە باری داراییمان خراپ نەبوو، باوکم دەیویست تاپڕەکە پاکبکاتەوە، بەڵام فیشەکێک لەدەستی دەرچوو و بەر گەردنی کەوت، پێش ئەوەی بگاتە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

ڕائیدی مافپەروەر عەلی جەمال قەدوری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە ڕووداوەکە خۆکوژی بووە، ئەم پیاوە خۆی خۆی کوشتووە و گوللەیەکی لە ملی خۆی داوە".

بەپێی ئاماری شەش مانگی ڕابردووی ئەمساڵ، نۆ حاڵەتی خۆکوشتن تۆمار کراون کە لەچاو شەش مانگی ساڵی ڕابردوودا، حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە سنووری گەرمیان زیادیان کردووە.

لەیلا عومەر، دەروونناس، زۆربوونی دیاردەی خۆکوشتن بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە "یەکەم هۆکار قەیرانی داراییە کە زۆرترین کاریگەریی هەیە و هاووڵاتیان لەم چەند ساڵەدا بەهۆی هەژاری و بیرکردنەوە لە نەبوونی پارە، مێشکیان تەواو ماندوو بووە، خێزان هەیە دێت بۆ لامان کوڕەکەیان تووشی نەخۆشی دەروونی بووە، دایک و باوکی دەڵێن کوڕەکەمان دەیەوێت ژن بهێنێت، بەڵام پارەمان نییە و شەش کوڕمان هەیە کاتی هاوسەرگیرییانە، ئەمانە دەیانگەیەننە حاڵەتی دەمارگیری و بەداخەوە ڕووداوی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە. دووەم هۆکاریش ئەوەیە کە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی زۆر کەم بووە، حکومەتیش کەمتەرخەمی دەکات و ئەم بابەتەی پشتگوێ خستووە. ئەو دراما خراپانەی تەلەفزیۆنیش ناڕاستەوخۆ هانی کوشتن و خۆکوشتن دەدەن، نابێ بهێڵدرێن، پێویستە چاودێریی توند بخرێتە سەر ئەو میدیایانەی ئەو درامایانە پەخش دەکەن".

# لە ئەڵمانیا گەڕایەوە و لە سلێمانی کوژرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

هەڵدێر لە ماڵی نەنکی لەدایک بووبوو، بۆیە زوو زوو دەچووەوە لای نەنکی لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشای شاری سلێمانی، ئەو ڕۆژەش چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە ماڵی نەنکی کە دەستڕێژی گوللەی لێکرا و کوژرا.

ڕۆژی 2017/7/18 گەنجێکی تەمەن 27 ساڵ بەناوی هەڵدێر بارزان، لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشای شاری سلێمانی لەلایەن کەسانی نەناسراوە تەقەی لێکرا و کوژرا.

باوکی هەڵدێر دەڵێت کوڕەکەی بەغەدر کوژراوە "نزیکەی دوو ساڵ بوو لەگەڵ ژنەکەی لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بوون، چەند مانگێک لەمەوبەر گەڕانەوە هەرێمی کوردستان و خەریکی کارکردن بوو، کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبوو".

باوکی هەڵدێر نایشارێتەوە پێشتر کوڕەکەی کێشەی لەگەڵ چەند کەسێک هەبووە، ئەو دەڵێت "چەند ساڵێک پێش ئەوەی کوڕەکەم بڕواتە ئەڵمانیا، شەڕ و کێشەی لەگەڵ چەند کەسێک هەبووە، بەڵام چارەسەری کرد و لەوە بەدوا کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبووە، بۆیە تەنیا گومانێک کە هەمبێت لەبارەی کوشتنەکەی، ئەو کێشانەی پێشووترن".

شایەتحاڵێکی ڕووداوەکە دەڵێت: "نزیکی کاژێر 12ی نیوەڕۆ بوو، من لە ماڵەوە بووم، گوێم لە دەنگی تەقە و دەستڕێژی گوللە بوو، کاتێک هاتمە دەرەوە بینیم کەسێک لەنێو ئۆتۆمبێلێکدایە، لەگەڵ دراوسێکان چووینە لای ئۆتۆمبێلەکە، بینیمان گەنجێکە و چەند گوللەیەکی پێوەیە". دەشڵێت "ئەوکاتەی ئێمە گەیشتینە ئەوێ، هێشتا نەمردبوو، زۆر بە کزی هەناسەی دەدا".

بە گوتەی نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی "ئەو گەنجەی کوژراوە، دوو ساڵ لەمەوبەر لەلایەن چەند کەسێکەوە سکاڵای لەسەر تۆمار کرابوو، بۆیە چەند جارێک لەلایەن پۆلیسەوە داواکراوە".

لەبارەی تۆمەتبارەکانیشەوە گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی دەڵێت "دوای ڕووداوکە دەستبەجێ تۆمەتبارەکان بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون، بەڵام بە پشتبەستن بە کامێرای چاودێری و زانیاریی شایەتحاڵەکان لە هەوڵی دۆزینەوەی تۆمەتبارەکان و ئەو ئۆتۆمبیلەداین کە لەوێوە دەستڕێژی گوللە لە گەنجەکە کراوە".

> کوڕەکەم کێشەی لەگەڵ چەند کەسێک هەبوو
>
> باوکی هەڵدێر





موقەدەمی مافپەروەر

**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## لەشکرێک فریای کەوت

لە نێو ئەو کەسانەی کە لەگەڵی هاتبوون بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، زۆر بە ئاشکرا هەستت پێدەکرد کە ئەو قوربانییە. قوربانیی نیازە گڵاوەکانی پیاوێک کە بێکەسییەکەی ئەوی ئیستیغلال کردبوو، بەڵام دواجار هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکان لە بەرژەوەندیی ئافرەتەکە و بە زیانی پیاوەکە شکانەوە.

ماوەیەک لەمەوبەر ئافرەتێکیان هێنایە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان کە زۆر پەشۆکابوو، کاتێک پرسیارمان لێکرد چ کێشەیەکت هەیە؟ دەستی بە گێڕانەوەی سەربوردەی خۆی کرد و گوتی: 10 ساڵ لەمەوبەر، باوکم دایکمی بەجێهێشت، پاشان دایکم شووی کردەوە، دوای سێ ساڵ کۆچی دوایی کرد، زۆری نەبرد زڕباوکەکەم ژنێکی دیکەی هێنایەوە، ئیدی چارەنووسی من لە تەمەنی 16 ساڵییەوە کەوتە دەستی زڕدایک و زڕباوک. بەهۆی ناتەبایی باوکم و دایکی ڕەحمەتیم، هیچ لە خزم و کەسەکانی خۆم نەدەناسین بچمە لایان، بۆیە ناچاربووم خۆم لەگەڵ زڕدایک و زڕباوکەکەم رابهێنم. تا ڕۆژێکیان خوازبێنیم هات و بەشوویاندام. بەڵام ژیانم لەلای مێردەکەم تا بڵێی خراپ بوو، بەردەوام ئەشکەنجەی دەدام، بۆیە لێی جیابوومەوە، بەڵام خۆزگە هەر لەلای ئەو مابامەوە، چونکە کە گەڕامەوە لای دایکم و باوکم ژیانم بوو بە دۆزەخ.

ئافرەتەکە بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەکەی و گوتی ماڵمان لە دەرەوەی شار بوو، دراوسێیەکمان هەبوو ئاگاداری بارودۆخی من بوو، پێشنیازی بۆ کردم بچمە لای بۆ کارکردن، منیش لە خوام دەویست لە دەست باوکم و دایکم ڕزگارم بێ، بۆیە ناونیشانەکەم لێ وەرگرت و چووم بۆ لای، پیاوەکە زۆر ڕێزی گرتم، سێ ڕۆژ لەوێ مامەوە، ڕۆژی چوارەم پیاوێک هات و گوتی لەگەڵ ئەو پیاوە بڕۆ بۆ کارکردن. بەڵام ئەو پیاوە منی بردە ماڵێک لەوێ ویستی دەستدرێژیم بکاتە سەر، من نەمهێشت، بۆیە بەربووە گیانم و زۆری لێدام و گوتی تۆ ئێستا لەژێر دەستی منی، ناسنامەکەت لەلای منە، بچیتە دەرەوە دەستگیر دەکرێی، بۆیە چیت پێدەڵێم دەبێت وا بکەی. منیش لەبەر بێکەسی و نە شارەزایی و ترس لە گرتن، ناچار بووم بە قسەی بکەم. ئەو پیاوە ڕۆژانە پیاوی دەهێنایە ماڵەکە، هەموو جارێکیش حەبێکی دەدامێ بۆ ئەوەی ئاگام لە خۆم نەمێنێ، بە هیچ شێوەیەک نەیدەهێشت لەو ماڵە دەربچم. هیچی بۆ نەدەکڕیم تەنیا خواردنی دەدامێ. ڕۆژێکیان لەلای یەکێک لەو پیاوانەی دەهاتنە لام زۆر گریام، باسی ژیانی خۆمم بۆ کرد، ئەویش دیاربوو ویژانی جوڵا و منی برد بۆ شوێنێک، پاشان منیان هێنا بۆ ئێرە.

ئافرەتەکە لە ترسان هەڵدەلەرزی و وایدەزانی ئەو پیاوە بەدواوەیەتی، بەڵام دڵنەوایی کراو پێیگوترا کە لە شوێنێکی سەلامەتە. دوای ئەوەی دۆسیەی بۆ کرایەوە و ڕەوانەی بەردەم دادوەر کرا، دادوەر بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ تۆمەتبارەکە بەپێی مادە سێ لە یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارە هەشتی ساڵی 1988 دەرکرد. لە کاتی دەستگیرکردنیدا تۆمەتبارەکە نەیشاردەوە کە ئافرەتەکە لەلای ئەو بووە، بەڵام گوتی کاری ماڵەوەی پێکردووە و لە بەرامبەردا مانگانە پارەی داوەتێ، بەڵام کاتێک ماڵەکەی پشکنرا شتێکی وای تێدا نەبوو تاوەکو پێویستی بە خزمەتکار بێ، بۆیە پیاوەکە بەند کرا. ئافرەتەکەش ماوەی دوو مانگ لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان مایەوە، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە ئەو ڕازی نەبوو بگەڕێتەوە لای زڕدایک و زڕباوکەکەی، هەروەها ناسیاو و خزمێکی وەهای نەدەناسی بچێتە لای، بە هاوکاریی توێژەرانی ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان و ڕێکخراوێکی ئافرەتان، هەروەها سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی شوێنێکی شیاوی بۆ دۆزرایەوە کە بتوانێ کاری تێدا بکات و بژێویی ژیانی خۆی دابین بکات.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## پیتەر گالبرێت، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە کرواتیا بۆ (رووداو):

# شتێکی گەمژانەیە باسی ئەگەری دواخستنی گشتپرسی بکەی



پیتەر گالبرێت، یەکەم باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە کرواتیای پاش جیابوونەوە لە یۆگوسلاڤیا لە ساڵی 1991، زۆربەی تەمەنی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ دۆزی کورد تەرخان کردووە. پیتەر پێیوایە ئەگەر کورد سەربەخۆیی رانەگەیەنن کەس نییە بیانپارێزێ. هەروەها دەڵێت کورد هەرگیز لە ئەنجامدانی گشتپرسی پاشگەز نابێتەوە.

هەڤپەیڤین: نامۆ عەبدوڵڵا

> ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ بن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتانپارێزێ

**رووداو: ئایا کاتی ئەوە هاتووە کورد سەربەخۆیی رابگەیەنن؟**

**پیتەر گالبرێت:** ئەمە بڕیارێکە بەدەست خەڵکی کوردستانی عێراقە، بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی خۆیانە. لەڕێی بڕیاردانی خەڵک دەتوانن سەربەخۆیی رابگەیەنن. رەنگە دوای گشتپرسی پرۆسەیەکی دانوستاندن هەبێ، چونکە وەکو جیابوونەوەی دوو هاوژینە، دەبێ کێشەکان چارەسەر بکرێن. گرنگترینیان دیاریکردنی سنوورەکانی کوردستانە. دەبێ رێککەوتن هەبێت لەبارەی چەند مەسەلەیەکی گرنگ، وەکو ئەو قەرز و داهاتەی لەلای بەغدایە. پاشان مەسەلەی بچووکتر، وەکو پرسی هاونیشتمانیبوون و خاوەندارێتی، هەروەها بابەتی بۆڕییە نەوتەکان.

**رووداو: پێتوایە ئێستا باشترین کاتە بۆ گشتپرسی؟**

**پیتەر گالبرێت:** من نیوەی ژیانم بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ کوردستان تەرخان کردووە، من هەرگیز کوردێکم نەبینیوە بڵێ پێم باشە عێراقی بم نەک هاونیشتمانیی کوردستانێکی سەربەخۆ. ئەوە ئاواتی لەمێژینەی خەڵکی کوردستانە. پێموایە ئێستا کاتی ئەوەیە. عێراق تێکشکاوە، ئەو وڵاتەی 2003 هەبوو نەماوە. ئەو وڵاتەی ئەمریکییەکان هەوڵیاندا دروستی بکەن، هەرگیز سەری نەگرت. تەنیا سەیر بکەن ساڵی 2014 چی روویدا، هەزار تیرۆریست بە ئۆتۆمبێلی مەدەنی دەستیان بەسەر دووەم گەورەترین شاری عێراقدا گرت کە گوایە لەلایەن 30 هەزار سەربازی عێراقییەوە بە چەکی ئەمریکی دەپارێزرا، ئەو چەکانەیان برد و هێرشیان کردە سەر کوردستان. حکومەتی عێراق چی کرد؟ رەتیکردەوە تەنانەت مووچەی پێشمەرگە بدات، رێگەی بە چوونی چەک بۆ پێشمەرگە نەدەدا. کێ دەیەوێ بەشێک بێت لە دەوڵەتێکی لەمجۆرە.

> ئەمریکا دژی دابەشبوونی یۆگوسلاڤیا بوو، بەڵام لەگەڵ واقیعەکە هەڵیکرد

**رووداو: بەشێک لە چاودێران دەڵێن هیچ دەوڵەتێک ئامادە نییە دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێ، ئەگەر ئەوە راست بێ، بۆچی کورد سەربەخۆیی رابگەیەنێ؟**

**پیتەر گالبرێت:** سەرەتا پێموانییە ئەو بۆچوونانە راست بن. بەم دواییە سکۆتلاند گشتپرسیی کرد بۆ جیابوونەوە لە بەریتانیا، ئەگەر سکۆتلاندییەکان بە بەڵێ دەنگیان دابا، سەربەخۆییان رادەگەیاند. لە بەریتانیاش گشتپرسی کرا بۆ جیابوونەوە لە یەکێتیی ئەوروپا و ئەنجامەکەی قبوڵ کرا. لە هەردوو حاڵەتەکەدا دوای گشتپرسی دانوستاندن کرا. خاڵی گرنگ ئەوەیە کاتێک گشتپرسی دەکرێت، رەوشەکە دەگۆڕێت. واقیعێکی نوێ دروست دەبێت بۆ بەغدا و وڵاتانی دراوسێ، هەروەها بۆ ئەمریکا و هەموو جیهان. دژایەتیی سەربەخۆیی کوردستان لە ئەمریکا، بەهیچ شێوەیەک بەراورد ناکرێت بە دژایەتیی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی سلۆڤینیا و کرواتیا. کاتێک یۆگوسلاڤیا دابەشبوو. من یەکەم باڵیۆزی ئەمریکا بووم لە کرواتیای تازە سەربەخۆ. ئەمریکا تەواو دژی دابەشبوونی یۆگوسلاڤیا بوو، نۆ مانگ دوای دابەشبوونەکە، ئەمریکا لەگەڵ واقیعەکە هەڵیکرد. دانی بە سەربەخۆیی کرواتیا، سلۆڤینیا و بۆسنیا و هێرزۆگۆڤینادا نا. ئەمریکا هەڵەیەکی گەورەی کرد، هەوڵی دا جەخت بکاتە سەر پاراستنی یەکپارچەیی یۆگوسلاڤیا کە تەواو مەحاڵ بوو، خەڵکی کرواتیا و سلۆڤینیا گشتپرسییان بۆ سەربەخۆیی کرد. با هیواخوازبین ئەمریکا هەمان هەڵە دووبارە نەکاتەوە، هەوڵی زۆر نەخاتە گەڕ بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی، ئەوە بەدی نایەت. خەڵکی کوردستان لە 25ی سێپتەمبەر دەنگ بە سەربەخۆیی دەدەن، دوای ئەوە عێراق و کوردستان پێکەوە نامێننەوە، لەبری ئەوە پێویستە کار بۆ جیابوونەوەیەکی ئاشتیانە بکرێت. لە هەمووی گرنگتر رێککەوتنە لەسەر ئەوەی کام ناوچە سەر بە کوردستان دەبێت و کام ناوچە وەک بەشێک لە عێراق دەمێنێتەوە. بارزانی قسەیەکی زۆر بونیادنەرانەی کرد، گوتی کوردستان تەنیا ئەو ناوچانەی دەوێت کە دانیشتووانی دەیانەوێت بەشێک بن لە کوردستان. ئەمە هەڵوێستێکی مەنتقییە. واتە کوردستان کێشە بۆ خۆی ناهێنێ بە هێنانی ئەو ناوچانەی نایانەوێ بەشێک بن لە کوردستان.

> نابێ ئەمریکا لە گشتپرسیی کوردستاندا هەمان هەڵەی یۆگوسلاڤیا دووبارە بکاتەوە

**رووداو: لەو باوەڕەدای کورد بڕیاری گشتپرسی هەڵبوەشێنێتەوە؟**

**پیتەر گالبرێت:** ناتوانرێ گشتپرسی هەڵبوەشێنرێتەوە. بیهێنە بەرچاوت چ کاریگەرییەکی لەسەر خەڵکی کورد دەبێت ئەگەر سەرکردایەتی کورد هەڵیوەشێننەوە. بێگومان متمانەیان نامێنێت، ئەوە ئامانجێکە کە زۆر سەرکردە، بە بارزانیشەوە، هەموو ژیانیان بۆ بەدەستهێنانی تەرخان کردووە. نایانەوێ هەڵیبوەشێننەوە و بەنیازیش نین هەڵیبوەشێننەوە. دەتوانین بڵێین هیچ هەلێک نییە بۆ پاشگەزبوونەوە لەم گشتپرسییە. پێموایە شتێکی گەمژانەیە باسی ئەگەری دواخستنی گشتپرسی بکەین، چونکە ناکرێ. ئێستا لە رەوشێکداین کە چاوەڕێی گشتپرسین، دەزانین ئەنجامەکەشی چییە، پرسیارەکە ئەوەیە دواتر چی روودەدا.

**رووداو: رەخنەیەکی دیکە لە پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان ئەوەیە کە کورد یەکگرتوو نییە، جوڵانەوەیەک دروستبووە کە دەیەوێ بە نەخێر دەنگ بە پرۆسەکە بدات، گۆڕان هێشتا لەگەڵ پرسەکە نییە، هەرچەندە پارتی داوایەکی بێ مەرجی پێشکەشکردن بۆ دووبارە کۆبوونەوەی پەرلەمان. ئایا ئەمە دەبێتە گرفت لەبەردەم سەربەخۆیی؟**

**پیتەر گالبرێت:** خەڵک دەنگ دەدات، کەواتە دەنگی ناڕازیش دەبێت، پێموایە رێژەی دەنگی ناڕازی زۆر کەم دەبێت. لەبەرئەوەی پارتی و یەکێتی و گۆڕان هەرسێکیان پشتگیری سەربەخۆیی و گشتپرسی دەکەن. یەکێتی و گۆڕان حەزدەکەن پەرلەمان کارا بکرێتەوە، ئێستا رێککەوتن هەیە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان بەبێ هیچ پێشمەرجێک. دیموکراسی وایە، ئەگەر خەڵک بیانەوێ بە نەخێر دەنگ بدەن، ئەوە مافی دیموکراسیانەی ئەوانە. من دەڵێم کوردستان یەکگرتووترە لە هەموو ئەو وڵاتانەی هەوڵی سەربەخۆییان داوە. کاتێک ئەمریکا لە ساڵی 1776 سەربەخۆیی راگەیاند، تەنیا یەک لەسەر سێی خەڵک لەگەڵ سەربەخۆیی بوون. بەشێکیان دەیانویست لەگەڵ بەریتانیا بمێننەوە و بەشێکیشیان بێلایەن بوون.

> ئەگەر سەربەخۆیی رانەگەیەنن کەس نییە بتانپارێزێ

ئەوانەی دەیانەوێ لەگەڵ عێراق بمێننەوە ژمارەیان کەمە.

**رووداو: تۆ بەمدواییە گوتت مەترسیدارتر ئەوەیە کورد وەکو بەشێک لە عێراق بمێننەوە، دەتوانی ئەوەمان بۆ روون بکەیتەوە؟**

**پیتەر گالبرێت:** مانەوە وەک بەشێک لە عێراق، مانەوەیە لە دەوڵەتێکدا کە هەرگیز کارا نەبووە. بە ناکۆکیی مەزهەبی داڕێنراوە، ناکۆکیی سوننە و شیعە و مێژوویەک لە جینۆسایدی هەیە. فەرمانڕەوایانیش تەنیا بۆ یەک پێکهاتە کار دەکەن کە شیعەکانن. عێراق نزیکترین هاوپەیمانی ئێرانە لە جیهاندا. کەواتە لە بەغدا حکومەتێک هەیە کە هاوپەیمانی ئێرانە، لەکاتێکدا حکومەتی هەولێر هاوپەیمانی ئەمریکایە. بۆچوونیان لەبارەی شەڕی سووریاش لێکجیاوازە. خاڵی گرنگ ئەوەیە ئەگەر سەربەخۆیی رانەگەیەنن و وەک بەشێک لە عێراق بمێننەوە کەس نییە بتانپارێزێ، ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ بن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتانپارێزێ. سەیری کوەیت بکەن، کاتێک سەددام لە 1990 کوەیتی داگیرکرد، جیهان بەرگریی لێ کرد. کاتێک سەددام چەکی کیمیایی لەدژی کورد بەکارهێنا جیهان هیچی نەکرد. لەکاتێدا ئیدارەی رۆناڵد ریگان لەگەڵ بڕینی هاوکاری بۆ عێراق نەبوون. کەواتە ئەگەر بەشێک بن لە وڵاتێکی دی هیچ پارێزێکتان نییە، ئەگەر سەربەخۆ بن دەپارێزرێن.

## دانیال سەروەر، پرۆفیسۆر لە زانکۆی جۆنز هۆپکینز بۆ (رووداو):

# سەختە ئەمریکا دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێ



دانیاڵ سەروەر پرۆفیسۆرە لە زانکۆی جۆنز هۆپکینز و لە بواری ئیدارەکردنی ململانێکاندا وانە دەڵێتەوە و لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتنیش کاری لێکۆڵینەوە دەکات. سەروەر ماوەیەک راوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە و لە نێوان ساڵانی 1994 بۆ 1996 نێردەی تایبەتی ئەمریکا بووە بۆ فیدراسیۆنی بۆسنە، لەو ماوەیەشدا نێوبژیوانی دانوستاندنەکانی نێوان کروات و موسوڵمانەکان بووە و یەکەم رێککەوتنی ئاشتیی دایتن بەرهەمی هەوڵ و نێوبژیوانیی ئەو بووە. دانیاڵ سەروەر شارەزاییەکی باشی لە دۆخی عێراق و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە، پێیوایە کاتی سەربەخۆیی کوردستان نییە و دەڵێت بەبێ رێککەوتن لەگەڵ بەغدا گشتپرسی هەڵەیەکی گەورەیە.

هەڤپەیڤین: نامۆ عەبدوڵڵا

رووداو– واشنتن

**رووداو: بەمدواییە بابەتێکت بۆ رۆژنامەی واشنتن پۆست نووسی، گوتت کاتی سەربەخۆیی کوردستان نییە. بۆچی ئەم هەڵوێستە؟**

**دانیاڵ سەروەر:** من لەدژی سەربەخۆیی کوردستان نیم، بەڵام پێموایە ئەو پرۆسەیەی کە پێویستە بۆ ئەو مەبەستە بگیرێتەبەر زۆر گرنگە. ئەنجامدانی گشتپرسی بەبێ رێککەوتن لەگەڵ بەغدا لەسەر خاڵەکانی جیابوونەوە، هەڵەیەکی گەورەیە. گشتپرسی پێویست نییە، هەموومان تێدەگەین کورد سەربەخۆییان دەوێت. بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی پێویست ناکات گشتپرسی بکەن. کێشە دانپێدانانە نەک راگەیاندنی سەربەخۆیی. سەربەخۆیی چەمکێکی پەیوەست بە ئیرادەی سیاسییە، دانپێدانان قبوڵکردنی سەروەرییە. کوردستان کێشەی بەدەستهێنانی دانپێدانانی هەیە. لەلایەن تورکیاوە سەختە، لەلایەن ئێرانەوە سەختە، لەلایەن بەغداوە سەختە. راشکاوانە بڵێم سەختە ئەمریکاش دانی پێدا بنێ. سەختترە لەوەی بەرپرسانی کوردستان تێیدەگەن. کێشەکە پەیوەندی بە کوردستانەوە نییە، پەیوەندی بە کێشەی جیابوونەوەی چەند بەشێکی جۆرجیا، مۆڵدۆڤا، ئۆکراینیاوە هەیە. ئەگەر ئەمریکا دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێت بەبێ ئەوەی هەولێر لەگەڵ بەغدا بگاتە رێککەوتن، ئەوە راستەوخۆ دەستی پوتین ئاوەڵا دەکات و کاریگەریی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی زۆر زیاد دەکات. پێموایە ئەمریکییەکان ئەوە دەزانن، بۆیە دوودڵن لە دانپێدانانی کوردستان، مەگەر لەگەڵ بەغدا رێککەوتن بکرێت.

> دانپێدانانی ئەمریکا بە سەربەخۆیی کوردستان دەستی پوتین واڵا دەکات

**رووداو: ئەو دژایەتییەی بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان دەبینرێ شتێکی سروشتییە، چونکە هیچ وڵاتێک هانت نادات بۆ جیابوونەوە، بەڵام کاتێک تۆ سەربەخۆییت راگەیاند دەبێتە ئەمری واقیع، ئەمریکا و وڵاتانی دیکە ناچار دەبن دانی پێدا بنێن؟**

**دانیاڵ سەروەر:** دانپێدانان بەو دەوڵەتانەی دوای دابەشبوونی یۆگوسلاڤیا دروستبوون، بەشێکی بەهۆی شەڕەوە بوو. پێموایە ئەوە خراپترین سیناریۆیە کە بۆ کوردستانی عێراق لەبەرچاوی بگرین، دەبێ دوورەپەرێزی لە شەڕ بکرێت لەڕێی ئەنجامدانی دانوستاندن. پێموایە پێویست ناکات گشتپرسی بکرێ، چونکە ئەنجامەکەی روونە. ئەگەر سەیری ئەو وڵاتانە بکەی کە بەمدواییانە سەربەخۆییان بەدەستهێناوە، ئەوانەی سەرکەوتووبوونە، ئەوانەن کە پرۆسەی راگەیاندنی سەربەخۆییان بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردووە. خوێندنەوەی من بۆ بەغدا ئەوەیە کە لەسەر ئەو پرسە دابەشبووە، لەبەر ئەوەی زۆر لە شیعەکانی باشوور دەڵێن لێگەڕێن با کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەت بە مەرجێ کەرکووک نەبەن. سوننەکان کێشەی راستەقینەیان لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانی عێراق هەیە لەبەرئەوەی ئەوان لە عێراقێکدا دەمێننەوە کە 75%ی شیعە دەبێت. بەبێ شکبردنی سەرچاوەی تایبەت بە خۆیان. بۆیە رەوشەکە بۆ سوننەکان زۆر سەخت دەبێت، بەبێ بەغدا ناتوانرێ هیچ بکرێ. عەبادی سەرۆکوەزیران لە بەغدا تاکە کەسە کە کورد دەتوانێ ئومێدی لەسەر هەڵچنێ بۆ ئەنجامدانی دانوستاندنی سەربەخۆیی. شێوازی کاریگەر ئەوەیە یەکەمجار دانوستاندن بکەن، ئەگەر وادەزانن پێویستتان بە گشتپرسییە، بیکەن، هەرچەند من پێموایە پێویستتان نییە، بەڵام راگەیاندنی سەربەخۆیی بە پشتبەستن بە دانوستاندن لەسەر دابەشکردنی ناوچەکان و سامان و مەسەلەی قەرزەکان و مەسەلەی هاونیشتمانیبوون دەکرێ لەگەڵ بەغدا لەسەر هەموو ئەم مەسەلانە دانوستاندن بکرێ. بەتایبەتی لەگەڵ ئەو بەغدایەی ئەمڕۆ هەیە.

> گشتپرسی رەوشی سوننەکانی عێراق زۆر زەحمەت دەکات

**رووداو: نەبوونی یەکڕیزی لە نێو کورد، دەبێتە گرفتێکی گەورە لەبەردەم گشتپرسی؟**

**دانیاڵ سەروەر:** راستییەکە ئەوەیە لە هەندێک لەو وڵاتانەی هەوڵی سەربەخۆییان داوە، یەکڕیزیی نێوخۆیی نەبووە، دوای سەربەخۆیی شەڕی ناوخۆ سەریهەڵداوە. لە باشووری سوودان وا بوو. پێشبینی شەڕی ناوخۆ لە کوردستان ناکەم، بەڵام راستییەکە ئەوەیە هێشتا پەرلەمان کارا نەکراوەتەوە، پێمخۆشدەبێت کە هیچ پێشمەرجێک دانەنرابێت بۆ کاراکردنەوەی. پێویستە ببینین کە کاراکراوەتەوە و یاسای پەیوەست بە گشتپرسی دەربکرێ. ئەگەرنا گشتپرسییەکە نافەرمی دەبێت و بەڕاستی بێ سوود دەبێت.

> ئەگەر یاسا بۆ گشتپرسی دەرنەکرێ ئەنجامەکەی نافەرمی دەبێ

**رووداو: پێت باشترە کورد لەگەڵ عێراقێکی داڕووخاو بمێنێتەوە؟**

**دانیاڵ سەروەر:** نەخێر، پێموایە ئەوە بڕیاری کوردی عێراقە. دەزانم ئیرادەی سەربەخۆییان زۆر بەهێزە، تێدەگەم کە عێراق فەوزایە، دانیشتووانی کوردستانی عێراق وای دەبینن کە مانەوە وەک بەشێک لە عێراق باشترین شت نییە. من کێشەم لەگەڵ ئەوە نییە، کێشەم لەگەڵ ئەوەیە کوردستانی عێراق کە خۆی بە دۆستی ئەمریکا دەزانێت، رەوشێک دروست بکات کە ئەمریکا ناچاربێت دانی پێدا بنێت لەسەر حیسابی پشتگوێخستنی هەڵوێستی خۆی لە ئەبخازیا و ترانسنیستریا و دۆنباس و هەموو ئەو ناوچانەی کە پوتین بە سەربەخۆیان دەزانێ یان بڕیاریان داوە سەر بە رووسیا بن. ئەوە بژارەیەکی زۆر سەختە بۆ ئەمریکا. ئەگەر لە من بپرسی، پێموایە ئەمریکا دژی سەربەخۆیی کوردستان دەبێت.

> جیابوونەوەی کوردستان دەبێ بە رێککەوتن بێت لەگەڵ بەغدا

ئەگەر سەربەخۆیی رابگەیەنن، لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەمریکا 500 هەزار سەرباز رەوانە دەکات بۆ پاراستنی کوردستانی عێراق، یەکێکە لەو هۆکارانەی ئەمریکا دوودڵ دەکات لە دانپێدانان بە سەربەخۆیی کوردستانی عێراقدا، لانیکەم پێویستە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا هەبێت. ئەوە کلیلی بەدەستهێنانی رەزامەندیی نێودەوڵەتییە. ئەگەر تارانیش رازی نەبێ، بەدڵنیاییەوە ئەنقەرە رەزامەندی دەدات بەو سەربەخۆییە. ئەگەر دانوستاندن و رێککەوتن نەبێت لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و دابەشکردنی سامان و قەرزەکان، ئەوە تەواوی پرۆسەکە بەرەو ئاڕاستەیەکی زۆر خراپ دەڕوات.

**رووداو: ئەگەر ئەو جیابوونەوەیە بە هاوکاریی بەغدا بکرێ، زۆربەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی پێدا دەنێن.**

**دانیاڵ سەروەر:** ناڵێم زۆربەی وڵاتان بە گوڕوتینەوە دانی پێدا دەنێن، زۆریان دوودڵ دەبن. بەڵام پێموایە ئەو کات ئەمریکا دەتوانێت بڵێت سەربەخۆیی کریمیا، یان داگیرکردنی لەلایەن رووسیاوە بە رەزامەندیی کیێڤ نەبووە، بە رەزامەندیی دەسەڵاتی ئۆکراینا نەبووە لەبەرئەوە ئەو سەربەخۆییە یاسایی نییە. رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا وادەکات سەربەخۆیی کوردستان یاسایی بێت. ئەوە ئارگومێنتێکی زۆر بەهێزە کە ئەمریکییەکان دەتوانن بەکاریبهێنن، پێموایە ئەوە بۆ تاران و بەتایبەت بۆ ئەنقەرەش راستە. رێککەوتن وادەکات بەشێوەیەکی حەتمی دواتر رەزامەند بن، ئەگەر دەستبەجێش دەرینەبڕن.



هونەر ڕێبوار

## بۆ 20 هەزار دینار 20 ساڵ دەخوێنێ

ئێوارەیەک لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن بووم کە هێندە قەرەباڵغ و پڕە لە نەخۆش، ناتوانیت ساتێک پشوو بدەیت بۆ خواردنەوەی پەرداخێک ئاو، لە تینوێتی بخنکێی کەس فریات ناکەوێت.

لە نەخۆشخانەکان بەگشتی، بەشەکانی بینینی نەخۆش جیاکراونەتەوە، تاوەکو گوشاری سەر پزیشک کەم ببێتەوە و نەخۆشەکانیش بەشێوەیەکی ڕێکخراو و خێراتر چارەسەر وەربگرن، بەڵام لەکاتی پێویستدا هەموو دەبنە یەک تیم بۆ ئەنجامدانی چارەسەری پێویست بۆ نەخۆش.

تازە گەیشتبوومە نێو نەخۆشخانە، پزیشکێکی پایەبڵندی هەناوی داوای کرد خێرا ئۆکسجین و سۆندەیەکی میز بۆ پیاوێکی بەساڵاچوو دابنێم کە ئاو لە سنگیدا کۆبووبووەوە. بە تووڕەییەوە یەکێک بانگی کرد، مانگانە مووچەیەکی باش وەردەگری و ئەو دەوامەش دەکەیت؟ بۆ نایەی چارەسەری نەخۆشەکەمان بکەیت؟

کە بینیم گەنجێکە و دوو هاوڕێی لەگەڵن، قیت و قۆز لە پشتمەوە وەستاون، جگە لە یەکێکیان کە رووشاوییەکی کەم لە ڕوخساری هەبوو، وەرەقەیەکی پۆلیسی (بۆ نووسینی ڕاپۆرتی سەرەتایی پزیشکی) هەڵدایە بەردەستم و گوتی خێرا ئەوەمان بۆ پڕبکەوە.

نەخۆشەکەی ئەوان پەیوەندی بەو بەشەی منەوە نەبووکە کارم لێ دەکرد، بەڵام کە سەیرم کرد پزیشکەکەی دیکە لە ژووری ڕووداوەکان سەرقاڵە بە برینداڕێکەوە کە تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە، گوتم پزیشکەکەتان نەخۆشی دیکەی لایە، ئەگەر بتانەوێت کەمێک چاوەڕێ بکەن من ئەو ڕاپۆرتەتان بۆ دەنووسم، بەڵام تاوەکو چارەسەری پێویست بۆ ئەم پیاوە بەساڵاچووە دەکەین، ئێوە بڕۆن برینەکەتان لەلای پەرستارەکە پاکبکەنەوە.

نەخۆشانی تووشبووی کۆبوونەوەی ئاو لە سییەکان، گرفتیان لە دڵ، گورچیلە یان سییەکان هەیە و پێویستیان بە چارەسەری خێرا هەیە بە هەریەکە لە ئۆکسجین و دەرمانە میزپێکەرەکان (ئەگەر پەستانی خوێنی ئاسایی بوو)، هەروەها هەندێ دەرمانی دیکەی تایبەت، بەڵام ئەگەر بەزوویی چارەسەری بۆ نەکرێت، دوور نییە نەخۆشەکە بمرێ. بۆیە لەکاتی گەیشتنیان بە نەخۆشخانە، پزیشک پێویستە بە وردی چاودێرییان بکات و کاری پێویستیان بۆ بکات.

بەدەم چارەسەری نەخۆشەکەوە، لەلای خۆمەوە کۆتاییم بە گفتوگۆکە هێنابوو، کەچی گەنجەکە بە تووڕەییەوە گوتی مانگانە پارەیەکی باش لێرە وەردەگری، ئەگەر هەر کار بۆ یەک نەخۆش بکەیت و نەتوانی ڕاپۆرتێک بۆ من پڕ بکەیتەوە چ دکتۆرێکی؟!

ڕاپۆرتی پزیشکی کە پزیشکی نیشتەجێی خولاو لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن پڕی دەکاتەوە، ڕاپۆرتێکی سەرەتایی نیشانە بینراو و هەستپێکراوەکانی نەخۆشە و هیچکات چارەسەری نەخۆش لەسەر ئەم ڕاپۆرتە دواناخرێت، چونکە دوای چارەسەرەکەی دەتوانرێت ڕاپۆرتەکە پڕبکرێتەوە. بەڵام دواخستنی چارەسەرەکە دوور نییە لە زۆر حاڵەتدا مەترسی لەسەر ژیانی نەخۆش دروستبکات.

یەکێک لە گرفتەکان کە بەردەوام ڕووبەڕووی پزیشکان دەبێتەوە، ئەوەیە کە نەخۆشەکانمان جیاوازیی نێوان پزیشکێکی پسپۆڕ و پزیشکێکی پایەبڵند و پزیشکێکی پلەبەند ناکەن. وادەزانن ئەوەی ناوی پزیشک بوو، ڕۆژانە بە گیرفانی پڕەوە دەڕواتەوە.

خەڵک نازانن کە هەموو ئەوانەی ناویان پزیشکە کلینیکی تایبەتیان نییە، ئەوانەشی کە هەیانە هەموویان ڕۆژانە 70 نەخۆش و 100 نەخۆش نابینن، بەڵکو ئەوانەی بەمشێوەیەن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

پزیشکی پلەبەند دوای 18 ساڵ خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی و کۆلێژی پزیشکی دەتوانێت بۆ یەکەمجار لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن کار بکات و ڕێگەی پێنەدراوە کلینیکی تایبەت بە خۆی هەبێت، مووچەکەی ئێستا لە 496 هەزار تێپەڕ ناکات.

ئینجا دوای چەند ساڵێک خزمەتکردن دەبێتە پزیشکی پایەبڵندی یەکێک لە بەشە پزیشکییەکان و دوای 4-6 ساڵی دیکە دەتوانێت بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستبهێنێ و کلینیکی خۆی بکاتەوە و نەخۆش ببینێت. بەمەش پزیشکێک کە لانیکەم 20-25 ساڵ خوێندوویەتی، لە کلینیکەکەی خۆی نەخۆشێک بە 20 هەزار دینار دەبینێ.

یەکێکیان مرد

# حیجاب لە سلێمانی 27 ژنی ڕەوانەی نەخۆشخانە کردووە

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەماوەی ڕابردوودا چەندین خانمی باڵاپۆش بەهۆی قووتدانی دەرزیی بەستنی لەچک (دەمبووس) گەیێندراونەتە نەخۆشخانەی فێرکاریی نەشتەرگەری لە سلێمانی، لەوێ بە ڕێگای جیاواز دەرزییەکان لە سییەکانیان دەرهێنراوە، بەڵام یەکێکیان گیانی دەرچوو.

توێژینەوەیەکی زانستیی نوێ لە سلێمانی، سەرنجی خستووەتە سەر گرفتێکی خانمانی باڵاپۆش، ئەویش قووتدانی دەرزیی لەچکبەستنە بە ڕێکەوت. توێژینەوەکە لەلایەن سێ پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریی سنگ و دڵ و بۆڕییەکانی خوێن: (د.ئارام بارام، د.فەهمی حوسێن کاکەمەد و د.دیلان ئەحمەد بەکر) کراوە و کۆتایی حوزەیرانی ئەمساڵ لە جۆرناڵێکی زانستیی نێودەوڵەتی بەناوی (Journal of International Medical Research) بڵاوکراوەتەوە.

ئەنجامدەری سەرەکیی نەشتەرگەرییەکان، پرۆسەکانی دەرهێنانەوەی دەرزییەکان و بەدواداچوونی باری تەندروستیی نەخۆشەکان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.ئارام بارام بووە. بەڵام هەر سێ توێژەرەکە د.فەهمی حوسێن کاکەمەدیان سەرپشک کردووە لەبارەی توێژینەوەکە بۆ میدیا بدوێ. توێژەرەکان ناوی (کۆنیشانەی حیجاب) بە ناوێکی گونجاو دەزانن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم حاڵەتە.

د.حوسێن فەهمی کاکەمەد، بە (ڕووداو)ی گوت: "مەبەستمانە بەهۆی ئەم ناووە ئاسانتر پەیامەکە بگاتە خانمانی باڵاپۆش و هۆشیاریان بکەینەوە سەبارەت بەو گرفتە، بەهیچ جۆرێک پاڵنەری ئایدیۆلۆژی و سیاسی لە پشت ئەم ناووە نییە، نەمانویستووە تانە لە پۆشاکی هیچ کەسێک بدەین".

وەک لە توێژینەوەکەدا هاتووە، لە ماوەی ساڵ و نیوێکی توێژینەوەکەدا 27 خانمی باڵاپۆش بەهۆی قووتدانی دەمبووس هێنراونەتە بەشی نەشتەرگەریی سنگ و دڵ و بۆڕییەکانی خوێن لە نەخۆشخانەی فێرکاری و بەمجۆرە چارەسەر کراون: بە نازووری نەرم (لەگەڵ بەنجی لۆکاڵی) 12 یان ڕزگارکراون و دەرزی لە سییەکانیان دەرهێنراوە. بە نازووری ڕەق (لەگەڵ بەنجی گشتی) 12 کەس ڕزگارکراون و دەرزی لە سییەکانیان دەرهێنراوە، بەڵام یەکێکیان نەتوانرا ڕزگار بکرێ و گیانی سپارد. هەروەها دوو کەسیش بە ناچاری نەشتەرگەریی کردنەوەی سنگیان بۆ کراوە بۆ دەرهێنانی دەرزییەکان.

د.فەهمی دەڵێ بەپێی خەملاندنەکانی ئەوان، لە سلێمانی هەر 20 ڕۆژ جارێک خانمێکی باڵاپۆش دەمبووسێک بە ڕێکەوت قووتدەدات "ئەگەر هەموو وڵاتانی ئیسلامی هەژمار بکەین، ئەوە ڕۆژانە 46 خانم دەمبووس قووتدەدەن".

توێژینەوەکە ڕوونیکردووەتەوە هیچکام لەو 27 حاڵەتەی توێژینەوەکەیان لەسەر کراوە، تەمەنیان لە 30 ساڵ زیاتر نەبووە، تێکڕای تەمەنی هەموویان 15 ساڵان بووە. پزیشکە توێژەرەکە دەڵێ ئەمە ئاماژەیەکی سەرنجڕاکێشە "زۆربەی حاڵەتەکان ئەوانەن کە تازە لەچک دەپۆشن، بۆیە گرنگە ئەو کەسەی دەست بە بەکارهێنانی لەچک دەکات هۆشیار بکرێتەوە لەبارەی ئەم گرفتە".

وەکوو پزیشکە توێژەرەکان تێبینییان کردووە، ڕاددەی ڕوودانی ئەم حاڵەتە لەنێو باڵاپۆشانی کوردستان، نزیکە لەوەی لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامی هەیە.



### سەرەتایەکی هاوشێوە

ئەو خانمانەی ڕوویان لە سەنتەرەکە کردووە و بەشداریی توێژینەوەکەیان کردووە، بە وردی مێژووی نەخۆشییەکەیان لێ وەرگیراوە. نزیکەی هەموو خانمەکان کاتێک دەرزییەکانیان قووتداوە، خەریکی بەستنی لەچک بوون و دەرزییەکانیان لەنێو دەمیان ئامادە کردووە، لەوکاتەدا بەهۆی پێکەنین، کۆکە یان قسەکردنەوە دەرزییەکان پەڕیونەتە قوڕگیان و پاشان سییەکانیان.

زۆربەشیان کاتێک سەردانی پزیشکیان کردووە کە بەهۆی حاڵەتەکەوە تووشی هەناسەتوندی یان کۆکەی درێژخایەن بوون. چارەسەرەکەش بە دەرهێنانەوەی دەرزییەکە بووە بە هەناوبین (نازوور) یان نەشتەرگەریی کردنەوەی سنگ.

د.فەهمی دەڵێت: "ئەگەر دەرزییەکە دەرنەهێنرێ، ئەوە کەسەکە تووشی هەوکردنی درێژخایەنی سییەکان دەکات، پشتگوێستنی بەردەوامیشی بەرەو پەککەوتنی هەناسەیان دەبات".

### توێژەرەکان: مەهێڵن ئەو جۆرە دەرزییانە هاوردە بکرێن

بە سەرنجدان لەو ئاڵۆزکارییانەی بەهۆی ئەو جۆرە دەرزییانە تووشی خانمانی باڵاپۆش دەبن، سێ توێژەرەکە داوایان لە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە چیدی ئەو دەرزییانە نەهێننە کوردستان. هەروەک داوایان لە خێزان و کۆمەڵگە کردووە خانمە گەنجە باڵاپۆشەکان هۆشیار بکەنەوە لەبارەی ئەم جۆرە لە ئاڵۆزکارییەکانی لەچکبەستن و ڕێنماییان بکەن بەشێوەیەکی دروست لەچک بپۆشن.

ساڵانە چەندین توێژینەوەی لەمجۆرە لە کوردستان دەکرێن کە هەموویان ڕێنماییان بۆ بڕیاربەدەستان هەیە، بەڵام هیچیان بە کردەیی ناکرێن و وەکوو مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێننەوە، پسپۆڕێکیش ئەمە بۆ نائەکادیمیبوونی بەرپرسانی کوردستان دەگێڕێتەوە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، بەرپرسی بەشی توێژینەوە زانستییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، دەڵێت کاری دروست لە بڕیاری دروستەوە دێ، بڕیاری دروستیش لە زانیارییەوە، زانیارییش دەبێ لەسەر بنەمای داتای دەستکەوتوو بێ کە توێژینەوەکان چنگی دەخەن "گەشەکردنی وڵات بەبێ توێژینەوە مەحاڵە، بڕیاری دروست هەرگیز بە بنەمایەکی هەڕەمەکییەوە لەدایک نابێ، بڕیاربەدەستانی ئێمە چونکە کەسانی تەواو ئەکادیمی نین، ئەوەی لایان گرنگ نەبێ ڕێنماییەکانی توێژەران و توێژینەوە زانستییەکانە".

هەورامی کە دکتۆرای هەیە لە پزیشکیی کۆمەڵ و مامۆستای زانکۆی سلێمانییە، دەڵێ بەرپرسان یان بڕوایان بە توێژینەوە نییە و کەمترین نێوەندی توێژینەوە بۆ دامودەزگاکانیان دادەنێن، یان پێیان ناگات "لە هەموو بارێکدا ئەوان خەتاباری سەرەکین، چونکە دەتوانن و لە دەسەڵاتیاندایە هەر بوارێک کە بیانەوێ چاکی بکەن، داوا لە زانکۆکان بکەن توێژینەوەی زانستییان بۆ بکەن، یان لە هەموو دەزگایەکدا نێوەندێکی توێژینەوە دابمەزرێنن و کار بە داتاکانیان بکەن".



# خوێنبەربوونی جۆگەی هەرس

**دکتۆر محەممەد عەلی بەرزنجی**

کۆئەندامی هەرس یەکێکە لە کۆئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و بەرپرسیارێتیی سەرەکی بریتییە لە هەرسکردنی خواردن و خۆراکە ماددەکان و کردنەدەرەوەی پاشەڕۆکان و هاوکات کۆمەڵێک کرداری لاوەکیتریشی هەیە. ئەم کۆئەندامە پێکدێت لە جۆگەکانی هەرس کە لە دەمەوە دەستپێدەکات و بە دەرچەی کۆم کۆتایی دێت، کۆمەڵێ ئەندامی گرنگ دەگرێتە خۆی وەک: دەم، سورێنچک، گەدە، دوازدەگرێ، ڕیخۆڵەباریکە و ڕیخۆڵەئەستوورە کە ڕێکە و کۆمیش دەگرێتەوە، هەروەها کۆمەڵێک ئەندامی دیکە کە هاوکارن لە کرداری هەرس و تەواوکاری کۆئەندامی هەرسن وەک: جگەر و زراو و پەنکریاس.

خوێنبەربوونی جۆگەی هەرس یەکێکە لە حاڵەتە باو و مەترسیدارەکان و بە یەکێک لە حاڵەتە لەناکاوەکان هەژمار دەکرێت کە پێویستی بە چارەسەری خێرایە. خوێنبەربوونی جۆگەی هەرس هەر نەخۆشی نییە، بەڵکو بە یەکێک لە نیشانەکانی نەخۆشی هەژمار دەکرێت کە چەندین هۆکاری جیاوازی هەیە. بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەکرێت بەسەر دوو جۆردا:

یەکەم: خوێنبەربوونی بەشی سەرەوەی جۆگەی هەرس

دووەم: خوێنبەربوونی بەشی خوارەوەی جۆگەی هەرس

خاڵی دابەشکردنی جۆگەی هەرس لەڕووی توێکارییەوە بریتییە لە (بەستەری تریتز) کە دەکەوێتە سەر جگەر، یا ڕوونتر بڵێین هەموو ئەندامەکانی جۆگەی هەرس کە دەکەونە خوار (دوازدەگرێ)وە بە بەشی خوارەوەی جۆگەی هەرس هەژمار دەکرێن. دوازدەگرێ و ئەو ئەندامانەشی کە دەکەونە سەرووی ئەوەوە بە بەشی سەرەوەی جۆگەی هەرس هەژمار دەکرێن. دابەشکردنی جۆگەی هەرس بۆ بەشی خوارەوە و سەرەوە یارمەتیدەرە لە جیاکردنەوەی نیشانەکان و شێوازی چارەسەر و ئەو پشکنینانەی کە پێویستە بکرێن.

ئێمە لێرەدا زیاتر سەرنج دەخەینە سەر خوێنبەربوونی بەشی سەرەوەی جۆگەی هەرس و بەتایبەتیش خوێنبەربوونی گەدە و دوازدەگرێ.

### هۆکارەکانی:

- برینی گەدە و دوازدەگرێ
- ڕووشانی گەدە
- ڕووشانی سورێنچک
- ئاوسانی خوێنهێنەرەکانی نێو سورێنچک بەهۆی زۆریی پەستانی ناویان.
- هەوکردنی ڕووپۆشی گەدە یاخود دوازدەگرێ.
- هۆکاری دەگمەنی وەکوو تەقینی دیواری سورێنچک، شێرپەنجەی گەدە، نەخۆشیی هیمۆفیلیا

### نیشانەکانی چین؟

**نیشانە تایبەتەکانی خوێنبەربوونی جۆگەی هەرس:**

- هێنانەوەی خوێن لە دەمەوە (لەگەڵ ڕشانەوە یان بەڵغەم).
- ڕەشبوونی پیسایی کە بە (مێلینا) ناسراوە.
- دانانی خوێن لەڕێگای کۆمەوە، ئەمەیان زیاتر تایبەتە بە بەشی خوارەوەی جۆگەی هەرس، بەڵام لە هەندێک کاتدا ئەگەر خوێنبەربوونەکە زۆربێت، لە بەشی سەرەوە ئەم نیشانە ڕوودەدات.
- ڕەنگ بزرکان و کەمخوێنی کە بە پشکنینی کلینیکی و تاقیگەیی هەستی پێدەکرێت.
- هەندێجار نەخۆشەکە هەست بە هیچ ناکات و یەکەم نیشانەی لەهۆشخۆچوون و بوورانەوەیە.
- لێدانی دڵ خێرا دەبێت و پەستانی خوێن دادەبەزێت.

ڕەنگە هەندێجار پێش دەرکەوتنی نیشانە تایبەتەکان بۆ خوێنبەربوونی جۆگەی هەرس، کۆمەڵێک نیشانە هەبن کە سەلمێنەری نەخۆشییەکی تایبەتن و ئەو نەخۆشییە هۆکاربێت بۆ دروستبوونی خوێنبەربوون وەک بوونی دڵەکزێ، ئازاری گەدە، ئازاری سورێنچک یا نیشانەی دیکە کە ئەنجامی پرسیارەکانی پزیشک زیاتر دەردەکەوێت.

### چۆن دەستنیشان دەکرێت؟

هەرکاتێک نەخۆشێک ئەم نیشانانەی هەبوو ئەوا پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکات لەوێش پزیشک دوای پرسینی مێژووی نەخۆشی و پشکنینی کلینیکی پێویستبوونی پشکنینە تاقیگەییەکان دەخاتەڕوو کە دەکرێ ئەمانە بگرێتە خۆی:

یەکەم: پشکنینی خوێن (CBC or FBC)

دووەم: پشکنینی یوریا و کریاتینین هەروەها پشکنینی BUN.

سێیەم: تیشکی ئێکس (ئەشیعە)ی سک بەپێوە تاوەکوو لەڕێگەیەوە کونبوونی ناوپۆشی جۆگەی هەرس هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و وەلابنرێت ئەگەر نەبوو ئینجا هەنگاوەکانی دواتر دێت.

چوارەم: پشکنینی هەناوبینی (نازور) کە تێیدا لەڕێگای ئامێری هەناوبینییەوە سورێنچک و گەدە و دوانزەگرێ سەیردەکرێت و ئەگەری بوونی هەر ڕووشانێک، یان برینێک پشتڕاست دەکرێتەوە.

### چارەسەر چییە؟

چارەسەرەکانی بەپێی سەنتەرەکان و بەردەستی جۆری چارەسەرەکان و ئەزموونی پزیشکەکە دەگۆڕێت، بۆیە ئێمە لێرەدا تەنیا کۆمەڵێک شتی گشتی باس دەکەین و بەهیچ جۆرێک نابێت ئەم زانیارییانە ببنە جێگرەوەی بڕیاری پزیشک.

لەکاتی بەدیکردنی نیشانەی لەم جۆرە وا باشترە بەزوویی سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و لەوێش بەپێی باری تەندروستی و پێوانەی نیشانەکانی زیندەگی (لێدانی دڵ، پەستانی خوێن، ژمارەی هەناسەدان و چەند پێوانەیەکی تر) لە کەسەکەدا ڕێگاکانی چارەسەر دەگیرێتەبەر، بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەن:

- پرسینی مێژووی نەخۆشی بەشێوەیەکی کورت و هاوکات ئەنجامدانی پشکنینی کلینیکی.
- دانانی کانیولا (ئەگەر گومانی خوێنبەربوونی زۆر کرا پێویستە دوو کانیولای قەبارە گەورە دابنرێ).
- پێدانی ئاوی نۆرماڵ سالاین (مغەزی) لەڕێگای کانیولاوە بۆ جێگرتنەوەی خوێنی لەبەر ڕۆیشتوو.
- ناردنی خوێن بۆ تاقیگە بۆ ئەنجامدانی پشکنینە بنچینەییەکانی خوێن (خڕۆکەی سور و سپی و پەڕەکانی خوێن و هیمۆگلۆبین و هیماتۆکریت)، پشکنینی کاری گورچیلە، گرووپی خوێن، هەروەها ئامادەکردنی خوێن بۆ گواستنەوە، لە بانکی خوێنەوە.

دوای جێگیرکردنی سوڕی خوێن و نیشانەکانی زیندەگی لە کەسەکەدا دەبێت هەوڵی دەستنیشانکردنی هۆکاری خوێنبەربوونەکە بدرێت و چارەسەری تایبەتی بدرێتێ.

زۆربەی جارەکان کاتی ئەنجامدانی هەناوبینی خوێنبەربونەکە وەستاوەتەوە و پێویست بەهیچ ناکات تەنیا لەڕێگای دەرمانی تایبەتەوە ڕێگا لەدووبارە خوێنبەربوون دەگیرێت و چارەسەر دەکرێ، بەڵام هەندێجار لەکاتی ئەنجامدانی هەناوبینیدا (نازور) شوێنی خوێنبەربوونەکە دەدۆزرێتەوە و خوێنبەربوونەکە دەوەستێنرێ جا یان بە لێدانی دەرزی یا بە کەوی کردنە، یان بەستن یان بەدانانی باڵۆنێکە لەسەری. لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا خوێنبەربوونەکە ناوەستێت و ڕەنگە پێویست بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری بکات.



### تەحەدای نوێ ڕووبەڕووی حکومەتەکەی ڕووحانی دەبێتەوە

# ڕووحانی هەمان چارەنووسی بەنی سەدری دەبێت؟

**ڕووداو - هەولێر**

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، لە هۆڵی حوسەینییەی ئیمام خومەینی لە تاران، عەلی خامنەیی، ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، متمانە و پشتگیری بە حەسەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئێران بەخشی. هەموو بەرپرسانی باڵای ئێران لە مەراسیمەکەدا بەشدار بوون، پێکهاتەی ئامادەبووانی مەراسیمەکە ئاماژەیەکی روون بوو بەوەی چوار ساڵی داهاتووی سەرۆکایەتی ڕووحانی ململانێی زۆری تێدا دەبێت. تاکە غایبی ناو هۆڵەکە عەلی ئەکبەر ڕەفسنجانی بوو کە ماوەی سێ دەیە بوو لەو بۆنەیەدا ئامادە دەبوو. غیابەکەشی باری سەرشانی ڕووحانی لە چوار ساڵی داهاتوودا قورستر دەکات. ڕۆژی شەممەش پەرلەمانی ئێران متمانەی بە حەسەن ڕووحانی بەخشی.

مەراسیمەکەی ڕۆژی پێنجشەممە و شەممە لە کاتێکدا بوون کە حوسێن فەرەیدون، برا و یاریدەدەری ڕووحانی، هەتا ئێستاش بە تۆمەتی گەندەڵی لەژێر لێکۆڵینەوەدایە و تەنیا بە وەسیقە ئازادکراوە. ڕیفۆرمخواز و میانڕەوەکان ئەو تۆمەتانە بە کاردانەوەی توندڕەوەکان دوای سەرکەوتنی ڕووحانی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دەزانن. فەرەیدون هەموو کاتێک بە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ئیدارەی ڕووحانی دانراوە و لەسەر ئەو، حەسەن ڕووحانی بە خزمچێتی تۆمەتبار کراوە.

ئاشکرایە کە خولی دووەمی سەرۆکایەتی ڕووحانی وەکوو خولی یەکەم نابێت، چەند مانگێک دەبێت پەیوەندییەکانی نێوان ڕووحانی و خامنەیی باش نییە، کۆبوونەوەکەی ڕۆژی پێنجشەممە یەکەمجارە لەو چەند مانگەدا کە کەشێکی ئاسایی لە نێوان خامنەیی و سەرۆککۆماری ئێراندا هەبێت.

ڕێبەری ئێران لە مانگی حوزەیراندا حەسەن ڕووحانی بەوە تۆمەتبار کرد کە کۆمەڵگای ئێران بەسەر دوو بەرەی لایەنگر و دژبەردا دابەش دەکات و تەنانەت لەگەڵ حەسەن بەنی سەدر، سەرۆککۆماری ئێرانی سەرەتای هەشتاکان بەراوردی کرد. بەنی سەدر لە 1980 بۆ 1981 سەرۆککۆماری ئێران بووە و دواتر لەلایەن پەرلەمانەوە بە تۆمەتی دژایەتیکردنی دەسەڵاتدارە ئاینییەکانی ئێران لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا و ئێرانی جێهێشت. شارەزایان پێیانوایە کە ئەو وێکچوواندنە هەڕەشەیەک بوو بۆ ڕووحانی کە دەکرێ بە هەمان چارەنووسی بەنی سەدر بگات.


ڕێبەری ئێران لە مانگی حوزەیراندا حەسەن ڕووحانی لەگەڵ بەنی سەدر، سەرۆککۆماری ئێرانی سەرەتای هەشتاکان بەراورد کرد (فۆتۆ: AFP)

ڕووحانی لەبەرامبەردا ڕایگەیاند شەرعیەتی دەسەڵاتی ئاینی بەستراوەتەوە بە "ویست و بانگهێشتی گەل". لایەنگرانی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ ئەو لێدوانەیان بە سووکایەتی بە پلەی ڕابەر دەزانی. هەندێک لە لایەنگرانی خامنەییش پێیانوایە گوتەکانی ڕووحانی ئاماژەیەکە بەوەی جێگرەوەی خامنەیی دەبێ بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردرێ.

دەستگیرکردنی برای ڕووحانی هاوکات بوو لەگەڵ دووەم ساڵڕۆژی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی وڵاتانی 5+1 کە ڕووحانی بە دەستکەوتی زێڕینی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی خۆی دەزانێت. بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە کە لە ڤیەننا ڕاگەیاندرا، ئێران دەبوایە ماهیەتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆی لە سەربازییەوە بۆ مەدەنی بگۆڕێت، لە بەرامبەریشدا وڵاتانی ڕۆژئاوایی سزا ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران لابدەن.

بەڵام ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ئەو دەستکەوتە ئابوورییە گەورەیەی بۆ ئێران نەبووە کە پێش ڕێککەوتنەکە بەڵێن درابوو، بە تایبەتیش نەیتوانیوە ئاستی بێکاری لە ئێران کەم بکاتەوە، کە خواستی چینی خوارەوەی کۆمەڵگای ئێرانە. موحافەزەکارەکانی ئێران ئەمە وەکوو بیانوویەک بۆ هێرشکردنە سەر ڕێککەوتنەکە بەکاردەهێنن. جیا لەمە ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا و بانکە نێودەوڵەتییەکان بە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ بانک و ناوەندە ئابووری و بازرگانییەکانی ئێران دەکەن، ڕۆژئاواییەکان نیگەرانی ئەوەن ئەو بانک و ناوەندە ئابوورییانەی ئێران لە داهاتوودا سزای نوێی ئەمریکا یان یەکێتیی ئەورووپا بیانگرێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئیدارەی ئێستای ئەمریکاش ڕێککەوتنەکە بە لاواز دەزانن و پێیانوایە پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. بەرپرسانی واشنتن چەندینجار دووپاتیان کردووەتەوە کە ئێران نەیتوانیوە پابەندبێت بە "ڕوحی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە" کە مەبەست لێی ڕاگرتنی بەرنامەی مووشەکی بالستیکی ئێران و کۆنترۆڵکردنی فراوانخوازییەکانی ئێرانە لە ناوچەکەدا. میدیاکانی ئەمریکا باس لەوە دەکەن دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، تیمێکی نوێی پێکهێناوە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا بکات و لەمەودوا ئەم ئەرکە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەوە جێبەجێ ناکرێ.

ڕۆژێک بەر لە بەخشینی متمانەی خامنەیی بە ڕووحانی، ئیدارەی ئەمریکا کۆمەڵێک سزای نوێی بەسەر ئێراندا سەپاند کە پەیوەندییان بە سیستەمی مووشەکی باڵستیکی و سوپای پاسداران و لقەکانی ئەو هێزەوە هەبوو. پێشتر حەسەن ڕووحانی ڕایگەیاندبوو پەرلەمانی ئێران یاسایەک پەسند دەکات کە تێیدا بودجەی پرۆگرامی مووشەکی، سوپای پاسداران و سوپای قودس بەرز دەکاتەوە. حکومەتی ڕووحانی هەتا ئێستاش وەهای پیشانداوە کە پشتگیری لە بەرنامەی مووشەکی وڵاتەکەی و هەنگاوە سیمبۆلیکەکانی دیکەی سوپا دەکات.

بەڵام تێڕوانینی لایەنگرانی ڕووحانی و سوپا سەبارەت بە کاردانەوەکان جیاواز بووە. میانڕەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە ئێران نابێت کاردانەوەی خێرای بەرامبەر بە سزاکان هەبێت، چونکە ئەو جۆرە کاردانەوەیە دەکرێت بیانوویەک بە واشنتن بدات لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەربچێت. بەرپرسانی سوپا بە پێچەوانەوە هەڕەشەی ئەوەیان کردووە لە وەڵامی سزا نوێیەکاندا هەموو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکەنە ئامانج.

لە دانیشتنی ڕۆژی شەممەی پەرلەماندا کە مەراسیمی سوێندخواردنی یاسایی ڕووحانی بەڕێوەچوو ژمارەیەک دیپلۆماتکاری باڵای ڕۆژئاوایی بەشدار بوون، لە سەرووی هەموویشیانەوە فێدریکا مۆگیرینی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا بوو کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە واژۆکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننادا هەبوو. پەیوەندییەکانی ئێران و ئەورووپا لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی ڕووحانیدا دەکەوێتە بەر تاقیکردنەوەیەکی دیکە، لە کاتێکدا یەکێتیی ئەورووپاش هاوشانی ئەمریکا ئیدانەی بەرنامە موشەکییەکەی ئێرانی کردووە.

ڕووحانی لە هەڵبژاردنی مانگی ئایار نزیک 23.5 ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا، زۆربەی ئەو دەنگانەش هی ئەو گرووپە نەتەوەیی و جێندەرییانە بووە کە ساڵانێکە داوای فراوانبوونەوەی مەودای مافەکانیان دەکەن. دەنگدەرانی ڕووحانی نیگەرانی ئەوەن داواکانیان لە سیاسەتەکانی حکومەتی ڕووحانیدا ڕەنگدانەوەی نەبێت. بەڵام ڕووحانی و داڕێژەرانی سیاسەتی حکومەتی ئێران دەزانن لە واقیعی سیاسەتی ئێراندا دەبێ هاوسەنگی لە نێوان خواستەکانی دەسەڵاتدارە ئاینییەکان و کۆمەڵگای مەدەنیدا دروست بکرێت. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە لە چوار ساڵی داهاتوودا باڵانسی دەسەڵات بەلای کام یەک لەم دوو باڵەدا دەشکێتەوە؟

# شەڕی دژی داعش و قاعیدە حیزبوڵڵای لوبنان بەهێزتر دەکات

**ڕووداو - هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو، حیزبوڵڵای لوبنانی کۆتایی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شارۆچکەی عرسالی لە چەکدارانی بەرەی نوسرە ڕاگەیاند کە لە 20ی تەمووزەوە بەردەوام بوو. ئۆپەراسیۆنەکە بە کردەوە لە کۆتایی مانگی ڕابردوو تەواو ببوو، تەنانەت هەفتەیەک دوای ئۆپەراسیۆنەکە، حیزبوڵڵا ڕێککەوتنێکی ئاگربەستی لەگەڵ نوسرە ڕاگەیاند کە بەپێی ڕێککەوتنەکە ڕێ بە چەکدارانی نوسرە درا بەرەو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە سووریا ڕابکەن.

ئۆپەراسیۆنەکە بەهۆی هەڵمەتە نێودەوڵەتییەکەی دژی داعش نەیتوانی بەشێوەیەکی ئەوتۆ سەرنج ڕابکێشێ، بەڵام ئەو ئۆپەراسیۆنە ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکی گەورە لە نەزمی نێوخۆیی لوبنان و نەزمی ناوچەکە بە گشتی.

یەکەم خاڵی جێی سەرنج لەو ئۆپەراسیۆنەدا ئەوە بوو کە حیزبوڵڵا بە پشتگیری و هاوکاریی سوپای سووریا و سوپای لوبنان ئەو ئۆپەراسیۆنەی کرد. هاوکاریی حیزبوڵڵا و سوپای سووریا شتێکی نامۆ نییە، بەڵام هێزەکانی حیزبوڵڵا و سوپای سووریا (سەرەڕای هاوئاهەنگییەکانیان) هیچ کات پەیوەندییەکی شەفاف و دۆستانە نەبووە و هەرکامیان هەوڵی فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی خۆیان داوە، بۆیە واژۆکردنی سەعد حەریری، سەرۆکوەزیرانی لوبنان لەسەر ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکەی عرسال، ئاماژەیە بۆ هاوسەنگییەکی نوێی دەسەڵات کە بەرە بەرە لە لوبنان دروستدەبێت.

## ڕوانگەی ڕۆژئاوا بۆ حیزبوڵڵا

لە ساڵانی سەرەتای قەیرانی سووریادا گوتاری زاڵ لە ئەمریکا و ڕۆژئاوا دژی حیزبوڵڵا و ئەسەد بوو، بەبێ ئەوەی ئەم گوتارە هیچ هەنگاوێکی کرداریی ئەوتۆی لەدژی سووریا و حیزبوڵڵا لێبکەوێتەوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی سێنچری (The Century Foundation) ڕۆژئاوا ئێستا بەو ڕوانگەیەدا چووەتەوە و بڕیاریان داوە کە "هاوپەیمانێتییەکەی ئەسەد باشترە لە ئەڵتەرناتیڤەکەی (واتە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە تاوەکوو دێت زیاتر ئیسلامی دەبێت)".

ڕاپۆرتەکە دەشڵێت ئەو ڕۆڵە دوو لایەنەیەی حیزبوڵڵای لوبنان (واتە پاراستنی ڕژێمی ئەسەد و جێبەجێکردنی ستراتیژی تاران) کێشەی بۆ بڕیاری ڕۆژئاوا دەرحەق بەو ڕێکخراوە دروستکردووە و ناچارن ڕەچاوی هەردوو خاڵەکە بکەن.


حیزبوڵڵا لاوازیی سوپای لوبنانی قۆستووەتەوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی (فۆتۆ: AFP)

## هاوپەیمانێتیی حیزبوڵڵا

حیزبوڵڵا ڕێکخراوێکی نادەوڵەتییە، بەڵام هەر ئەو ڕێکخراوە توانی لە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی عرسالدا هەردوو سوپای لوبنان و سووریا لێکدی نزیک بکاتەوە، تەنانەت خۆیشی سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکە بکات. ڕەنگە یەک ساڵ لەمەوبەر ئەم هاوپەیمانێتییە لە خەیاڵی هیچ کەسێکدا جێگەی نەبووبایەوە، بەڵام ئەو ئۆپەراسیۆنە هاوبەشە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی شەڕی شەش ساڵەی سووریا خەریکە بەرەو خاڵێک هەنگاو دەنێت کە بە قازانجی هاوپەیمانێتییەکەی ئەسەد، ئێران، حیزبوڵڵا و ڕووسیایە.

ڕاپۆرتەکەی دامەزراوەی سێنچری دەشڵێت، ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی حیزبوڵڵا، لوبنان و سووریا ئەو ڕاستییە دەردەخات کە خۆدوورگرتنی ئەمریکا لە قەیرانی سووریا دروستبوونی هاوپەیمانێتیی نوێی کردە زەرووڕەتێک، لەو هاوپەیمانێتییەشدا لایەنەکانی نزیک لە ئەسەد دەستی باڵایان دەبێ.

## قەیرانی سووریا و گەورەبوونی حیزبوڵڵا

لە دەستپێکی قەیرانی سووریاوە، حکومەتی لوبنان و هێزەکانی نزیک لە حکومەت ڕەخنەیان لە حیزبوڵڵا گرتووە کە بەشداریکردنی لە قەیرانی سووریادا هەڕەشەی لەسەر ئاسایشی نێوخۆیی لوبنان دروستکردووە. بەڵام حیزبوڵڵا هەزاران چەکداری ڕەوانەی سووریا کردووە و سەرکردایەتی هەزاران چەکداری میلیشیای شیعەی دیکەی کردووە کە لە وڵاتانی دیکەوە ڕەوانەی سووریا کراون. ئۆپەراسیۆنەکەی عرسال ئاماژەیەکی ڕوونە بەوەی دەسەڵات و توانای ئێستای حیزبوڵڵا هەڵقوڵاوی بەشداریی کارای ئەو ڕێکخراوەیە لە شەڕی نێوخۆی سووریا، ئەگەرچی لەو شەڕەدا زیانێکی مرۆیی زۆریش لەو ڕێکخراوە کەوتووە.

بەڵام حیزبوڵڵا هەر بەوەندە نەوەستاوە و لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا دەستی بە نزیکبوونەوە لە دامەزراوە حکومییەکانی لوبنانیش کردووە. ساڵی ڕابردوو ژمارەیەک هێرشی تیرۆریستی شارۆچکەی عرسالیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی لوبنان هەژاند. حەسەن نەسروڵڵا، ئەمینداری گشتیی حیزبوڵڵا، داوای ستراتیژێکی بەرگری لەهەمبەر هێرشی گرووپە سوننە توندئاژۆکان کرد. نەسروڵڵا گوتی: "ئەرکی دەوڵەت (بۆ پاراستنی سنوورەکان) ئەرکی ئێمەشە". بەڵام جەختی لەوەش کردەوە کە ئەوان هەموو کات شانبەشانی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی لوبنان کاردەکەن.

عرسال لە ساڵی 2014ەوە ناوچەی دەسەڵات و جموجۆڵی چەکدارانی بەرەی نوسرە (یان هەیئەی تەحریری شامی ئێستا) بووە، لە کاتی گوتارەکەی نەسروڵڵادا، حکومەتی لوبنان دوو ساڵ کاتی هەبوو بۆ ئەوەی پلانی پاککردنەوەی ئەو ناوچە سنوورییانە دابڕێژێت و جێبەجێیان بکات.

وەکوو لە ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی نێودەوڵەتی (CSIS)دا هاتووە، دووبەرەکی لەناو سوپای لوبنان ڕێگر بووە لەوەی ئەو هێزانە بتوانن فەرماندەییەکی ناوەندیی بەهێزیان هەبێت کە توانای داڕشتنی ستراتیژ و پلانێکی گشتگیری ئەمنی هەبێت. بە پێچەوانەوە، حیزبوڵڵا بەهۆی ئایدیۆلۆژیبوونی ڕێکخراوەکەوە، هەموو کات فەرماندەییەکی ناوەندیی بەهێزی هەبووە کە توانای بڕیاردانی ناوەندییان هەیە.

بە درێژایی مێژووی نوێی لوبنان چەند هۆکارێک وایان کردووە حکومەتی لوبنان نەتوانێ ستراتیژێکی بەرگری لە سنوورەکانی هەبێت، گەورەترین ڕێگرییەکانیش بریتی بوون لە قەیرانی پەیوەندییەکانی عەرەب و ئیسرائیل، ناکۆکی نێوخۆیی لوبنان و بێ متمانەیی بە سوپا و دواجاریش کێشەی لە مێژینەی نێوان سووریا و لوبنان کە بەردەوام ڕێگر بووە لەوەی لوبنان بتوانێ هێزێکی سەربازیی کارا لەسەر سنوورەکان جێگیر بکات.

ساڵی 2012 لە کاتی خەستبوونەوەی شەڕی نێوخۆی سووریا، حکومەتی لوبنان هەستی بەوە کرد کە دەبێ فۆکەسی لەسەر ئەوە بێ ڕێگە نەدات ئاسەوارەکانی ئەو شەڕە دزە بکاتە ناو خاکی لوبنانەوە. بەڵام شکستی هێزەکانی لوبنان لە عرسال لە 2014 و ڕازیبوونی ناچاریانەی حکومەتی لوبنان بە پلانەکەی حیزبوڵڵا بۆ گرتنەوەی ئەو شارۆچکەیە لە 2017 ، ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە سوپای لوبنان هێشتا نەیتوانیوە پلانی پاراستن یان کۆنترۆڵکردنەوەی سنوورەکانی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە حیزبوڵڵا چاوی لەسەریەتی بۆ ئەوەی لە چەند ساڵی داهاتوودا بۆ قایمکردنی شوێنی خۆی لەسەر سنوورەکان و لە ناوچەکە بەگشتی بیقۆزێتەوە.

لە کاتێکدا کە سوپای لوبنان شەڕی داعشی لە ناوچە سنوورەکان لە پێشە، پرسیارەکە ئەمەیە: حکومەتی لوبنان و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی چ پلانێکیان بۆ ڕێگری لەو تموحەی حیزبوڵڵا هەیە کە هاوکات بەهێزبوونی هاوپەیمانەکانی حیزبوڵڵاشە لە نزیک دەریای نێوەڕاست؟

# کێ دەتوانێ "گۆڕینی دیمۆگرافی" بە بەشار ئەسەد رابگرێ؟

> رەنگە شەڕی نێوخۆی سووریا بەبێ راگرتنی ئەو پلانەی حکومەتیش کۆتایی بێت، بەڵام کۆتاییەکی کورتخایەن دەبێت

تارق حەسەن



رژێمی سووریا دەیەوێ سوننە لە ناوچە کەنارئاوییەکانی سووریا کەم بکاتەوە

رووداو - هەولێر

لە ماوەی زیاتر لە شەش ساڵی رابردوودا چەند جارێک هەوڵ و تەقەلا بۆ راگرتنی شەڕی نێوخۆی سووریا خرانەگەڕ، دوایین جاریان گفتوگۆکەی نێوان سەرۆکی رووسیا و ئەمریکا لە چوارچێوەی لوتکەی گرووپی 20 لە هامبورگی ئەڵمانیا بوو، بیرۆکەی سەرەکیش لەو گفتوگۆیەدا ئەوە بوو کە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی پێویستە بارودۆخی سووریا وەکوو بارودۆخی پێش دەستپێکردنی شەڕی لێ بکرێتەوە. بەڵام شارەزایان پێیانوایە ئەم بیرۆکەیە خۆی بەربەستە لەبەردەم جێگیرکردنی ئاشتی لە سووریا.

تارق عوسمان، شارەزا و لێکۆڵەری میسری لەو باوەڕەدایە گۆڕانە دیمۆگرافییەکانی سووریا گەڕاندنەوەی وڵاتەکەی بۆ دۆخی پێش 2011 مەحاڵ کردووە. لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا، حکومەتی سووریا و هێزە لایەنگرەکانی، هەوڵەکانی خۆیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتووە سوننەکانی نزیک ناوچە کەنارئاوییەکانی سووریا کەم بکەنەوە.

بەگوێرەی تارق عوسمان، پلانی حکومەتی سووریا ئەوە بووە پاڵ بە سوننەکانەوە بنێت ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن هەر بۆیە دەڵێت "سەیر نییە کە دەبینین رێگای نێوان سووریا لەگەڵ ئوردن و لوبنان زۆربەی کاتەکان رێگایەکی پارێزراو بووە" بۆ ئەو خەڵکە سوننەیەی لە شەڕی نێوخۆی سووریا رایاندەکرد. نووسەرە میسرییەکە لە وتارێکدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز) جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئامانجی حکومەتی سووریا ئەوە بووە ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە کەمتر بکاتەوە لەوەی لە 2011دا هەبوون".

نموونەی زیندووی گۆڕینی دیمۆگرافی لە سووریا لە "رێککەوتنی چوار شارۆچکەکە"دا دەبینرێت کە هەر چوار شارۆچکەی زەبەدانی و مەدایا لە باشووری رۆژئاوای سووریا و کفریا و فوعا لە باکووری سووریا دەگرێتەوە. دوو شارۆچکەکەی باشووری رۆژئاوا لەلایەن هێزەکانی سوپای سووریا و دوو شارۆچکەکەی باکووریش لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە گەمارۆ درابوون. ساڵی پاریش رێککەوتنێکی هاوشێوە بۆ شارۆچکەی داریا لە نزیک دیمەشق کرا. بە گوێرەی رێککەوتنەکە، هاووڵاتیان و چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن لە زەبەدانی و مەدایا دەردەچن و هاووڵاتیان و چەکدارە شیعەکانیش لە کفریا و فوعا دەردەچن، بەو مەرجەش گەمارۆ لەسەر شارۆچکەکان هەڵدەگیرێت.

لە رەوشێکی ئاساییدا ئەم جۆرە هەنگاوانە بە تاوانی مرۆیی لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام لە دۆخێکی وەکوو جەنگی سووریادا بە زەرووڕەت و چارەسەرێکی مرۆیی دەزانرێت، لەبەر ئەوەی نە کۆتایی شەڕی نێوخۆ دیارە و نە هیچکام لە لایەنەکانیش دەتوانن بە زەبری چەک یان هەوڵی دیپلۆماتیک گەمارۆی سەر شارۆچکەکان بشکێنن.

تارق عوسمان پێیوایە کێشە تایفییەکانی ئێستای سووریا درێژکراوەی ئەو کێشانەن کە لە سەرەتای شێوەگرتنی شامی گەورەدا هەبوون و لە پاڵ سووریای ئەمڕۆ لوبنان و ئوردنیش پێکهاتن، چونکە لە شامی گەورەدا (کە بەرهەمی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی بوو) سوننەکان لە شارە گەورەکانی وەکوو دیمەشق باڵادەست بوون، هەندێک لە کۆمەڵگە سوننەکانی لوبنانیش داوایان دەکرد ناوچەکانیان بخرێتەوە سەر سووریا، بەڵام "سازشی نێوخۆیی لە لوبنان و شکستی هاشمییەکان بۆ راگرتنی سیستەمی پاشایەتی لە سووریا بووە هۆی ئەوەی پێکهاتەی قەومی و کۆمەڵایەتی سووریا بەو شێوەیە بمێنێتەوە کە هەبوو".

کودێتاکەی حافز ئەسەد، سەرۆککۆماری پێشووی سووریا، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، سەقامگیریی بۆ دۆخی ناجێگیری سووریا گەڕاندەوە، بەڵام باجی ئەم سەقامگیرییە لەناوبردنی ئۆپۆزیسیۆن و مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی سیاسی، ئیداری و ئابووری بوو لە دەستی کۆمەڵێک بڕواپێکراوی ئەسەددا کە لە عەلەوییەکان پێکدەهاتن. ئەسەدی باوک بە درێژایی 30 ساڵ هەوڵی دا خۆی وەکوو پارێزەر و نوێنەری راستەقینەی ناسیۆنالیزمی سێکولاری عەرەبی نیشانبدات.

ئەسەدی کوڕیش لە 11 ساڵی یەکەمی دەسەڵاتیدا هەوڵی دا درێژە بە هەمان ئەو رێگەیە بدا، بەڵام شەڕی نێوخۆیی شەش ساڵە و بەشداریی کارای ئێران و میلیشیا شیعەکان کۆتایی بەو دروشمە هێنا کە بە بۆچوونی تارق عوسمان "بۆ شاردنەوەی باڵادەستیی تایفی کەمینەیەکی عەلەوی بەسەر زۆرینەی سوننەدا بەکاردەهێنرا".

بە بۆچوونی تارق عوسمان، گەڕانەوە بۆ دۆخی 2011 لەڕووی ئابووریشەوە زیانبەخشە، لەبەر ئەوەی دەسەڵات لەدەستی کەمینەدا دەهێڵێتەوە، بەمەش ئابووریی وڵات لەدەستی بازنەی سەرەوەی دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە. چڕبوونەوەی دەسەڵاتی ناوەند بڕیاری ئابووریی لاواز و گەندەڵیی بەرفراوانی لێدەکەوێتەوە". بەو پێیەش سووریا بۆ ماوەیەکی درێژ لەدوای شەڕ وابەستەی هاریکاریی وڵاتانی دەرەوە دەبێت، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئێران و رووسیا.

لێکۆڵەرە میسرییەکە پێیوایە هەڵمەتی گۆڕینی دیمۆگرافی لە سووریا لەلایەن ئەسەدەوە بۆ ئەوەیە پێگەی دەسەڵاتی کەمینە لە ناوچە شارییەکان (کە شادەماری بازرگانی و ئابووریی سووریان) بەهێزتر بکات، بەڵام تارق عوسمان پێیوایە ئەم روانگەیە کورتبینانەیە لەبەر ئەوەی "زۆربەی سوورییەکان حکومەت بە هۆکاری کوژرانی سەدان هەزار کەس و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس دەزانن، ئەم هەستە لە ساڵانی داهاتوودا هۆکاری سەرەکیی رق بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی دەبێت" و بناغەی ناسەقامگیریی نوێ و قووڵتر لە سووریای داهاتوودا دادەنێت.

تارق حەسەن کە بە یەکێک لە شارەزاترین لێکۆڵەرانی بەهاری عەرەبی دەزانرێت، دەڵێت بۆ ئەوەی دانوستاندنەکانی ئاشتیی سووریا کاریگەر بن، پێویستە زۆر بە جدی بیر لە پلانی گۆڕینی دیمۆگرافیی سووریا لەسەر دەستی بەشار ئەسەد بکرێتەوە و بوەستێنرێ، پێشبینی دەکرێت رووسیا کۆمەڵێک پاڵنەری هەیە بۆ ئەوەی رێگە لەم سیاسەتەی ئەسەد بگرێت. یەکەمیان ئەوەیە وەستاندنی گۆڕینی دیمۆگرافی هەڕەشە لە مانەوەی ئەسەد ناکات. دووەمیان ئەوەیە رووسیا چارەسەری سیاسی دەوێت و بێ وەستاندنی ئەو گۆڕینە دیمۆگرافییە چارەسەری سیاسی ئاسان نییە.

لە کۆتایی وتارەکەیدا، نووسەرە میسرییەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە رەنگە شەڕی نێوخۆی سووریا بەبێ راگرتنی ئەو پلانەی حکومەتیش کۆتایی بێت، بەڵام کۆتاییەکی کورتخایەن دەبێت، لەبەر ئەوەی دوای تەواو بوونی شەڕ هەزاران کۆچبەر و پەنابەر دەگەڕێنەوە سووریا، یان ئاوارەکان داوای گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەکەن. لە کاتێکدا زۆربەیان ئەسەد بە هۆکاری راگواستنیان لە ناوچەکانیان و دابڕانیان لە میراتی مێژوویی خۆیان دەزانن.

---

## وەزارەتی دەرەوە...

# ئەڵقە لاوازەکەی ئیدارەی ترامپ

رووداو - هەولێر

کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتی دەرەوە بە رێژەی 30% و بڕیاری سەرلەنوێ رێکخستنەوەی وەزارەتەکە، ئەو گومانەی دروستکردووە کە گەورەترین دامەزراوەی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەمریکا چیدی لە ئەولەویەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکادا نییە. بەڵام زانیارییە نوێیەکان ئاشکرای دەکەن کە هەنگاوەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رۆڵی بەرچاویان هەیە لە سەرهەڵدانی ناکۆکی و بێ متمانەیی لەناو وەزارەتی دەرەوەدا.

کێشەکان لە نهۆمی حەوتەمی وەزارەتی دەرەوە دەستپێدەکەن کە ژمارەیەکی زۆر کەلوپەل بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژوورەکانی دابینکراوە. ئەو ژوورانە بۆ کۆمەڵێک راوێژکار و یاریدەدەری دەرەوەی ستافی هەمیشەیی وەزارەتەکەن. ژمارەیەک بەرپرس و کاربەدەستی دەرەوەی وەزارەتەکە بە گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکییان راگەیاندووە ئەو فراوانکردنە نوێیە بۆ ئەوەیە "وەزارەتێکی هاوتەریب" لەنێو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا دروست بکەن و بە کردەوە وەزیر و راوێژکارەکانی لە کارمەند و ستافی هەمیشەیی وەزارەتەکە دابڕێنن.

گۆڤارە ئەمریکییەکە لەگەڵ زیاتر لە 30 کاربەدەستی ئێستا و پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا قسەی کردووە و هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کۆشکی سپی گوێ بە کار و بڕیارەکانی وەزارەتی دەرەوە نادات و "میراتی چەندین دەیە کاری دیپلۆماتیکی ئەمریکایان تووشی مەترسی کردووە".

> میدیاکانی ئەمریکا دەنگۆی دەست لەکارکێشانەوەی تیلەرسن لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەیان بڵاوکردەوە

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوە دەڵێت: "ئێستا زۆربەی رۆژەکانم بەوە تێدەپەڕێت کە بیر لە تێکەڵ و پێکەڵییەکان بکەینەوە، هیچ روئیایەک نەماوە".

لە سەرەتای دەستبەکاربوونیدا، هیوایەکی زۆر هەبوو رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بتوانێت لە روئیای ترەمپدا شوێنێکی بەرز بۆ وەزارەتی دەرەوە بکاتەوە، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی پێشتر بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئێکسۆن مۆبیل بووە و ئەزموونێکی باشی دانوستاندنی هەیە. بەڵام بە گوتەی بەرپرسانی ئێستا و پێشووی وەزارەتەکە، ئیدارەی ترەمپ "وەزارەتی دەرەوەی پوکاندووەتەوە، کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگری رۆڵی وەزارەتی دەرەوەیان لە هەوڵە دیپلۆماسییەکاندا سفر کردووە".

بەگوتەی یەکێک لە بەرپرسانی وەزارەتەکە "کێشەکە ئەوەیە هیچ کەسێک نییە دامەزراوەی وەزارەتی دەرەوە بپارێزێت، هیچ کەسێک نییە پێمان بڵێت چی روودەدات؟".

تەنیا چەند هەفتەیەک دوای دەستبەکاربوونی ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی، ژمارەیەکی زۆر دیپلۆماتی کۆنی وەزارەتەکە لەسەر کار لادران و هیچ کەسێک بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکانیان دانەنراوە. ئەوەش بێ متمانەییەکی زۆری لە نێو وەزارەتەکەدا دروستکرد. لەناو ئەو پۆستانەش پۆستی باڵیۆز و راوێژکاری وەزیر بۆ کاروباری ناوچەکان هەیە.

ئەو بۆشاییەی بەهۆی لادانی ئەو بەرپرس و ستافە دروستبووە کێشەی بڕیاردانی بۆ وەزارەتی دەرەوە دروستکردووە. نموونەی ئەمە لە داواکردنی 79 ملیۆن دۆلار بۆ بەرەنگاربوونەوەی تۆڕی پەیام ناردنی داعشدا دەبینرێت. بە گوتەی یەکێک لە بەرپرسان، ئەم داوایە چەندینجار لەلایەن بازنەکەی نزیک تیلەرسنەوە نووسراوە و گفتوگۆی لەسەر کراوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ بڕیارێک لەو رووەوە نەدراوە.

بەرپرسێکی پێشووی وەزارەتی دەرەوە کە بەمدواییە دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە، کێشەکە تەنیا کەمبوونەوەی ستاف نییە، بەڵکو "هیچ کەسێک دەسەڵاتی بڕیاردانی پێ نەدراوە، ئەو شێوازە رۆتینییەی پێشتر زانیارییەکانی پێ ئاڵوگۆڕ دەکرا ئێستا نەماوە".



لاوازیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کاتێکدایە کە جیهان لەگەڵ چەند قەیرانی گەورەی چارەنووسساز بەرەوڕووە

بەرپرسان و دیپلۆماتەکانی وەزارەتی دەرەوە دەڵێن تیلەرسن لە نهۆمی حەوتەم بازنەیەک لە باوەڕپێکراوەکانی خۆی دروستکردووە و خۆی لە بەشەکانی دیکەی وەزارەت دابڕاندووە. لە نێوان باوەڕپێکراوەکانی وەزیری دەرەوەدا کۆمەڵێک ناو زەقن، لەوانە مارگارێت پیتەرلین، بەرپرسی دیوانی وەزارەت و برایان هووک بەڕێوەبەری پلانی وەزارەت کە لە سەردەمی جۆرج بوشی کوڕیش لە وەزارەتی دەرەوە کاری کردبوو.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (فۆرین پۆلسی)، جگە لە هووک، هیچکام لە باوەڕپێکراوەکانی تیلەرسن پێشتر لە وەزارەتی دەرەوە کاریان نەکردووە. بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەش دەڵێت: "ئەو بازنەیە بە ئەنقەست هەوڵدەدەن خەڵکی شارەزا و بە ئەزموون لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، وەکوو بڵێی کەیفیان بە کەسانی بە ئەزموون نایەت".

کێشە نێوخۆییەکانی وەزارەتی دەرەوە تەنیا لەناو باڵەخانە و ئۆفیسەکانی وەزارەتی دەرەوەدا نەماون، بەڵکو ناوەندە دیپلۆماسییەکانی وڵاتانی دیکەشی نیگەران کردووە. فۆرین پۆلسی لەگەڵ دەیان باڵیۆز و بەرپرسی دیپلۆماسی وڵاتان قسەی کردووە، بەشێکیان گلەیی ئەوەیان هەیە کە نازانن قسە لەگەڵ کام بەشی وەزارەتەکە بکەن، هەندێک لە باڵیۆزەکان گلەیی ئەوەیان کردووە کە تیلەرسن وەڵامی تەلەفۆنەکانیان ناداتەوە، بۆیە ناچار بوون پەیامی خۆیان بە کۆشکی سپی یان جارد کۆشنەر، زاوا و راوێژکاری ترەمپ و ئیڤانکای کچی ترەمپدا بنێرن.

دیپلۆماتێکی ئەورووپیش دەڵێت "پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سنووردار کردووە، لەبەر ئەوەی لە کاتی دەستبەکاربوونی ترەمپەوە چیدی هەست ناکەین تیلەرسن بەشدارییەکی ئەوتۆی (لە بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەدا) هەبێت".

لاوازیی وەزارەتی دەرەوە لە کاتێکدایە کە جیهان لەگەڵ چەند قەیرانی گەورەی وەکوو تیرۆریزم، سیستەمی مووشەکی کۆریای باکوور و ئێران، قەیرانی دیپلۆماسیی کەنداو، شەڕی سووریا، بەهێزبوونی رووسیا و هەڕەشەکانی لەسەر رۆژهەڵاتی ئەورووپا بەرەوڕووە و زۆربەی ئەو کێشانەش تەنیا بە رێگەچارەی دیپلۆماتیک و پەیوەندییەکانی دەرەوە چارەسەر دەکرێن.

لاوازیی وەزارەتی دەرەوە یەکێک لە هۆکارەکانی سیاسەتی لێکدژی کۆشکی سپی بووە لە ئاست کێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان. بۆ نموونە هەڵوێستی دژبەیەکی وەزارەتی دەرەوە، کۆشکی سپی و پێنتاگۆن بەرامبەر کێشەی نێوان قەتەر و چوار وڵاتە عەرەبییەکە. بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت "ئاکامی گەشتە یەک هەفتەییەکەی تیلەرسن بۆ ناوچەی کەنداو و دانیشتن لەگەڵ لایەنەکانی کێشەکە تەنیا یەک تویتی سەرۆکی ئەمریکا بوو".

تۆماس کانتریمان کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی شەش سەرۆکی ئەمریکادا کاری دیپلۆماسیی کردووە و لە مانگی یەکی ئەمساڵدا خانەنشین بوو، هۆشداری دەدات کە "هیچکات ورەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هێندەی ئێستا لە خوار نەبووە".

بە گوتەی کانتریمان ئەو دۆخەی ئێستا دیپلۆماتەکانی ئەمریکای تێدایە زۆر لەو دۆخە خراپترە کە وەزارەتی دەرەوە بەهۆی بەرپرسیارێتی ئەخلاقییەوە لە کاتی شەڕێکی وەکوو شەڕی عێراق تووشی دەبوون.

کەسانی نزیک لە تیلەرسن دەڵێن ئەو وەزیرە خۆیشی لە پۆستەکە ماندوو بووە، میدیاکانی ئەمریکا دەنگۆی دەست لەکارکێشانەوەی تیلەرسن لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەیان بڵاوکردەوە. گوتەبێژی وەزارەتەکە دەنگۆکانی رەتکردەوە، بەڵام یاریدەدەرێکی نزیک لە وەزیری دەرەوە دەڵێت "تیلەرسن قینی لە پۆستەکەیە و بۆ ماوەیەکی زۆر لەو شوێنە نامێنێتەوە".



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# لەدەستدانی دۆست و پەیداکردنی دوژمن

وەک نوکتە باس دەکرێت کە گوایا (بە هوشتریان گوتووە ملت گێڕە، ئەویش گوتوویەتی جا کوێم گێڕ نییە)، پەرژینێکی قایم بێت لە عموومی مەملەکەت، بۆ بەدبەختیی ئەم کۆمەڵگەی کوردییەش، دەست بۆ هەرچییەکی دەبەیت هەر گێڕە، یەکێک لەو گرفتانەی ئێمە ئەوەیە شتەکان تێکەڵ دەکەین. تۆ ئەگەر پێت وابێت کوردیش وەک گەلانی تری دونیا شایستەی ئەوەن بە سەربەخۆیی بژین، ئیتر خەڵکانێک بەو جۆرە لێت دەڕوانن تۆ کۆیلەی دەسەڵاتی، لە کاتێکدا ئەگەر بڕیاربێت یەکێک کۆیلە بێت، دەبێ ئەوەیان بێت کە میللەتەکەی بە شایستەی سەربەخۆیی نازانێت.

ئەمە دیوێکی کێشەکەیە، لە بەرامبەردا ئەوانەش کەم نین کە ڕەخنە و ناڕەزایەتی لە هێز و کارەکتەرە سیاسی و دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، بە دوژمنایەتیکردنی خواست و ئامانجەکانی میللەتەوە دەبەستنەوە. لە کاتێکدا ئەمەش هاوشێوەی دیوەکەی تر هەر هەڵەیە. وەک چۆن ناکرێ ئەوەی لەگەڵ سەربەخۆیی میللەتەکەی بێت بەو جۆرە وێنا بکرێت کە ڕازییە لە نادادیی دەسەڵات و ئیتر کۆیلە و مەسینەهەڵگر و سەرشۆڕ و خۆفرۆشە، بەو جۆرەش ناکرێت کەسانێک کە ناڕازین لە نادادیی دەسەڵات، بەو جۆرە وێنا بکرێن کە دژی سەربەخۆیی میللەتەکەیانن. پێویستە شتەکان لەیەک جیابکرێنەوە.

هەر ناوێکم لێدەنێن گەردنیان ئازاد بێت، من یەکێکم لەوانەی لە ڕیزی پێشەوەی کاروانی سەربەخۆییم و دەوڵەت بە پرۆسەی تەواوکاریی نەتەوە دەبینم، تا ئەندازەی فاشیبوون باوەڕم بە پێویستیی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان هەیە. ناڕازیشم لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەم، لە نادادی و برسیکردن و هەموو پێشێلکارییەکانی تر. هاندەری ئەوە بوومە کە پێویستە کوردستان ڕێگەی سەربەخۆیی بگرێتە بەر، لێکدانەوەم بۆ ڕووداوەکان و هاوکێشەکانم بەو جۆرە خوێندووەتەوە کە هەلومەرجی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لە بەرژەوەندیی کوردن ئەگەر ئیرادەی ئەوەی هەبێت کار بۆ دەوڵەتی کوردستان بکات.

ئێستاش باوەڕی تەواوم هەیە کە بە درێژایی مێژوو کەمجار دەرفەتی لەم جۆرە بۆ کوردستان هاتووەتە پێش بتوانێت بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، ئەگەر ئەم هەل و دەرفەتە لەدەست بدەین، بۆ دەیان ساڵی تر میللەتەکەمان لەبەردەم ڕەشەکوژیی دەسەڵاتدارانی ئەم ناوچەیەدا دەبێت قوربانیی گەورە بدات بۆ مانەوەی خۆی. بەڵام کێشەکە لێرەدایە، وەک چۆن لە ڕابردوودا نە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و نە سەرکردەکانی ئێمە لە ئاستی بەرپرسیارێتی قۆناغەکە نەبوون، هەڵوێست و ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی ڕابردووش ئومێدبەخش نەبوون.

دەرفەتێک دروستبووە کورد بتوانێت بەهۆیەوە لە خراپترین حاڵەتدا چەند هەنگاوێک بچێتە پێش، بەڵام خەریکە نەک دەرفەتەکە لەدەست دەدەین، بەڵکوو خودی دەرفەتەکە ببێتە مەترسی بۆ سەر ئایندەمان. ئەمە نەک تەنها بۆ دۆخی ناوخۆی کوردستان ڕاستە کە بەهۆی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرفەتەکان درزی یەکڕیزیی کوردی بە ئەندازەیەک گەورە کردەوە توانای زۆری دەوێت بۆ چاککردنەوەی، خەریکە لەسەر پەیوەندی و دۆستەکانی دەرەوەشمان ڕەنگ دەداتەوە. ڕەنگە ئێستا هەست بە مەترسی ڕەنجاندنی دۆستەکانمان نەکەین و بێباکیش بین لەوەی دۆستەکانمان ببن بە دوژمن، ئەو تێزە ڕاستە کە نە دۆستی هەمیشەیی و نە دوژمنی هەتاهەتایی هەن و ناکرێ کورد پێچەوانەی ئەم زانستە بێت، بەڵام دۆستایەتی و دوژمنایەتی پەیوەستە بە بوونی بەرژەوەندییەوە، ئێستا بێ بوونی ئەو بەرژەوەندیانە خەریکە هاوکێشەکە لە ئێمە تێکدەچێت.

چارەکە سەدەیەکە ئێران وەک یەکێک لە ئامرازەکانی لەسەرپێوەستانی هەرێمی کوردستان دەبینرێت، بۆ نیو سەدە دەچێت ستایشی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان کورد و شیعە دەکەین، ئێستا پەیوەندییەکان بەرەو دوژمنایەتی دەچن. هەمیشە بە شانازییەوە باس لە فتوای مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق (ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم) دەکرا کە فتوای حەرامکردنی کوشتنی کوردی داوە، لە کاتێکدا دەسەڵاتی ئەوکاتی عێراق ویستوویەتی کورد کۆمەڵکوژ بکات، بەڵام ئێستا (عەمار حەکیم) نەوەی موحسین ئەلحەکیم کە خۆی و ڕەوتە ئاینی و سیاسییەکەشیان تا چەند مانگێک پێش ئێستا دۆست و پشتیوانی کورد بوون، خەریکە سەنگەرمان لێدەگرێت. دوور نییە سبەی ئەم دەنگە لە مەرجەعە ئاینییەکانی تری شیعە و دۆستەکانی تر لەناو عەرەبی سوننە و شیعە و تەنانەت لە پێکهاتەکانی تریشەوە ببیستین.

ئەگەر بڕیار بێت ئێمە لە عێراق جیابینەوە، یان لە چوارچێوە و شکڵێکی تردا لەگەڵ عێراق بمێنینەوە، مەحکومین بەوەی هاوکێشەکە بەو جۆرە ڕابگرین کە دۆستمان لە بەغدا زۆربێت. لەحاڵێکدا ئەگەر لە هەموو لایەنە عێراقییەکان نائومێد بووین و پێمانوایە توانای هەزمکردنی کوردیان نییە و تا ئەو ئاستە دۆستی کوردن کە ژێردەستەیان بین، بەڵام ناکرێ بەم دیدەوە لە هەڵوێستی دەوڵەتانیش بڕوانین. ئێستا ئەورووپا و ئەمریکا لە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ کات هەڵوێستیان پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستانە، پێیانوایە وادەی گونجاو بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان لەم دۆخەدا لەبار نییە. نەیانگوتووە ئێمە دژی ماف و ئیرادەی گەلی کوردین، نەشیانگوتووە ئێمە ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان ناگرین، بەڵام بە زمانێکی دیپلۆماسیانە پێمان دەڵێن کاتەکەی گونجاو نییە.

ناکرێ ئێمە هیچ ئیعتیبارێک بۆ ئەم کاردانەوە و ئامۆژگارییە دۆستانەیەی ئەمریکا و ئەورووپا دانەنێین. لەکاتێکدا لە 25 ساڵی ڕابردوودا دووجار هەرێمی کوردستان کەوتووەتە بەر هەڕەشەی تیرۆر: (ئەنساری ئیسلام و داعش)، هەردوو جارەکە ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی بەهانامانەوە هاتوون و ئەوان نەبوایەن ئێستا ڕەنگە کوردستان لە دۆخێکی وەک سووریا زۆر خراپتر بووایە. مەترسی پشتگوێخستنی داواکاریی ئەورووپی و ئەمریکییەکان مەرج نییە ڕاستەوخۆ بەو جۆرە بێت کە ئیتر پشت بکەنە کوردستان لەکاتێکدا بەرژەوەندییەکی زۆریان لەم ناوچەیە هەیە، بەڵام سبەی بەغدا و دراوسێکان بە چاوێکی کەمترەوە لێمان دەڕوانن. پێشتر بەغدا پێی وابوو ئەمریکا و ئەورووپا و تورکیا هەموو پشتیوانی کوردن، ئێستا ئەوان بە بەغدا دەڵێن ئێمە لەم دۆخەدا پشتگیری لەم خواستەی کورد ناکەین، کەواتە سەرئەنجام بەغدا نەک نایەتە پێشەوە بۆ ئەوەی نائومێدییەکانی کورد بڕەوێنێتەوە، بەڵکوو بێمنەتتر دەبێت لێمان.

هیچکات لەگەڵ ئەوە نیم کورد دەستبەرداری خواستەکانی بێت، خوازیاری ئەوەش نیم سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەژێر هیچ گوشارێکدا سازش لەسەر مافی چارەنووسی گەلی کورد بکات، بەڵام پێویستمان بە گرتنەبەری ئەو ڕێگایانەیە کە لە بڕیاردان لە مافی چارەنووس نزیکمان دەکاتەوە، یەکێک لەو ڕێگا بێ مەترسیانەش پەیداکردنی پشتیوانیی دەوڵەتان و هێزە عێراقییەکانە کە ئێستا بەهۆی ڕەنگدانەوە و لێکەوتەی کێشە ناوخۆییەکان خەریکە ئەو پشتیوانیانە لەدەست دەدەین، بۆیە باشترین کارێک ئێستا بکرێت قۆستنەوەی دەرفەتە بۆ گۆڕینی سەرنجی ئەو دۆستانە، نەک بە ئینکاریکردن بیانکەین بە دوژمن. نەوەت ساڵە ئێمە بەرگەی مەینەتییەکانی عێراقیبوون دەگرین، دونیا وێران نابێت نەوەت ڕۆژی تر بدەین بەوانەی لە کۆمەڵکوژیی عێراق دەمانپارێزن.



بەختیار کەریم

# دەوڵەتی هەرێمی کوردستان

ئەم ناونیشانەی سەرەوە دژوازییەکی ڕوونی تێدایە، چونکە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵە لە چوارچێوەی عێراقدا، کەواتە چۆن دەکرێت بڵێین دەوڵەتی هەرێمی کوردستان؟

مەبەست لەم ناونیشانەی سەرەوە و ناوەڕۆکی ئەم وتارە، ئەوەیە کە هەوڵی سەربەخۆیی لە کوردستان بۆ بەدەوڵەتکردنی هەرێمی کوردستانە، واتا گۆڕینی پێگەی هەرێمی کوردستانە لە هەرێمێکی فیدراڵەوە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ و جودا لە عێراق. ئەمەش بەتەواوی جیاوازە لە دروستکردن و بونیاتنانی دەوڵەت لەسەر بنەمای دیدگا و جیهانبینییەکی ڕوون، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ستراتیژی پێشوەخت ئامادەکراو بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێزەکان لەدەوری پرۆژەی دەوڵەتسازی.

لە چەند وتارێکی پێشتردا باسمان لەوە کردووە کە ڕابەرانی ڕیفراندۆم لە بۆشاییەکی هزریی سەیردا دەژین. ئێستا زیاتر لە مانگێک پاش بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، نەیانتوانیوە دیدگایەکی ڕوون لەبارەی دەوڵەتی ئایندە پێشکەش بکەن. هۆکاری ئەمەش ڕازیبوونی ئەوانە لە دۆخی هەرێمی کوردستان، واتا تەنها هەوڵیان بۆ بەدەوڵەتکردنی هەرێمی کوردستانە بەو شێوەیەی کە هەیە.

لەبەرامبەردا، ڕابەرانی دژەڕیفراندۆم لە سەرلێشێوانێکی هزریی خراپتر لەوەی ڕابەرانی ڕیفراندۆمدا دەژین. ئەوان کە ناڕازین لە دۆخی کوردستان، بەڵام پێداگریی لەسەر ئەو چەقبەستنە دەکەن کە هەیە، پێداگری لەسەر مانەوەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا و دواخستنی سەربەخۆیی تا ئەوکاتەی هەرێمی کوردستان دەچێتە دۆخێکی نموونەییەوە!

بەکورتی ئێستا خەڵکی کوردستان لەبەردەم بژارەی مانەوەیە لەگەڵ عێراق یان بەدەوڵەتکردنی هەرێمی کوردستان (بە ناوچە تازە ئازادکراوەکانەوە). هیچ یەکێک لەم دوو بژارەیەش بێ ڕیسک و مەترسی نین، بەڵام بەڵگەکانی نزیکەی سەدەیەک ژیان لەگەڵ عێراقی کۆن و نزیکەی دەیە و نیوێک ژیان لەگەڵ "عێراقی نوێ"، نیشانی دەدەن کە مانەوە لەگەڵ عێراق مەترسییەکانی زۆر زیاترن لە مەترسییەکانی بەدەوڵەتکردنی هەرێمی کوردستان.

سەرەڕای نەبوونی هیچ دیدگایەک بۆ دەوڵەتی کوردستان، ئەو هەرێمی کوردستانەی ئێستا هەیە زۆر شایستەترە لە عێراق بۆ ئەوەی خاوەنی دەوڵەت بێت. بەپێچەوانەی بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرە فاڵگرەوەکان، دەوڵەتی کوردستان بەو هەموو کەموکورییەی ئێستایەوە نابێتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو. لەڕاستیدا دەوڵەتی ئێستای عێراق باشترین نموونەی دەوڵەتی شکستخواردووە، دەوڵەتێک کە توانای کۆنترۆڵکردنی توندوتیژیی نەبێت، توندوتیژی و زەبروزەنگ هەموو هاووڵاتییەکانی دەکاتە ئامانج، وەک ئەوەی ئێستا ڕۆژانە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق دەیبینین.

ئەو هەلومەرجەی ڕیفراندۆمی تێدا ئەنجام دەدرێت، نموونەیی نییە. هەرێمی کوردستان ئەزموونی کۆمەڵێک قەیران دەکات و لە تەنگژەیەکی سیاسیی ڕاستەقینەدا دەژی. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو کەموکورییە، سەرەڕای گەندەڵی، پێشێلکاری و یاساشکێنی، سەرەڕای ئەوەی سەرکردایەتی حیزبەکان ئەم هەرێمەیان کردووە بە هۆتێلێکی تایبەت، هێشتا هەرێمی کوردستان بەهەموو واتایەک چەندین فرسەخ لەپێش عێراقەوەیە. ئەمە لە زۆربەی بوارەکاندا ڕاستە، مافی مرۆڤ، ئازادییە ئاینییەکان و تاکەکەسییەکان، بەشداریی سیاسی و هەموو ئەو بوارانەی کە بۆ هاووڵاتیی ئاسایی گرنگن. تەنها لەبواری ئابووریدا، عێراق بەهۆی پاڵپشتییە نێودەوڵەتییەکانەوە کە هەرێمی کوردستانی لێ بێبەش دەکرێت، توانیویەتی مووچەی فەرمانبەران دابین بکات، بەڵام لەڕووی ژێرخانی ئابوورییەوە، هەرێمی کوردستان بەو هەموو کەموکورییەوە لە زۆربەی ناوچەکانی تری عێراق زۆر باشترە، ئەمەش ڕێ خۆش دەکات بۆ چاککردنەوەی دۆخی ئابووری، ئەگەر حکومەت ستراتیژی ئابووریی ژیرانە دابنێت!

بواری ئاسایش کە گرنگترین پایەی دەوڵەتە، لە هەرێمی کوردستان زۆر باشترە لە عێراق. دەوڵەتی شکستخواردووی عێراق، نەیتوانی هاووڵاتیانی زیاتر لە نیوەی خاکی دەوڵەتەکەی بپارێزێت، بەشێکی زۆری ناوچەکان پێشمەرگە پاراستنی و بەشێکی تریشی وەک بینیمان کەوتنە ژێر دەستی داعش. تەنها پاش هاوکاریی دارایی، لۆجستی، سەربازی ئاسمانی و زەمینیی نێودەوڵەتی، ئەوجا هێزە عێراقییەکان توانییان بەشێکی ئەو ناوچانە لەدەستی داعش دەربهێنن و پێشکەشی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیی بکەن!

دۆخی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان زۆر باشترە لە عێراق. لەڕاستیدا لە عێراق دەبێت وەک دەرمان بۆ مەسیحی و ئێزیدی بگەڕێیت، چونکە شاڵاوی یەکەمی پاکتاوی ئاینیی/مەزهەبی ئەم گرووپانەی کردە ئامانج و هەموویان بە ناچاری ڕوویان لە هەندەران یان هەرێمی کوردستان کرد. بەشێکی زۆر لە ناوچە سوننییەکان پاکتاوکراون، بە تکریتی پایتەختی دیکتاتۆری پێشووەوە. ئێستا کوردی فەیلی لە بەغدا و ناوچەکانی تر ڕووبەڕووی تەنگپێهەڵچنین و هەڕەشەی پاکتاوی نەژادی دەبنەوە، لەلایەن هاومەزهەبەکانیانەوە. لەکاتێکدا لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی کوردی فەیلی لەسەر بنەمای ئاینی دەنگیان بە شیعەکان دا، کەچی ئەمڕۆ بەناوی شوناسی نەتەوەییەوە هەراسان دەکرێن! لەبەرامبەردا، لە هەرێمی کوردستان، عەرەبە سوننە ئاوارەکانی دەستی برا عەرەبە شیعەکانیان، لەلایەن ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە دەپارێزرێن و هەست بە غەریبی ناکەن، چونکە هەموو خەڵک خەریکە فێری زمانی ئەوان دەبێت، نەک بەپێچەوانەوە!

کەواتە ئێستا بژارەکە لەنێوان هەرێمی کوردستانە (بە سنووری ئێستا و ناوچە تازە ئازادکراوەکان)ەوە کە ببێت بە دەوڵەت لەلایەک و دەوڵەتی ئێستای عێراق بەو شێوەیەی کە هەیە و هەنگاو دەنێت بەرەو ستەمکارییەکی زۆرینەی ئیسلامی-شیعیی هاوشێوەی ئێران.

دەکرێت لەخۆمان بپرسین: ئایا کوردی ئێران لە دۆخی ژیان و ئازادییەکانیان ڕازین، تا ئێمەش ببینە بەشێک لە ئێرانۆچکەیەک کە ناوی عێراقە؟ ئایا عەقڵیەتی سەرانی عێراق و پێگەی کورد لە جیهانبینیی عەرەبی عێراقیدا (بە شیعە و سوننەوە) هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە؟ تا جارێکی تریش شیعر بۆ (برایەتی کورد و عەرەب) بڵێین و "تەئریخ"ێکی ساختە بکەینە بەڵگەی ئەم برایەتییە؟ یان دەبێت لە ئەنفالی ئایندە بترسین، لەکاتێکدا کە هێشتا زامەکانی ئەنفالی ڕابردوو ساڕێژ نەبوون؟

ئەوەی گرنگە بیزانین، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، سەرەتای چیرۆکێکی درێژە کە پێویستە چەندین نەوە بەشداری لە تەواوکردنیدا بکەن. نەوەی یەکەمی دەوڵەت دەبێت سەرسەختانە داکۆکی لە دەوڵەتەکەیان بکەن و بەهەمان گوڕوتینی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەرەکییەکان، ڕووبەڕووی هەڕەشە ناوخۆییەکانیش ببنەوە کە کوشندەترینیان گەندەڵییە. ئەگەر دەوڵەتی کوردستان دروست بوو، تەنها دوژمنێک کە بتوانێت شکستی پێ بهێنێت، دەوڵەتانی دراوسێ نین، بەڵکو نەبوونی ئیرادەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.



بارزان محەممەد ڕەشید - ئەمریکا

# گشتپرسی و داستانی دوو شارا!

"باشترین ڕۆژگار بوو، خراپترین ڕۆژگار بوو. سەردەمی دانایی بوو، سەردەمی گێلایەتی بوو. دەمی بڕوا بوو، دەمی بێ بڕوایی بوو.."، دەستپێکی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی چارلز دیکنز: "داستانی دوو شار"، هەر دەڵێی باسی ئەم سەردەمە دەکات!

باشترین کاتەکانە، زۆر کەس دەڵێن تا نەمان لەگەڵ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیین. خراپترین کاتەکانە؛ زۆر کەس دەڵێن ژێردەستەییان پێ باشترە لە برسێتی. باشترین سەردەمەکانە، هەندێک پێیان وایە ئەو سەرکردەیەی لە سایەی ئاڵای یەکەم کۆماری کوردستاندا لە سەدەی بیستەم لەدایکبووە، لە سایەیدا ئاڵای یەکەم کۆماری کوردستان لە سەدەی بیستویەکەمدا هەڵدەکرێت. خراپترین سەردەمەکانە؛ لە بەشەکەی تردا، هەندێک کەس هیچ شتێکی سەرۆک بارزانییان ناوێت، بە سەربەخۆیی کوردستانیشەوە!

سەردەمێکە کە تێیدا وڵاتانی بڕیاردەری خۆرئاوا لە پاش یەکەم جەنگی جیهانییەوە یەکەم جارە ئاوها لە نزیکەوە دەستێوەردان و بای پاسی پرۆکسیەکانیان بکەن، بەڵام هەروەها سەردەمێکە کە سەرباری هەموو ئیدیعاکانیان، هێشتاش ڕەوشەکە بە نەگونجاو دەزانن بۆ مافی گەلان. ڕۆژگارێکە کە دوژمنانی کورد هەرگیز هێندەی ئێستا لاواز و پەرتەوازە نەبوون، بەڵام هاوکات ڕۆژگارێکە کە تا دێت دڕتر دەبن و کەڵبەی تیژتر پیشانی کورد دەدەن (لە دوانیان باسی گەڕاندنەوەی کوردستان کراوە بۆ پێش 1991). سەردەمێکە کە کورد تێیدا ناتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ داگیرکەرانیدا بکات لەسەر دابینکردنی خزمەت بە وڵاتانی بڕیاردەری زلهێز، بەڵام هاوکات سەردەمێکە کە تێیدا کورد ژمارەیەکی گرنگە لە هاوکێشەی شەڕی تیرۆریزم و لە هاوکێشەی نەوت و گاز، کە ناکرێت نادیدە بگیرێت.

لەگەڵ چارلز دیکنز دەکرێت بەردەوام بین! لەبارترین سەردەمە بۆ سەربەخۆیی، خراپترین سەردەمە بۆ سەربەخۆیی. باشترین کاتەکانە؛ کورد وشە دەنێت بە براکەیەوە نەک گوللە. خراپترین کاتەکانە؛ کورد هەرگیز ئەوەندە دابەش و دژبەیەک نەبووە لە ناوخۆدا.

ئەگەرچی پێدەچێت سەرگوزەشتەی "زۆرینە"ی منەوەرەکانی سلێمانی و مەلای خەتێ وەک ئەوەی باوە، بەو شێوەیە نەبووبن و ڕیوایەتی زەعیف بن، بەڵام خۆ ئەوەتا ئێستا ئێمە شایەتی ڕووداوێکی لەو جۆرەین؛ خەڵکانێک (بە هەر بیانوویەک بێت) دژایەتی سەربەخۆیی دەکەن!

پێدەچێت باشترین ڕۆژگار بێت بۆ گۆڕانکاریی وەک سەربەخۆیی، ماوەیەکی تر دیسانەوە خۆرهەڵاتی نێوین بە کوردستانیشەوە دادەبەزن بۆ دوای دواوەی هەواڵەکان و دیسانەوە سەرتۆپی هەواڵەکان دەبێت بە قورینگێکی بەستەزمان کە بە نەوتی ڕژاوی کەشتییەکی تێکشکاو لە کەناری فلۆریدا، مردار بووەتەوە! شەڕی تیرۆریزم ڕۆژگارێکی ئەوتۆی هێناوەتە ئاراوە کە تا ئێستا زلهێزەکان ڕاستەوخۆ دەست لەناوچەکە وەردەدەن. بەڵام مانگی "سێهەمین جەنگی جیهانی" ئاوا دەبێت و چیتر کوردستان و ناوچەکە لە سەرەوەی لیستی هەواڵەکان نابن!

باشترین ڕۆژگارە، لایەنێک بڕیاری داوە هەنگاو بنێت بەرەو سەربەخۆیی. خراپترین ڕۆژگارە، لایەنێک بڕیاری داوە بگەڕێتەوە ژێر چەتری سایکس پیکۆ و ژێردەستەیی. باشترین سەردەمە، گەلی کوردستان قسەی خۆیان بۆ یەکتری دەکەن، خراپترین سەردەمە، کەس گوێ لەوەی تر ناگرێت!

یەکەم دێڕی "داستانی دوو شار" ئاوها بوو، دەڵێی باسی ئێستا دەکات. کێ دەزانێت! ڕەنگە دوایین دێڕەکەشی باسی کۆتاییەکە بکات: "ئەو کارەی کردم، هەرە باشترین کارێک بوو کە بە درێژایی ژیانم کردبێتم، ئارامییەکی ئەوتۆی پێبەخشیم کە هەرگیز ئارامیی ئاوهام نەچەشتبوو"!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی

rebwar.karim@rudaw.net

# هێڵە سوورەکانی پارتی زەرد بوون

1

بارزانی لەپێناوی سەرخستنی گشتپرسی و هەنگاوی دەستپێکی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور، هەموو جۆرە نەرمییەکی بە حیزبەکەی خۆی نواندووە. هێڵە سوورەکان نەماون و، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، یەک بە یەک کارتەکانی لە دەستی بەرامبەرەکانی دەرهێناوە. مەبدەئی سەرەکی لەم نواندنی نەرمییەدا، مەرج نییە ئەوە بێت کە ئیللا دەبێ لە 25ی ئەیلول گشتپرسی بکرێت، بگرە هەوڵێکی جیدییە بۆ بەرفراوانترکردنی پرۆسەکە. ئەڵبەتە راستییەک هەیە کە دەبێ بەرامبەرەکانی پارتی تێبگەن، بارزانی نە لەژێر گوشار و هەڕەشەی ئەوان و نە هی دەرەکی ئامادە نییە تەسلیمی ئەو شانتاژە سیاسییە بێت، چونکە نە ئەوانەی دەڵێن "نەخێر" و نە ئەوانەیشی کە دەڵێن "ئێستا کاتی نییە"، قسەکانیان قایلکەر نین. پرسیارەکە ئەوەیە ئەدی کەی کاتیەتی؟ ئەگەر ئەوان پێیانوایە کە دەبێ گشتپرسی و هەڵبژاردنە گشتییەکان بەیەکەوە ئەنجام بدرێن، ئەی بۆ ئامادە نین لەگەڵ پارتیدا دانیشن و پەرلەمان کارا بکەنەوە؟ ئەگەر ئارگۆمێنتەکەیان ئەوەیە کە ئامادە نین پەرلەمان بۆ پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کارا بکەنەوە، ئەدی کەواتا کوردستان چ پێویستی بە پەرلەمانە؟ ئەگەر کێشەی ئەوان هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمە، پارتی نەک بۆ هەموارەکەی، تا نەهێشتنی پۆستەکەش لەگەڵدایە، لە 1992 ەوە تا 2006 هەرێمی کوردستان سەرۆکی نەبوو. چی روویدا؟

بە ئاراستەی نێودەوڵەتیش و بەتایبەتیش ئەمریکا کە پێیوایە کاتی ریفراندۆم گونجاو نییە و، مەبەستیانە بکەوێتە دوای هەڵبژاردنەکانی نیسانی ساڵی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، دەکرێ دەرگای دانوستاندنیان لەگەڵ بکرێتەوە و داوای گەرەنتیی یاسایی و نێودەوڵەتییان لێ بکرێت بۆ دیاریکردنی وادەی گشتپرسی و دڵنیایی لەوەی کە هەم پشتیوانی پرۆسەکە دەبن و هەم ئەنجامەکانی قەبوڵ دەکەن. هاوکات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەندێک دەرگای دارایی و سەربازی بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەنەوە تا بتوانێ قەرزی نێودەوڵەتیی راستەوخۆ وەربگرێ و چەکیش بکڕێت.

هەر گۆڕانکارییەک لە ئەنجامدانی وادەی ریفراندۆمدا بکرێت، ئەگەر زامنی یەکڕیزیی ماڵی کوردستان بێت و پشتیوانیی نێودەوڵەتی دەستەبەر بکات، مانای شکستی هیچ کەس و لایەنێک نییە. بگرە سەرکەوتنە.

## 26ی ئەیلول چی روودەدات؟

2

سەرباری هەموو گوشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، ئەگەر زەمینەیەکی نیشتمانی و تەوافوقی لە ناوخۆ، لەسەر وادەی ئەنجامدانی گشتپرسی نەیەتە ئاراوە و، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش نەتوانێ دەستەبەری ئەو مافە بکات و هەر بڵێ کاتی نییە، ئەوا رۆژی 25ی ئەیلول بە دڵنیاییەوە خەڵکی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن. ئەنجامی گشتپرسی هەرچییەک و هەرچۆنێک بێت، دەنگی "بەڵێ" سەردەکەوێت و ئەوەش لە 60% کەمتر نابێ. 26ی ئەیلول بارزانی دێتە بەردەم خەڵکی کوردستان و رایدەگەیەنێت کە ئەو ئەرکی ئەخلاقی، ویژدانی و مێژوویی خۆی بەجێگەیاندووە و لێرە بەدواوە، رێگەی سەربەخۆیی لەبەردەم کورد والآیە، چونکە ئەنجامەکان رەنگدانەوەی ئیرادەی میللەتن کە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. بارزانی پێشتر لە پەیامێکیدا، رایگەیاندبوو کە دەبێ حکومەتی داهاتوو پابەندی ئەو ئەنجامانە بێت و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کار بکات، ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە بارزانی، حکومەتی داهاتووی کوردستان موکەللەف دەکات بەوەی ئەو پرۆسەیە لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دەوروبەردا، بخەنە بەر گفتوگۆ.

ئەرکی حکومەتی داهاتووی کوردستان، ئەرکێکی قورس و تاقەتپڕوکێن دەبێ، بەتایبەتیش گۆڕانی نەخشەی سیاسیی بەغدا کە ئەمریکا مەبەستیەتی وەک ئێستا بمێنێتەوە. هەر بۆیە نایەوێ کورد ببنە فاکتەری بەهێزبوونی مالیکی و ئاراستەی ئێرانی لە بەغدا. کورد ئەوکاتەش دەتوانێ لە دوای گشتپرسی نەخشەرێگایەکی هەبێ بۆ سەرخستنی دیدگای ئەمریکا. بە حوکمی ئەوەی هەڵبژاردنەکانی بەغدا دوای هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەبن (ئەگەر هی کوردستان دوا نەخرێت)، ئەوا نەخشەی سیاسیی کوردستانیش گۆڕانی بەسەردا دێت و رەنگبێ بڕیاردان لە داهاتووی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا یان جۆری وەرگرتنی بڕیاری سیاسی لە کوردستان ئاسانتر بێت.

ئەڵبەتە حکومەت دەکەوێتە ژێر گوشاری ئابووریی زیاتر، بەڵام ئەوە قۆناغێکی راگوزەر دەبێت و قەت لەو کاتانە سەختتر نابێت کە کوردستان لە 1991 تا 1996 لەژێر دوو ئابڵوقەی ئابووریدا خۆی راگرت.

## گۆڕان چی دەوێت؟

3

ئەمریکییەکان بەوجۆرە پرسیارانەی وەک "گۆڕان چی دەوێت؟" دەڵێن: ئەوە پرسیارێکە وەڵامەکەی بایی یەک ملیۆن دۆلارە! چونکە گرفت ئەوە نییە کە خەڵک نەزانێ گۆڕان چی دەوێت، کارەسات ئەوەیە کە گۆڕان خۆیشی نەزانێ چی دەوێت. دەڵێن جارێکیان مەلایەک خوتبە دەدات، روو لە خەڵک دەکات و دەڵێ: میللەت دەزانن؟ ئەوانیش دەڵێن بەڵێ، دەڵێ مادام دەزانن، نایڵێم! خەڵکەکە لێیان دەبێ بە مەراق کە بزانن مەلا دەیویست چی بڵێت؟ بەیانییەکەی دیسان مەلا دەپرسێ دەزانن؟ ئەوجارە دەڵێن نا. مەلا دەڵێ هەر نەزانن باشترە! رۆژی سێیەم دووبارە مەلا روویان تێدەکاتەوە و دەپرسێ. ئەمجارەیان نیوە دەڵێن بەڵێ و نیوەیان دەڵێن نا. مەلاش دەڵێ کەواتا زۆرباشە، ئەوانەی دەزانن، با بەوانەی بڵێن کە نازانن! ئەوەیە حیکایەتی حاڵی سەرکردایەتیی ئێستای بزووتنەوەیەک کە لەرووی سیاسییەوە وا ئیفلیج بووە، توانای بڕیاردانی لەسەر دانیشتن یان دانەنیشتن لەگەڵ پارتی پێ نادرێت، چجای ئەوەی بتوانێ لەگەڵیدا رێکبکەوێ!



د.نەوزاد هێتوتی

# بۆچی دوورکەوتنەوە لە بەغدا چارەسەرە؟

بارزانی لە کۆبوونەوەیەکی مێژووییدا لەگەڵ بەشێکی زۆری پارتە سیاسییەکان لە ئایاری 2017، بڕیاری دا لە 2017/9/25 لە کوردستان گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی دەکرێت. سەرەڕای گوشاری هەندێک لایەنی هەرێمی و تێبینییەکانی بەشێک لە دۆستانی کورد سەبارەت بە کاتی پرۆسەکە کە پێیانوایە ریفراندۆم زیان بە شەڕی دژی داعش و سەقامگیریی عێراق دەگەیەنێت، بەڵام تاوەکو ئێستا سەرکردایەتی کورد پێداگری لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەکە لە کاتی خۆی دەکات.

لێرەدا دەکرێت بپرسین بۆچی سەرکردایەتی کورد دەیەوێت ریفراندۆم ئەنجام بدات و هۆکارەکانی پشت ئەم بڕیارە لەچییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ گومانی تێدا نییە هۆکار زۆرن کە هانی کورد دەدەن هەنگاو بەرەو ریفراندۆم بهاوێژێت، لەوانە هەلومەرجی ناوچەکە و گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان، ئەگەری دووبارە دارشتنەوەی سنوورەکانی سایکس- پیکۆ، ئایندەی نادیاری عێراق و مەترسییەکانی مانەوەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی میلیشیایی و شکستی ئەزموونی سیستەمی فیدراڵی و دیموکراسی لە عێراقی دوای 2003. لێرەدا زیاتر مەبەستمانە فۆکەس بخەینە سەر ئەو فاکتەرەی پەیوەندی بە هەوڵەکانی 14 ساڵی رابردووی بەغداوە هەیە بۆ پاوانکردنی دەسەڵات و پەراوێزخستنی هەموو ئەو پرەنسیپانەی کە رەنگدانەوەی شەراکەت، هاوسەنگی و تەوافوقی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بووە. بێگومان ئەمە یەکێک لەو فاکتەرە هەرە گرنگانە بووە کە وای کردووە هەرێمی کوردستان پێداگری لەسەر سەربەخۆیی و خۆجیاکردنەوە لە عێراق بکات.

دوای رووخانی رژێمی بەعس، سەرکردایەتی کورد وای دەبینی کە بە مانەوە لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵ و دیموکراسیدا، دەتوانێت دەستەبەری مافە نەتەوەییەکانی بکات، بەتایبەتیش لە بەهێزکردن و پاراستنی پێگەی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسی لەسەر بنەما و پرەنسیپی شەراکەتی راستەقینە لە دەسەڵات، دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان و رێگری لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی دەسەڵاتێکی تاکڕەو و خۆسەپێن لە بەغدا کە مەترسی لەسەر ئایندەی هەرێم دروست بکات.

بەرپرسانی کورد لە روانگەی ئەم قەناعەتەوە، بەشدارییەکی کارایان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کرد و رۆڵێکی سەرەکییان بینی لە دارشتن و پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەییدا. بەڵام هەر لە سەرەتای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن پێکهاتەی شیعەوە، بە تایبەت لە سەردەمی نوری مالیکی، ئاماژەکانی پابەندنەبوون بە دەستوور کە خۆی دەبینییەوە لە چەسپاندنی پرەنسیپی شەراکەت، تەوافوق، پراکتیزەکردنی راستەقینەی بنەماکانی سیستەمی فیدراڵی و دیموکراسی، بەدەرکەوتن. دەسەڵاتدارانی بەغدا بە شێوەیەکی سیستماتیک هەموو ئەو پرەنسیپانەی وەک گەرەنتییەک لە دەستووردا دەقنووس کرابوون بۆ رێگرتن لە زاڵبوونی هەژموونی تاکەکەس، تاکە پێکهاتە و تاکە نەتەوە، لەناویان برد و هەوڵەکان چڕکرانەوە بۆ ئاراستەکردنی عێراق بەرەو دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری، تایفەگەرا و بە پاشکۆکردنی هەرێمی کوردستان.

لەم چوارچێوەیەدا بەغدا نەک هەر رێزی لە دەستوور و مافەکانی خەڵکی کوردستان نەگرت، بەڵکو هەوڵی تەواوی دا بۆ رێگرتن لە جێبەجێکردنی مادەی 140، لاوازکردنی هێزی پێشمەرگە، بێبەشکردنی هەرێمی کوردستان لە مومارسەکردنی مافە دەستوورییەکانی. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لەپێناوی گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان بۆ هەندێ مەرامی سیاسی، مالیکی بە بڕیارێکی تاکلایەنە لە ساڵی 2014 دا بودجەی بڕی و ئابڵوقەیەکی سەختی بەسەر کوردستاندا سەپاند.

کورد تەنیا پێکهاتە نەبووە کە لە سایەی فەرمانڕەوایی نوێی شیعەکاندا هەوڵی پەراوێزخستنی درابێت، بەڵکو عەرەبە سوننەکان پێش کورد کەوتنە ژێر گەف و گوشارەکانی دەسەڵاتدارانی بەغدا و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو کەوتنە راوەدوونانی سەرکردە و فیگەرە سیاسییە بەهێزەکانی ناو پێکهاتەی سوننە، بەتایبەتیش ئەوانەی کە بە هەڕەشەیان دەزانین و دەکرا ببنە مەرجەع بۆ کۆکردنەوەی سوننە لە دەوری پرۆژەیەکی سیاسی. نوری مالیکی بە پاڵپشتیی راستەوخۆی ئێران زۆربەی سەرکردە و کەسە دیارەکانی ناو پێکهاتەی سوننەی تەسفیە کرد، جا چ بە دوورخستنەوە و دەستبەسەرکردن یان کوشتنیان. ئەمە یەکێک لەو فاکتەرانە بوو کە دواتر پاڵی بە سوننەوە نا بۆ ناو باوەشی گرووپە تیرۆریستەکانی وەکو داعش بۆ رووبەڕووبوونەوەی گوشاری شیعە.

ئەم سیاسەتی خۆسەپاندنەی نوخبەی شیعەی دەسەڵاتدار لەسەر پرۆسەی سیاسی، نەک هەر وای لە ئەمریکا نەکرد پێگەی خۆی بەکاربێنێ بۆ گوشار خستنە سەر بەغدا تاوەکو پابەندی دەستوور و پرۆسەی دیموکراسی بێت، بەڵکو تەنانەت دوای شکستی لیستەکەی مالیکی لە هەڵبژاردنەکانی 2010، بە پاڵپشتیی ئیدارەی ئۆباما دووبارە نوری مالیکی پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرتەوە. بە تایبەتی ئەوکات روانگە و تێڕوانینی ئەمریکا بەو شێوەیە بوو کە مالیکی کەسێکی عەلمانییە و کەمتر لەژێر هەژموونی ئێراندایە و پاڵپشتیکردنی دەبێتە هۆی زیاتر سەقامگیرکردنی عێراق و کەمکردنەوەی رۆڵی ئێران لە پرۆسەی سیاسیدا. لەلایەکی تریشەوە ئیدارەی ئۆباما وای دەبینی کە بە پاڵپشتیکردنی مالیکی دەتوانێت هێزەکانی لە عێراقدا بەبێ کێشە بکێشێتەوە. بەتایبەت ئەوکات ئەمریکا سیاسەتی خۆکێشانەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پەیڕەو دەکرد و قورسایی سیاسی خۆی زیاتر خستبووە سەر ئاسیای دوور.

دەرئەنجامی هەوڵە خۆسەپێنەرەکانی مالیکی و پێکهاتەی شیعە، ئێستا عێراق بووەتە مەیدانی هەرە سەرەکیی ململانێ و شەڕی تایفیی نێوان شیعە و سوننە و بەهێزبوونی گرووپە تیرۆریستەکان. عێراق نەک هەر نەبوو بە مۆدێلێکی دیموکراسی بۆ دەوڵەتانی دەوروبەر، بەڵکو بووە سەرچاوەی سەرەکی هەناردەکردنی ناسەقامگیری و شەڕی تایفی لە ناوچەکەدا. دوای 14 ساڵ لە فەرمانڕەوایی شیعە، لە عێراقدا هەموو شتێک هەیە جگە لە دەوڵەت، ئەم وڵاتە بە تەواوەتی بە میلیشیایی کراوە و بە سەدان گرووپ و هێزی میلیشیا دروستبوونە کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا نین و ئەگەری زۆر هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بەسەر تەواوی دەسەڵاتدا بگرن.

بویە ناکرێت کورد چارەنووسی خۆی بە دەوڵەتێکەوە گرێبدات کە هیچ ئایندەیەکی دیاری نییە. مانەوەی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی بە میلیشیاکراودا، دوور لە دەسەڵاتێکی دیموکراسی و پابەند بە بنەماکانی شەراکەت، مەزنترین هەڕەشەیە لەسەر ئایندەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و ئەگەر کورد بە شێوەیەکی خێرا هەنگاو نەهاوێژێت بۆ دوورکەوتنەوە لە بەغدا، هەموو دەستکەوتەکانی دەکەونە بەر هەڕەشە و مەترسیی راستەقینە و دەرفەتێکی مەزنیش بۆ سەربەخۆیی لەدەست دەدات.



مەجید نیزامەدین گلی*

دیپلۆماسی

بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداوە لە نەتەوەیەکگرتووەکان

## لە نیویۆرک و واشنتن..

# هەفتەیەکی زۆر خراپ بۆ ئێران

رۆژی 2ی ئابی رابردوو لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا دەربارەی تیرۆریزم، داعش و قاعیدە باسی سەرەکیی گوتاری نوێنەرانی هەموو وڵاتان بوو، تەنها نوێنەری ئەمریکا نەبێت. نیکی هایلی بالیۆزی ئەمریکا تەنها دوو جار ناوی داعشی برد لە کاتێکدا هەشت جار ناوی ئێرانی هێنا و تارانی بە "سپۆنسەری سەرەکیی تیرۆر ناوبرد".

راستە، ئەمە شتێکی نوێ نییە. ترامپ و ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئیدارەکەی لە زووەوە بەو شێوەیە باسی ئێران دەکەن. ئەوەی نوێ بوو کاردانەوەی دیپلۆماتکارانی ئێران و لایەنەکانی نزیک لە ئێران بوو. من ناتوانم کۆتیان بکەم، بەڵام دەتوانم کورتەی کاردانەوەکانیان بە یەک وشە کورتبکەمەوە: ترس.

لە هەمان رۆژ و دوای نزیکەی کاژێرێک لە گوتارەکەی نیکی هایلی، کۆنگرێسی ئەمریکا پرۆژە یاسایەکی پەسەند کرد کە نەک هەر سزای زیاتری خستە سەر ئێران، بەڵکو لە بڕگەی 103ی رەشنووسی پرۆژە بڕیارەکەدا کۆنگرێس وەزارەتی بەرگری و دەرەوە و دەزگاکانی هەواڵگری و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی ئەمریکا رادەسپێرێت کە لە ماوەی 120 رۆژدا ستراتیژییەک دابڕێژن بۆ "بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی ئێران بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا". هەر لە هەمان بڕگەدا ئاماژە بە "گرووپە تایبەتەکانی" سەر بە ئێران دەکات لە عێراق کە لە ریزی حیزبوڵڵا و حەماس و رژێمی ئەسەد دانراون. نیکی هایلی بۆ یەکەمین جار لە باسی خراپیی رۆڵی ئێراندا لە ناوچەکە، باسی عێراقی کرد.

من ناڵێم سبەینێ واشنتن شەڕ لە دژی ئێران و حەشدی شەعبی و لایەنە عێراقییەکانی نزیک لە تاران رادەگەیەنێت، بەڵام رووداوەکانی هەفتەی رابردوو قسەی دیپلۆماتکارێکی وڵاتێکی ئەورووپا دەسەلمێنن کاتێک بە (رووداو)ی راگەیاند "جگە لە وەزارەتی دەرەوە و چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەمریکا، ئێران لە واشنتن کەسی نەماوە".

دیپلۆماتکاران لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەگەر راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا جەنەڕاڵ هێربەرت مکماستەر نەبێت، دۆناڵد ترامپ هەر زوو لە رێککەوتننامە ئەتۆمییەکە دەکشایەوە و بە بۆچوونی من کۆنگرێس و رای گشتیی ئەمریکاش پیرۆزباییان لێدەکرد.

ئێرانییەکان پێشتر دڵیان بەوە خۆش بوو کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و رێکس تێلەرسن پشتگیری لە رێککەوتننامە ئەتۆمییەکە دەکەن. بەڵام ئەوان تەسەوریان نەدەکرد وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەندە پشتگوێ بخرێت لە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا. بەگوێرەی راپۆرتی میدیاکانی ئەمریکا و گلەیی ئاشکرای چەند دیپلۆماتکارێکی ئەمریکی لە نەتەوەیەکگرتووەکان، رێکس تێلەرسن و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە (وەکو برێت ماکگۆرگ)، لە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا تا رادەیەکی زۆر پەراوێزخراون.

هەفتەی رابردوو کۆنگرێس بە پەسەندکردنی پرۆژەیاسایەک بۆ سزادانی ئێران- هەروەها رووسیا و کۆریای باکوور- دەسەڵاتێکی زۆری بەخۆی دا لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. ئەمەش لە بەرژەوەندیی ئێران نییە و باوەڕ ناکەم کەس لە تاران دڵی بە زیادبوونی دەسەڵاتی کۆنگرێس خۆشبێت، چونکە یەک ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا نییە ئێران بە هەڕەشە نەزانێت بۆ ئەمریکا.

> ئێرانییەکان پێشتر دڵیان بەوە خۆش بوو کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و رێکس تێلەرسن پشتگیری لە رێککەوتننامە ئەتۆمییەکە دەکەن

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET
RÛDAW



# بارهەڵگرەکەی نینا لە بەسرە گیری خواردووە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل
هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: | rudaw@rudaw.net



# چەکی ئەتۆمی لە جیهاندا

ئێستا **14945** چەکی ئەتۆمی لە جیهاندا هەن

ئەمریکا
ڕووسیا
چین
بەریتانیا
فەرەنسا

**5** وڵات بە حکومەتی ئەتۆمی ناسراون:
ئەم پێنج وڵاتە پەیماننامەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمییان واژۆ کردووە

**4** وڵاتی دیکەش چەکی ئەتۆمییان هەیە:
کۆریای باکوور، هیندستان، پاکستان، ئیسرائیل

ئەو چوار وڵاتە **360** چەکی ئەتۆمییان هەیە.
پەیماننامەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمییان واژۆ نەکردووە

**٪88**ی کۆگای مووشەکی ئەتۆمی جیهان لە ڕووسیا و ئەمریکایە

مووشەکی ئەتۆمی ڕووسیا و ئەمریکا **6600** مێگاتۆنە

واتە **٪10**ی ئەو وزەیەی زەوی لە خولەکێکدا لە خۆری وەردەگرێت

**یەک بۆمبی B_83ی ئەمریکا:**
لە 24 کاژێردا 1.4 ملیۆن کەس دەکوژێت و 3.7 ملیۆن کەس بریندار و ژەهراوی دەکات.

**مەودای تیشکدانەوە:**
13 کیلۆمەتر

**بۆمبی سێزار:**
ئەگەر لە نیویۆرک بدرێت 7.6 ملیۆن کەس دەکوژێت و 4.2 ملیۆن بریندار و ژەهراوی دەکات.

## ژمارەی کلاوەی ئەتۆمیی وڵاتان:

| وڵات | ژمارە | سڕکراون | ئەمبارکراون | خراونەتە سەر چەکە ئەتۆمییەکان |
|---|---|---|---|---|
| ڕووسیا | 7000 | 2510 | 4500 | 1765 |
| ئەمریکا | 6800 | 2800 | 4081 | 1411 |
| بەریتانیا | 215 | | | |
| چین | 270 | | | |
| فەرەنسا | 300 | | | |
| پاکستان | 140 | | | |
| هیندستان | 130 | | | |
| ئیسرائیل | 80 | | | |
| کۆریای باکوور | 10 | | | |



پوتین و ترەمپ داوای پەرەپێدانی توانای ئەتۆمیی وڵاتەکانیان دەکەن



# بەکارهێنانی ئاو لە جیهاندا

## تێکڕای بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئاو لە وڵاتان:

ئەمریکا: 570 لیتر
ئوسترالیا: 500 لیتر
بەریتانیا: 150 لیتر

## سامانی ئاوی پاکی جیهان:

**٪2.5** ئاوی جیهان شیرینە
**٪97.5** ئاوی جیهان سوێرە
**٪70** ئاوی پاکی جیهان لە سەهۆڵەکانی جەمسەری باکوور و باشوورە
**٪30** ئاوی پاکی جیهان ژێرزەمینییە
**٪1** ئاوی جیهان بۆ بەکارهێنان
تێکڕای بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئاو لە خێزانێکی ئەفریقی: **23** لیتر

هەموو 15 چرکەیەک منداڵێک بە هۆی نەبوونی ئاوی پاک دەمرێت

ساڵانە 3.4 ملیۆن کەس بە هۆی نەخۆشییەکانی پەیوەندیدار بە ئاوەوە دەمرن

1.1 ملیۆن کەس لە جیهاندا ئاوی پاکیان لەبەر دەست نییە

خواستی ئاو لە 10 ساڵی داهاتوودا ٪40 زیاد دەکات

## دەست پێوەگرتن بە ئاو ئاسانە:

- 36 لیتر ئاو کەمتر بەکاردەهێنیت ئەگەر لەکاتی دەست یان ددان شۆردن شێرەکە بگریتەوە
- کەمکردنەوەی ماوەی دووش لە 10 خولەک بۆ 5 خولەک 23 لیتر بەکارهێنانی ئاو کەمدەکاتەوە
- مەکینەی قاپ شۆردن 11 بەرامبەر کەمتر ئاو بەکاردەهێنێت
- تەنیا لەکاتی پڕبوون مەکینەی جلشۆرەکەت داگیرسێنە بۆ ئەوەی 4500 لیتر ئاو کەمتر بەکاربهێنیت
- چاککردنی شێرە و توالێتی ڕۆژئاوایی مانگانە 4500 لیتر ئاو پاشەکەوت دەکات